# ماموستای کورد



١٩

پاییزی ١٩٩٣

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd

# ماموستای کوردی

19

Autumn 1993

# مامۆستای کورد

ژماره ۱۹ ، پاییزی ۱۹۹۳

سەرنووسەر : فەرهاد شاکەلی

ناونیشان : Address

**MAMOSTAY KURD**
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| نامە | ٣ |
| نە ... نە ... ی کوردی و هێندێ لە دەستوورەکانی (زمانەوانی) : مەسعوود محەمەد | ٨ |
| شاعیرێک لە نێوان دوو تێکشکاندا : ڕێبوار سیوەیلی | ١٤ |
| هونەرمەند عوسمان قادر | ١٩ |
| بە یادی هێنێنی هارالد هانسن | ٢٠ |
| بە یادی عوسمان سەبری | ٢١ |
| دوو شیعر : لەتیف هەڵمەت | ٢٢ |
| ئاڵقەی مەرگ (چیرۆک) : عەلی حەسەنیانی (هاوار) | ٢٣ |
| ژیننامەی شاعیر و نووسەری کۆچکردوو عەلی حەسەنیانی : هێدی | ٢٦ |
| دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ٢٩ |
| کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل : ساسۆن | ٣٠ |
| کۆنگرەی شووشان (شیعر) : عەبدوڵڵا پەشێو | ٣٧ |
| ڕانانی کتێبان ؛ * مەسەلەی کورد و ڕووناکبیرانی عەرەب : هەندرین | ٣٨ |
| * شارەزایی و ناشارەزایی : مەلا بەختیار | ٤٠ |
| نە دووریی یاران (شیعر) : ئەحمەد محەمەد عەلی | ٤١ |
| ژێ : مەهاباد قەرەداغی | ٤٢ |
| کتێبخانەی مامۆستای کورد | ٤٣ |
| دەستنووسێکی فارسی و مێژووی کورد : ئەنوەری سوڵتانی | ٥١ |
| شیوەنی برا (شیعر) : ژ . گەرمیانی | ٦٤ |
| تابلۆیەک : عوسمان قادر | ٦٥ |
| سێ سەربازی نەناسراو : کاکەباس | ٦٦ |
| * هەڵگورد عەبدولوەهاب | |
| * ئیبراهیم مەولوود | |
| * ئیدریس لاوە | |
| نیشانەیەک بۆ مامۆستای کورد | ٧١ |
| بانگەوازی گۆڤاری دیموکراسی | ٧٢ |
| تابلۆیەک : عوسمان قادر | ٧٣ |
| مردنێکی باش - پیاوێک ، تفەنگێک - (چیرۆک) : گیلبەرت گراوس | ٧٤ |


**ڕێکخستنی هونەری و مۆنتاژ : ئاسۆ گەرمیانی**

**تابلۆکانی ئەم ژمارەیە : هونەرمەند عوسمان قادر**



# نامە

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی
بەشی کارگێڕیی گەنجینە

ژمارە : ٨٢١٩
ڕۆژ : ١٩٩٣/٧/٢٠

بۆ / بەڕێز سەر نووسەری مامۆستای کورد

هەموو کاتێکتان شاد ...

هەواڵتان دەپرسین، ئومێدی بەردەوامی و زێدەبەخشین و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین . حەز دەکەین سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ئەمڕۆکە سەرباری دەرچوونی ژمارەیەکی بەرچاو گۆڤاری کوردی لە هەندەران ، کەچی ئەو گۆڤارانە هەم بە ژمارەیەکی کەم بلاو دەکرێنەوە و هەم دەست کەسانێکی تایبەت دەکەون و زۆربەی خوێندەوارانی کوردیان لێ بێبەشن. ئەمە لە کاتێکدا کە دەبوو - هیچ نەبێت - دانەیەکی هەر ژمارەیەک لەو گۆڤارانە پێشکەشی کتێبخانە گشتییەکانی شارەکانی کوردستان و نامەخانەی زانکۆو پەیمانگاو کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان بکرێت . تا لەو ڕێگەیەوە خەڵکانێک بتوانن بە ئاسانی بۆ خوێندنەوەو کەڵک لێ وەرگرتن وەری بگرن..... جا بۆیە ئێمە وەکو پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی داواکارین لایەکی دڵسۆزانەمان لێ بکەنەوە و بە گۆڤاری مامۆستای کورد کتێبخانەکەمان بڕازێننەوە ، تا بتوانین ئەو بەرهەمە بە پێزە بخەینە بەر دەستی مامۆستا و خوێندکارانمان .

دیارە ئەم داوایەی ئێمەیش لەوەوە هاتووە کە هێندەی ئێمە پێ بزانین و بە پێی ئەو ژمارانەی کە دیومانن " مامۆستای کورد " گۆڤارێکی بەش بەخۆی نموونەیی‌یەو ناوەڕۆکی بابەتەکانی بۆ ئەم قۆناخەی کۆمەڵگەی کوردستان بەسوودن و کەلێنێکی باش پڕ دەکەنەوە .

هیوادارین بە دەنگ داواکەمانەوە بێن .

سوپاستان دەکەین ، خۆشبن، هەر بژین.

ڕەفیق ساڵح ئەحمەد
سەرۆکی بەشی کارگێڕی گەنجینە

---

براگیان ئێمە زۆر پێخۆشحاڵین کە دەبینین گۆڤاری مامۆستای کورد بە سایەی ئێوەوە وا پێشکەوتووە. برای بەڕێز بەپێویستم زانی بە ناوی کتێبخانەی گشتییەوە لە سلێمانی ئەم نامەیەت بۆ بنووسم بۆ ئەوەی ئەگەر لە توانات هەیە هەموو ژمارەکانی مامۆستای کورد ، ئەوەی دەرچووە و ئەوەش دەر دەچێت، بنێرن بۆ کتێبخانەی گشتی لە سلێمانی ، چونکە ئەوێ جێگەیەکی زۆر گرنگە بۆ هەموو کەسێک.

ئیتر زۆر سوپاستان ئەکەین.

حەمە عەلی فەرەج ساڵح
٢٣ ی/ تەمووزی / ١٩٩٣
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی
کوردستانی عێراق

---

ببوورن زۆر درەنگ وەڵامم دانەوە ، لەبەر ئەوەی چووبووم بۆ کوردستانی خواروو ، لە پاش ١٨ ساڵ دووری .. بەڵام جێگای داخە کە وەک چاوم پێ کەوت ، کوردستان دوو طەبەقەیە : ١- سەرەوەی ئاغا و دزەکانی کە بۆ ئێران کوردستان تاڵان دەکەن .

٢- چینی ناوەندی و [چینی] هەژار کە بوون بە یەک چین ( هەژار ). جا نازانم کەی ئەم وەزعە ناهەموارە چاک دەبێت..؟

لە لایەن خۆمانەوە ، لە سانفرانسیسکۆوە هەندێک دەرمانی پێویستیم بۆ زانکۆی سلێمانی و کۆلیجی پزیشکی بە دیاری بردبوو ... بە ڕاستی جێگای ستایشن ئەو ڕۆڵە کوردە خوێندەوارانەی زانکۆی سلێمانی و پزیشکانی لە خۆ بووردووی کوردستان ، هەر بژین بۆ کورد و کوردستان.

ح. ص - کالیفۆرنیا
٩٣ / ٩ / ١٠

... پڕ بە دڵ هەواڵتان پرسیار دەکەم و هیوای تەندروستی و لەشساغیتان بۆ دەخوازم. سڵاوی گەرم و پڕ لە خۆشەویستی پێشکەش بە ئێوە دەکەم ، مامۆستایانی پایەبەرزی گەلی کورد کە بەبێ وچان هەوڵ ئەدەن لە پێناو خزمەت بە گەلی چەوساوەی کورد، خزمەت بەو گەلەی کە تەواوی جیهان بۆ چەوساندنەوە و لەناوبردنی هەوڵ ئەدەن ، بەڵام گەلێک و خاکێک کە قەت نامرن ، خاکێک کە جێگای مرۆڤی سەرەتایی‌ی جیهانەو گەلێک کە ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤی هەموو گەلانە.

خاکی کوردستان و گەلی کورد کانییەکی ڕوون و سەرچاوەی مێژووی جیهانن، کە هەزاران ساڵە بەربەرەکانێی لە گەڵدا دەکرێ ، بەڵام هەتا گەلی کورد خاوەنی ئەو شاخ و کێوە و ڕووناکبیرانی کورد و کورددۆست بێ ، هیچ کات ناتوێتەوە و هەر دەمێنێ.

ساسۆن ٧ / ٩ / ١٩٩٣

بێت شەمەش - ئیسرائیل

... ئەمەش داخێکە کە هەندێ لە نووسەران و ڕۆشنبیران ، هێرش دەبەنە سەر ڕێ و ڕەسم و فەرهەنگی کورد و بە دواکەوتووی لە قەڵەم دەدەن . ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر هەستی خۆ بە کەم زانین بەرانبەر بەربڵاویی نوێکردنەوە لە جیهانی ئەمڕۆدا ، بە تایبەتی لە ئەورووپا . لای هەموومان ئاشکرا و ڕوونە کە نووسەر باشترین هۆیە بۆ تێگەیاندن و ئاراستە کردنی خەڵک بۆ ڕێگای ڕاستەقینەی ژیان ... دەبێ ئێمە ئەمەمان لە یاد نەچێ کە کورد خاوەنی ڕێ و ڕەسمی تایبەتی خۆیەتی ، کە لە هیچ میللەتێکی وەرنەگرتووە . ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بە گوێرەی ڕێ و ڕەسمی خۆمان هەڵس و کەوت بکەین نەک لە ناو ڕێ و ڕەسمی میللەتانی جیهاندا بتوێینەوە ...

حەیدەر حەیدەری

مۆێلندال - سوێد

٨ / ٩ / ١٩٩٣

ئێستاش ڕۆژ هەر ڕۆژی ماستاوچی و ڕووپاییکاران و دوو ڕووانە . لە کوردستاندا ... لە کوردستانی ئازاد دا ڕۆژنامە زۆر زۆرە ، بەڵام سەد داخ زۆر و بۆرە . لێرە پارەیەکی زۆر زۆر لە پێناوی ڕاگەیاندندا خەرج دەکرێت ... بەڵام هەزار داخ ڕاگەیاندن ، چ نووسین و چ دەنگ و ڕەنگ ، لە ئاستێکی نزمدایە ... لێرە هەندێ جار بۆرە خوێندەوارێکیش ئەگەر خزمێکی هەبێ لە سوڵتەی حکوومەتی کوردستاندا دەستەڵاتی هەبێ ... بە نامەیەکی ئەو خزمە دەبێتە ڕۆژنامەنووس ، دەبێتە بێژەری ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن ... لەوانەیە ببێ بە سکرتێرو بەڕێوەبەری نووسینیش. لێرە دیاردەی ناپەسەند و نابەجێ زۆرە. باوی چەقۆکێش و تیرەبازی و خێڵایەتی گەڕاوەتەوە. فلان دەستی دەڕوا ، ڕەوە مەڕ ڕادەگرێ و زەوی و زار بۆخۆی پاوان دەکات . فلانیش لە گوندێکی کاول کراودا ڤێللایەکی ئەورووپییانەی تایبەتی بۆخۆی دروست دەکات و پاسەوانی بۆ ڕادەگرێ ... و فلان خزمی فلانە کەسە ، با هیچی لە باردا نەبێ .. دەبێ وەزیفەیەکی باشی بۆ دابین بکرێ ... یا با دزیش بکات ، دەبێ چاوپۆشیی لێ بکرێ ... کۆمەڵە زەردەواڵەیەک پوورە هەنگیان داگیر کردووە و خۆیان تا ڕادەی ڕشانەوە و سکچوون دەخۆن و هەنگەکانیش هەر ئەوەندەیان دەدرێتێ لەبرسا نەمرن و بەردەوام هەنگوین دروست بکەن.

شەوی ڕەوەکەی ١٩٩١ ، لە کاتێکدا کە ترسنۆکەکان ڕایان دەکرد ، دەیان هەزار لاوی خوێنگەرم و تەمەن مام ناوەندی و پیری دڵسۆز بە نێر و مێوە ، لە شەقامەکانی سلێمانیدا تاوەکوو نیوەشەو لەبەردەم بارەگاکاندا داوای چەکیان دەکرد . کۆمەڵێک چووین بۆ لای بەرپرسیارێکی ناسراو و داوای چەکمان کرد ... دەستی گرتم و چپاندی بە گوێما و وتی : کاک فلان کەس ، بڕۆ خۆت ڕزگار کە ، وا دەبابە گەیشتووەتە تاسلووجە... !

لێرە نرخی بازاڕ بە ئارەزووی بازرگانەکانە و قسەی بازرگانەکان لە سەرووی یاساوەیە ، چونکە وەک باس دەکرێ هەندێ لە بەرپرسیارانی شار هاوبەشی قازانجن لە گەڵ بازرگانەکاندا و پشتگیرییان لێ دەکەن ... بەڵام هەرچۆنێ بێ .. مادەم ئازادم و سێبەری بەعس و جەللادە ڕەوشتنزمەکانی لە کوردستانەوە دوورە ، ئامادەم بە برسێتیش بەرگری لەم ئازادییە بکەم کە



لەوەتی هەم خەوم پێوە بینیوە ... ئەم ئازادییە هی منە هی ئەوان نییە...

خەڵکی دڵسۆزی ئێرە ( مامۆستای کورد ) یان زۆر زۆر پێ خۆشە ... بەڕاستی شەڕ بوو لە سەری ...حەز دەکەم لە مامۆستای کورددا هەموو جارێ ، یاخود جار بە جار باسی یەکێ لە هونەرمەندانی کوردی ئاوارەبووی هەندەران بکرێ. نموونەی شیعری نوێی سوێدی بڵاوبکرێتەوە.حەز دەکەم مامۆستای کورد جار بە جار ئاوڕ لە بەرهەمی بۆ منداڵان نووسراو بداتەوە.

کاکی ڕزگار - سلێمانی

تەمووزی ١٩٩٣

نازانم چی بنووسم ؟! خۆزیا تووشی ئەم وەرامدانەوەیە نە ئەبووم ؟! چونکە ئەوەی چاوەڕێم نەئەکرد ، ئەوەی سەرسامی کردم و لێوی داخ و خەمێکی لە ناکاوی پێ کرۆشتم ، ئەو نامەیە بوو کە کاک لەتیف هەڵمەت لە ژمارەی (١٧- ١٨) ی گۆڤاری مامۆستای کورددا و لە لاپەڕەی ( ٣ ) دا بڵاوی کردبۆوە. تۆ بڵێیت ئەمە ڕاست بێت ؟! بڕوام نە ئەکرد وەک ئەوەی چاوم فێڵم لێ بکات ! وەک ئەوەی خەوێکی ناخۆش ببینم ! لێتان ناشارمەوە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم چەند دڵۆپ فرمێسک ڕوومەتیان تەڕ کردم. لەبەر خۆمەوە وتم « ئاخر بۆ ؟! وەک چاوەڕوانی سوپاسم نەکردووی ، برینداریشم مەکە » دیسانەوە لە دڵی خۆمدا وتم « ئێستە کوردێکی دوورە وڵات و ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگادار نین و ئەم نامەیە ئەخوێننەوە، ئەڵێن : دە فەرموو کار گەیشتۆتە ڕادەیەک دوای ئەوەی شێرکۆ بێکەس بووە بە وەزیر ئەوەتا شاعیرێکی هاوڕێی خۆی ئەچەوسێنێتەوە و بە ٢,٧٥٠ پاداشتی ئەداتەوە !! جگە لەوەیش وام ئەهاتە پێش چاو کە لەلای خۆیانەوە چەند چەمۆڵەیەکیشم لێ بنێن ! بەڵام ئایا لە ڕاستیدا ئەمە وایە ؟! یان کاک لەتیف لە ساتەوەختێکی هەڵچووندا و بێ ئەوەی چاوەڕوانی سەرەنجامی داواکانی بکات، ئەو نامەیەی نووسیوە ؟!

دە فەرموو ئێوە و هەموو حەقیقەتەکان: لە سەردانەوەیەکدا بۆ سلێمانی ، کاک « لەتیف » م بینی و ئەویش لە زەرفێکدا کۆمەڵێ کاغەزی پێچراوەی دامێ و پێی وتم : ئەمانە هەندێ داواکاریی هەق و حقووقی وەزیفین ، ئەگەر ئەو خزمەتانەم بۆ حساب بکرێن سوپاستان ئەکەم .. منیش وتم : وەی بەسەر چاو ئەوەی بە من بکرێ و بۆ تۆی نەکەم ئەی بۆ کێی بکەم . زەرفەکەم لێ وەر گرت و خستمە جانتا دەستییەکەمەوەو گەڕامەوە بۆ هەولێر . بۆ ڕۆژی دوایی یەکەم ئیشم ئەوە بوو بەرپرسی بەشی ئیدارە و خۆیەتییم بانگ کرد و پێم وت « ئەمانە هەندێ داواکاریی کاک لەتیف هەڵمەتی شاعیرن تکایە بایەخیان پێ بدە و جێبەجێیان بکە ». هەڵبەت هەر کەسێ تۆزقاڵێ لە کاروباری ئیداری و قانوون بزانێ ، ئەوەی لا ئاشکرایە، مەرج نییە هەموو داوایەک جێبەجێ بکرێ. یان چەند داوایەک لە یەک وەختدا هەر هەمووی پێکەوە ئەنجام بدرێن. هەیانە دەرحاڵ ئەکرێ و هەیشیانە وەختی ئەوێ و ڕەزامەندیی شوێنی تر . با مەسەلەکە وردتر بکەینەوە ، بۆ نموونە : زیادە مووچەی ساڵانە (عەلاوە) وەک کارێکی ڕۆتین نە پێویست بەوە ئەکات و نە بە کەسی تر ، لە کاتی خۆیدا جێبەجێ ئەکرێ. بەڵام حسابکردنی چەند ساڵێک خزمەتی کرێکاری بۆ ئەوەی بخرێنە سەر خزمەتی فەرمانبەری، لێکۆڵینەوەی زیاتر و وەختی زۆرتری ئەوێ. یان گۆڕینی ناونیشانی وەزیفی و تەرخانکردنی پلە بۆی ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی و ئابووریی ئەوێ و ئەمەیش ماوەیەک ئەخایەنێ . دەربارەی داواکانی کاک لەتیف ، لێپرسراوی بەشی ئیدارە و خۆیەتی وەختێ تەماشای داواکانی کاک لەتیف ئەکەن - بە گوێرەی ئەوەی کە نووسیویەتی دەرچووی ناوەندییە - دوای تاوتوو کردن و بە پێی بڕگەکانی قانوونی خزمەتی مەدەنی ئەبینن : پێویستە دوو دینار و حەوسەت و پەنجا فلس بخرێتە سەر مووچەکەی ئێستەی ئینجا لە گەڵ بەڵگەنامەی دەرچووی ناوەندیدا بەرانبەر ئەوەستێتەوە . واتە مووچەکەی بە پێی شەهادە و خزمەتی خۆی بۆ ڕاست ئەکەنەوە . ئەمە قانوونە و نە من دامناوە و نە من ئەتوانم بیگۆڕم ، جا ئیتر شێرکۆ وەزیر بێ یان گزیر ، ئەمە دەستوورە و سنووری بۆ کێشراو . ئەمەش هیچ ناوێکی پاداشت و بەتەنگەوە هاتنی لێ نەنراوە . ئیتر ئەبێ ئەمە چ پەیوەندی بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە

بەعسی نەبوون و بە مل کەچ نەکردنەوە هەبێ ؟! ئەمە ئەگەر نوکتەیش بێ نوکتەی قانوونە ، نەک شێرکۆ بێکەس ، بۆ کوڕی باش و بۆ کوڕی خراپیش (عەلاوە) ی سالآنە هەر عەلاوەیە ، ئەو دوو دینار و حەوسەدو پەنجا فلسە نە ئەکرێ بە پەنجا و یەک فلس ، نە بە چل و نۆ فلسیش ، ئەوەی بۆ ماوەیەکی کەمیش کاروباری ئیداری کردبێ ئەمە ئەزانێت و سەیریش ئەوەیە چەندین ساڵە کاک لەتیف فەرمانبەرە ، چۆن لەمن نەگەیشتووە !! دیارە دوای ئەوەی کاک لەتیف ئەم ئەمرەی پێ ئەگات دەم و دەست ئەو نامەیەی نووسیوە .. بەلآم بە داخەوە کاک لەتیف پەلەی کردووە و ئەمە هەنگاوی یەکەم بووە بۆ ڕاست کردنەوەی مووچەکەی و ئیتر چاوەڕوانی نەکردووە بزانێ چیتری بە دوادا دێ . چونکە هەر دوا بە دوای ئەو فەرمانە ، لە پاش ماوەیەک بە گوێرەی فەرمانی وەزاری ژمارە ١١٢٦ ی ڕۆژی ١٠ / ٤ / ١٩٩٣ واتە دوای نووسینی ئەو نامەیە بە هەشت ڕۆژ ، مووچەکە لە ١٢٧ دینارەوە کرا بە ١٤٨ دینار دوای ئەوەی خزمەتی شەش ساڵ و هەشت مانگی کرێکاریی لەوەوبەری بۆ حساب کرا کە پێشتر بۆی حساب نەکرابوو ، دیسان دووای ئەوە لە پاش نزیکەی مانگ و نیوێکی تر ناونیشـانی وەزیفەکەیشـی لـــە ( صحاف ) وە گۆڕدرا بە ( محرر ) بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە ١٧٢١ لە ٢٤ / ٥ / ١٩٩٣ دا ، ئەمەیش ماوەیەکی خایاند چونکە پێویستی بە ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەبوو . بە کورتی هەرچی داخوازییەکی کاک لەتیف هەبوو جێبەجێ کران یەک داخوازی نەبێ ، ئەویش حساب کردنی خزمەت کردنی عەسکەرییەکەی بوو، خۆ ئەویش ( لە ڕووی قانوونییەوە ئەکرا ) ئەگەر کاک لەتیف تەئییدی ئەو ماوەی خزمەتانەی خۆی لەو ( وحدە عەسکەرییانە )وە بهێنایە کە لەوەبەر کاری تێدا کردوون . بەلآم دیارە ئەمە ناکرێ چونکە ئیتر ئەو لە کوردستانی ئازاددا ئەژی و کوردستانیش لە هەموو ڕوویەکی ئیداری و عەسکەری و سیاسییەو پەیوەندی بە ڕژێمەوە نەماوە . با لەمانە هەمووی گەڕێین ، ئەی ئایا ڕاستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سەرەڕای باری نالەباری ئابووری و نەبوونی هیچ ئاورێکی لە هونەرمەندان و ئەدیبان نەدابێتەوە ؟! بە قەدەر توانا یارمەتی نەدابن ؟! با لە پێشدا کاک لەتیف خۆی قسە بکات ، کە ئایا لە ماوەی ئەو ساڵەدا چەند جارێک بە شێوەی ( خەلآت ـ موکافەئە) ئاوری لێ نەدراوەتەوە؟! ئەوەندەی لە توانادا بووە ، ئەگینا منیش ئەزانم ئەو یارمەتییانە لە ڕۆژێکی گرانیی وەک ئەمڕۆدا ڕەنگە چ نەبن .. بەلآم تواناکە هەر ئەوەندەیە و هەرچییەکیش بۆ ئەدیبان و هونەرمەندانی ڕاستەقینە بکرێ هێشتا هەر کەمە . لە لایەکی تریشەوە پێویستە ئەمە بڵێم کە هەر لە ماوەی ئەو ساڵەدا زیاد لە (٧٠ ) ئەدیب و هونەرمەند بە شێوەی ( عەقد ) لەم وەزارەتەدا دامەزراون کە لەوەوبەر بەشی هەرە زۆریان بێکار بوون. بەلآم چی بکەین ڕووی نەبوونی ڕەش بێ ، کە هەر ئەوەندەمان لە دەست هاتووە. بە گوێرەی نامەکەی کاک ( لەتیف ) من ئەگەر بمتوانیایە مووچەکەی بکەم بەو مووچەیەی کە خۆی پێی ڕازی بێ - کە دیارە ئەمە ناکرێ ـ ئەوا دیارە ئەوسا من بە هەزار چنگ ئەم کورسییەم نەئەگرت ! با کاکـ لەتیف و هەموو دنیایش گوێیان لەوە بێت : ئەم کورسیی وەزارەتانە ئێمە هەر خۆمان دروستمان کردوون ، بەش بە حاڵی خۆیشم تکاکار نەبووم و نابم بۆ ئەوەی لەسەر ئەو کورسییانە دانیشم. من بالآی شیعرەکانی خۆم سەد قات لەو کورسییانە بەرزتر و گەورەتر ئەزانم . هەموو کورسی و پلە و پایەیەکیش بە تەمەنێکی کورت و بە کەفەژیلکەی ژیان ئەزانم . ئەوەی بۆ من بمێنێتەوە دوو شیعری جوانە نەک وەزیری . کەسیش نەهاتووە بۆ ئەوەی ئەم کورسییە تاپۆ بکات و ناشکرێ و ناشـبێ . ئێمە لە ڕێگەی دەنگدان و خۆشەویستیی خەڵکی کوردستانەوە هاتووینە ئەم جێگایە. ئەرکێکی نیشتمانییە و ئەوان بە ئێمەیان سپاردووە . مایەی شانازیشمە کە لە مێژووی میللەتەکەمدا و دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ببمە یەکەمین وەزیری ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان .

ئەشێت کەسانی تر بۆ ناو و ناوبانگ پێویستییان بەو کورسییانە بێت بەلآم ناو و ناوبانگی ( شێرکۆ ) ی شاعیر بەر لە ناوو ناوبانگی ( شێرکۆ ) ی وەزیر بووە . ئەمە حەقیقەتێکە منداڵێکیش لە کوردستاندا ئەیزانێ ، بۆیە حەز ئەکەم دڵنیات بکەم لەوەی من خۆم خاوەنی هەردوو دەستی خۆمم ، کەسایەتیشم لەوە قایمترە خۆم بە هیچ کورسییەکدا هەڵواسم . ڕۆژانیش ڕۆژی تری لە دوایە و گەر نەمردین ئەبینیت لەم تاقی کردنەوەیشدا بە بێ ئەوەی بکەومە خوارەوە و دەم و پلم خوێنی لێ بێ ! وەک چۆن لە کاتی خۆیدا و بە ئیرادەی خۆم و پشت بە خۆشەویستیی میللەتەکەم و بڕوای هاوڕێیانم سەرکەوتمە سەر ئەم کورسییە ، هەر ئاوایش لە کاتی پێویستدا بە هێواشی و بە ساغ و سەلامەتی لێی دێمە خوارەوە !

شێرکۆ بێکەس
هەولێر ٢٦ / ٦ / ١٩٩٣

## گلەیی و سکالآم لای کێ بکەم ؟!

لە مێژ بوو بە تەمابووم دەرچم و ولآت بۆ چەکمەبۆران بەجێ بێڵم ، چونکە بە تەمای هیچ نەمابووم ! ماڵ و حاڵم تالآن کرا، داگیر کرا ! مناڵەکانم بۆ کوێ و بۆ لای کێ ببردایە؟ دەستم لە کێ پان بکردایەتەوە؟ من خۆم ملیۆنێر بووم ، مقاول بووم، سەدان خانووم لە هەولێر و شەقلآوە هەبوو ! بەلآم هیچیان دادی هیچی نەدام ! ناچار بووم ملی ڕێگا بگرم و هەمووی بەجێ بێڵم ، بەلآم بۆ دەرچوون و ولآت بەجێ هیشتنیش هەر دەبێ خەڵک بناسی، خەڵکی بەدەسەلآتت لە پشت بێت ! لە سنوور وتیان دەبێ کاغەزت پێ بێت ! منیش زۆر خەمی ئەوەم نەکەوتە دڵ ، چونکە ناسیاویم لەگەڵ بەڕێز کاک مەسعوود بارزانیدا هەبوو. ناچار بووم بچم بۆ لای ، خوا هەڵناگرێ زۆر ڕێزی گرتم ، وتی ئەوی بە ئێمە بکرێ ، بەسەر چاوان، تۆ چاکەت بۆ ئێمە زۆر بووە.
کاک مەسعوود ماڵی ئاوا بێت داوای کرد نامەیان بۆ نووسیم ، ئەمیش دەقی نامەکەیە کە ئێستاش لامە :

پارتی دیموکراتی کوردستان / عیراق
لقـــــا ئێـــک

ژمارە / ٨٢٣
ڕۆژا ٣١ / ٨ / ١٩٩٢

بۆ / مەکتەب جەوازاتا زاخۆ / خەباتکەر

سلافەکا شۆڕشگێڕانە
هەلگریت نڤیسینا مە هەردوو عائیلێت کو ناڤێت وان لخوارێ دیار کرین ، هەڤالێت نزیکێت سەرۆکێنە و دڤێن بچن بو تورکیا ، هێڤیە لدیف تەعلیماتا یا پێتڤی بو بکەن ، و هاریکاریا وان بکەن بو وەرگرتنا ڤیزێ:
١- کامل مەتی سلیمان ٢- سلمی بطرس یوسف
٣- نوال کامل متی٤- هالە کامل متی( دگەل زاروکەکێ )
٥- نوزاد أمجد رفیق ٦- سیروان عثمان حمد
٧- نیاز نوزاد أمجد ٨- نزار نوزاد أمجد
٩- نوشاد نوزاد أمجد ١٠- رائید فواد إبراهیم
ئیدی بۆ پێشڤە ..............

وێنەیەک بۆ /
- م . س . بەشی ریکخستن / نڤیسینا هەوە یا ژمارە ( ١٥٣٦) ل ١٩ / ٨ / ١٩٩٢
بۆ زانین هێڤییە.
م/ ٨/٣١ ......................

نامەکە لێرەدا تەواو بوو، بەلآم پاش هات و چۆو ئەو زەحمەتییەی کاک مەسعوود و سەرەڕای نامەکەیشی، ئەزانی دوو کەس کە بەرپرسی سنوورن لەوێ بە ناوی ( نەقیب ئەکرەم و نەقیب تەحسین ) چییان پێ وتم ؟ وتیان ئەگەر چەند نامەی تری ئاوای کاک مەسعوود یان مام جەلال یان دکتۆر مەحموود بێنی ، ئەوا لوولی دەدەین و دەیکەین بە دۆلار و لە ........ دەنێین. تا ١٧٠٠ دۆلار نەدەیت نابێ دەرچیت!. بۆ ئەم شتانە نەوزاد و سیروان شایەتمن . لەپاش مانگێ هاتو چۆ و هەوڵدان ناچار پارەکەم دا و ئەوسا دەرچووم. جا براینە لە لای کێ باسی بکەم، ئەگەر هەر یەکێ بۆ خۆی فسفس پاڵەوانێک بـێ و ئاوا ڕێزی نامەی سەرۆک بگرن ؟!.
کامل مەتی

# ( نە... نە... ) ی كوردی و هێندێ لە دەستوورەكانی

مەسعوود محەمەد

لە كوردیدا هەردوو شێوە بەكارهێنانی ( نە.. نە.. ) دەستووری و دروستن : دەشێ بڵێین :
نە دارا نە براكەی هاتن .
نە دارا نە براكەی ، نەهاتن .
ڕستەی دووەم ، نەفیەكەی سەر ( نەهاتن ) بۆ تەئكیدە ، تەئكیدیش لە فیعلەوە هەڵدەستێ ، ئەگەر ڕستەی بێفیعل بێت، ڕێژەی ڕستەكە شێوەیەكی دیكە وەردەگرێت ، لە نموونەدا كە گوتمان :
نە دارا نە براكەی نە جوانن.
ئەوسا ( نە جوانن ) دەبێتە ( نفی النفی ). كە ویستت تەئكیدی ناشرینی بكەیت دەبێ بڵێیت : نە دارا نە براكەی جوان نیـــن . ئەم ( نین ) ە لــە بنەڕەتـــــدا ( verb to be )
تێدایە ، بەڵام لە ئاخاوتنی كوردیدا فیعلەكە قرتاوە . كە بیكەیتە فارسی دەڵێی ( نیستند ) كە( هست ) ی بە واتای ( is ) ی تێدایە . كە گوتت : نە دارا نە براكەی جوانن نەفییەكی بێتەئكیدت كردووە.

نموونەیەكی ڕوونكەرەوەی دیكە :
دەزانیت ( هیچمان ، هیچتان ، هیچیان ، هیچ كەسێكمان ، هیچ كەسێك ) هەمووی بۆ نەفیە ، بەڵام كە دەڵێی ( هیچمان نەهاتین ) نابێتە ( نفی النفی ) بەڵكوو ڕێت نییە بڵێی ( هیچمان هاتین ) چونكە ئاخێوەری كورد وەهای مامەڵەت كرد لە گەڵ وشەی ( هیچ ) دا كـــە ئەو نەفیەی تێیدایە هێندە هێـــزەی نەبێـــت بێنیـــازی بـــكات لــــــە ( نە ) ی بـــە واتـــــای Neither .
هەر لەم ڕوانگەی بێهێزیی نەفی ناو وشەی ( هیچ ) ەوە درووستە بڵێی ( فلانە كەس هیچە ، فلانە كەس هیچ نییە ) كە هەردوویان یەك واتایان هەیە : بە پێی ڕووالەتی ( نفی النفی ) دەبوو فلانەكەس هیچ نییە عەكسی ( هیچە ) بگەیەنێ.
نموونەیەكی دیكە :
دەزانیت وشەی ( هەمیشە ) بۆ ئیجابە و ( هەرگیز ) بۆ سەلبە كەچی دەبێ بە ناچاری بیخەیتە سەر ڕستەی نەفی كراوەوە و بڵێیت ( هەرگیز نایەم ، ناڕۆم .. ) وشەی ( هەرگیز ) لە تەكوینی ناوەكیی خۆیدا (تەئكید) هەیە بۆیە داوای (نا) دەكات ، هەر بۆیەشە دەچێتە سەر جوملەی فیعلی.



ڕوونكردنەوەیەكی دیكە : دەتوانیت بڵێیت :
كەسمان نەهات ، كەسمان نەهاتین ، بەڵام ناتوانی بڵێیت : هیچمان نەهات ، هەر دەبێ بڵێیت هیچمان نەهاتین ، هەر وەك كە دەبێ بڵێیت : هیچ كەس نەهات ، ڕێت نییە بڵێیت : هیچ كەس هات .
وشەی ( كەس ) وشەیەكی بەهێز و تەواوە بۆیە دەشێ بڵێیت : هیچ كەسمان نەهاتین ، هیچ كەسمان نەهات .
دەبینیت توانرا ( كەسمان ) وەك تاك و وەك كۆ مامەڵەتی لە گەڵدا بكرێت...

* * *

بە دوای : ( نە دارا نە براكەی هاتن ) و ( نە دارا نە براكەی نەهاتن ) دا دەپرسیت : ئەدی ناشێ بڵێین : ( نە دارا هات نە براكەی ) ؟ . ئەم ڕستەیە نەك هەر ڕاست و ڕەوانە ، بگرە لە جێگەی خۆیدا لە هەموو ڕێژەكانی دیكە لەبارتر و ڕەوانترە ، من هەر ئەوەم گوتووە دوو ڕێژەكەی تر ڕاستن و تەكرار كـــردنـــەوەی« نە» ش نابێتە ( نفی النفی ) بەڵكو بۆ تەئكیدە... ئەمەت وەها بەڵام :
ڕوون كردنەوەیەك پێویستە ناشێ پشت گوێ بخرێت ، ئەویش بەم جۆرەیە : لە كۆبوونەوەی كەسەكاندا [ واتە :قسەكەر، قسە بۆكراو ، قسە لێكراو ـ متكلم ، مخاطب، غائب ] ڕستە بۆ كەسی یەكەم ـ قسە كەر ـ إسناد دەكرێت . دەڵێین : تۆ و من كردمان ـ دارا و من كردمان ـ تۆو دارا و من كردمان . ئەگەر كەسی دووەم و سێیەم لە ڕستەدا بوون . إسنادەكە بۆ كەسی دووەم دەچێتەوە. دەڵێین : دارا و تۆ كردتان .
كە ئەم ڕاستییە زانرا بە پێی داخوازی مەنتیـــقی وتووێژ و دەستوورەكانی دەبێ بیر لەوە بكەینەوە كاتێك ( نە... نە ) لە ڕستەیەكدا بوون كە دوو كەسی لێكتر جودا تێدا( مسند إلیە ـ یان فاعیل ) بوون چۆناو چۆنی گەردانی فیعلی ناو ڕستەكە دەكەین ! بە پێی دەستوورە باسكراوەكانی سەرەوە ئیشكال لەوەدا نییە بڵێین : نە ئێمە نە ئێوە خواردمان [ یان : نەمانخوارد ]. نە ئێوە نە دارا ، نە ئەوان ، نە لەشكری دنیا خواردتان [ یان : نەتانخوارد ]. نە دارا نە خزمەكانی خواردیان [ یان : نەیانخوارد ] . هەروەها ئیشكال لەوەدا نییە بڵێین : نە ئێمە كردمان نە ئێوە ـ نە تۆ كردت نە ئەوان ، نە ئێمە كردمان نە ئەوان ، نە دارا . بەڵام : كە ( ئێمە ، من ، ئێوە ، تۆ ) لە گەڵ ( دارا ) دا كۆ بوونەوە و داراش كەوتە بەرایی ڕستەوە و ( ئێمە ) كەوتە دواوە ، ئایە دەشێ بڵێین : نە دارا كردی نە ئێمە ؟ نە دارا كردی نە ئێوە ؟ فیعلی ( كردی ) بۆ تاكی سێیەمە ، ئایە بە چ تەئویلێك دەبڕێتەوە بۆ ( ئێمە ، ئێوە ، من ، تۆ )؟ من ڕێم بە خۆم نەداوە ئەو بڕیارە بدەم ، لەو باوەڕەدام دەستووری باسكراوی سەرەوە لێرەشدا خۆی ڕەپێش دەكات كە ( إسناد ) بۆ كەسی یەكەمە ئەمجا دووەم ئەمجا سێیەم : مادام كەسی سێیەم پێش كەوت دەبێ كەسی یەكەم و دووەم بە پێی حاڵ فیعلی خۆیانیان پێ بدرێت و بگوترێ : نە دارا كردی نە ئێمە كردمان . نە من كردم نە ئێوە كردتان ـ نە تۆ كردت ... هەروەها كە كەسی دووەم لە پێشەوە هات ، دەبێ كەسی یەكەم فیعلی خۆی پێ بدرێت ... لەحاڵی وەك : نە خزمان كردیان نە دارا ... لزوم نییە فیعلی سەربەخۆ بۆ دارا بێت ، چونكە دارا خۆی تاكێكە لە كۆمەڵەی ( غائب ) . هەروەها دەڵێین ( ئێمە نەمانكرد ، ئێوە نەتانكرد ) ڕێ نییە بگوترێ : نە ئێمە كردمان نە من ـ نە ئێوە كردتان نە تۆ ، چونكە تاكەكان لەناو توێژی كۆمەڵەكاندان .. پێویستە بشڵێم دەشێ لە حاڵەتی ( نە دارا هات نە ئەوان ) ڕستەكە درووست بێت چونكە (غائب ) بۆی هەیە هەزار كەرت و كۆمەڵ و تاكی جودا جودا بن، ئێتر دارا لەوانەیە تاكێكی ( ئەوان ) ی ناو ڕستەكە نەبێت، كەچی كەسی یەكەم و دووەم (متكلم و مخاطب ) لە بەر یەك هەڵناوەشێت...
لە بەراورد كردندا ئەم ( نە ... نە ) یەی كوردی نەك هەر لەگەڵ ناو و ڕاناو بەڵكە لەگەڵ فیعلیش دەڕوات وەك : نە كردم و نە خواردم . ئەم داڕشتنە بۆ كەسەكانی دووەم و سێیەمیش بە ڕەهایی لە كاردایە و فەرقی زۆرە لە گەڵ : نەمكرد و نەمخوارد، ئەمجا ئەگەر لە گەڵ فیعلی مضارعدا بەكار بێت دەڵێین : نە دەكەم و نەدەخۆم.. لەم داڕشتنەدا ئەداتی ( نەفی ) لە گەڵ نیشانەی ( دە ) ی مضارع كۆ بووەتەوە ، ئەگەر مەبەستی تایبەتی لە بەیندا نەبایە ، دەبوو بڵێین : ناكەم و ناخۆم . با بێین لەگەڵ فیعلی ئەمری ناصریح بە كاری بهێنین . لە حیكایەتاندا

زۆر جار مەدحی ماشوقە وەها کراوە کە گوتراوە : نە بکەی نە بخۆی تەماشای سای گەردنی بکەی ... لێرشدا ئەداتی نەفی ( نە ) لە گەڵ ئەداتی ( ب ) ی ئەمر کۆ بوونەتەوە ، بە عادەت ئەگەر مەبەستی تایبەتی لە بەیندا بێت دەڵێین : نەکەی ، نەخۆی ، نەکەین ، نەخۆین، نەکەن ، نەخۆن ، لەگەڵ ئەمری (صریح) دا دەڵێین : مەکە ، مەکەن ، کە دژی ( بکە ، بکەن ) ە . لەوێشدا ( ن ) ی نەهی صریح لە گەڵ ( ب ) ی ئەمر کۆ نەبۆوە ..

من بەر لە چەند ساڵێک لە کوێرەڕێی نەکوتراوی ( فقه اللغة ) ی کوردییەوە ( نەک ڕێزمانی کوردی ) بۆ ئەوە چووم کە ئەداتی مضارع ( دە ) سەرەڕای بەدەستەوە دانی زەمانی ئایندە (إیجابیة)ی ڕوودانیش ڕادەگەیەنێ، بۆیە لە گەڵ ( نفی ) کۆ نابێتەوە چونکە إیجاب و نەفی کۆ نابنەوە ، هەرچی زمانی عەرەبییە ، نیشانەکانی سەرەتای فیعلی مضارع تەنها دەلالەتی زەمانیان هەیە یاخود هێما بۆ زەمان دەکەن نەک بۆ ( وقوع ) ئیتر ( أذهب ، نذهب ، تذهب ... هتد ) دەبێتە ( لا أذهب ، ما نذهب ، ما تذهب ، ما تذهبون ... هتد ) . لە ( إذهبوا ، لا تذهبوا ) دا ئاشکرایە ( لا ) ی نەهی دەخلی بەسەر ئەداتی ( ت ) ی سەرەتای فیعلەکەوە نەبووە ، هەر ( ن )ی کۆتایی ( تذهبون )ی قرتاندن کە پێوەندی بە زەمان و ئیجابییەتەوە نییە . کەچی لە کوردیدا ( بکە ) دەبێتە ( مەکە ) نەک ( مەبکە ) : ئا لێرەشدا نەفی و إیجاب کۆ نەبوونەتەوە . لە ئەمری نا صەریحدا دەڵێین : بکەین ، بکەم ، بکەیت ، بکەن ، .. لە نەهی ناصەریحدا دەڵێین : نەکەین ، نەکەم ، نەکەیت ، نەکەن ، نەکات .. هەمان شکل ( ب ) ی ئەمر و ( إنشاء ) قرتا ... هەر ئەو جۆرە لێکدانەوە بوو خستمیە سەر تەعلیلی ئەداتی نەفی لە فیعلی ماضی و مضارعی لەهجەی جنوبی کە لە ماضیدا دەڵێین : نەچووم . لە مضارعدا ناچم ... دیارە ( نە ) بەهێزترە لە ( نا ) وەک کە ( نەخۆش ، نە پیاو ) نەفی تێیاندا بەهێزترە لە ( ناخۆش ، ناپیاو ) سەبەبیش ئەوەیە کە تۆ نەفی ( چوون ) دەکەیت لە ( ماضی ) دا و دەڵێی : نەچوو ، نەچووین نەفی شتێک دەکەیت لەوانەیە ١٠٠٪ لێی دڵنیایت، کە چی لە ( ناچیت ، ناچین ) دا لەوانەیە ، بە پێچەوانەوە ، چونکە ڕوو بدات و نەفییەکە بپووچێتەوە ـ واتە لە نەفی ڕابردوودا ( یەقین ) هەیە یاخود هەر نەبێ جێی یەقینە ، لە مضارعدا ئەو یەقینە پەیدا نییە .

زمانی کوردی لە بواری خۆیدا وەک هەر زمانێکی دیکەی ئەم جیهانە ، ڕێگەی هەمەجۆری تەعبیری کردۆتەوە : ئەم ( نە ... نە ) یەش نموونەیەکی ( فرە دەستوور ) ە بۆ ڕاگەیاندنی مەبەست . بە ڕوواڵەت لە بۆ دەربڕینی ( وجوب ومنع ) دەبوو هەر ( دەبێ بکەی ، نابێ بکەی ) ڕەوا بێ، کەچی ( دەبێ نەکەی ) ش بە شێوەیەکی بیژۆک خۆی هاویشتۆتە تەعبیرەوە.

شێخ ڕەزا دەڵێ :

(سەییدە و سەیید قسەی سووکی دەبێ دەرحەق نەکەم)

ئەم ( دەبێ ... نەکەم ) ە لە جیاتی مەنعی کردن ئەمری بە نەکردن داوە کە شتێکی مەحاڵ داوا دەکات .. ئەم تەعبیرە ئێستاکە و لەسەردەمی شێخ ڕەزا و پێشتریشدا جێی خۆی کردۆتەوە و توانجی لێ ناگیرێت، بەڵام هەندێ نووسەر کە دەڵێن و دەنووسن ( هەرگیز تۆم خۆش ویستووە .. ) هەمیشەیان تەعطیل کردووە کە بۆ ئیجابە و دژی هەرگیزە. تەنانەت ڕێ نییە بگوترێ ( هەمیشە تۆم خۆش نەویستووە ) هەرچەند لە لایەن واتای گشتیی ڕستەکەوە ( إستحالة ) پەیدا نییە بەڵام سروشتی وشەی ( هەمیشە ) وەک دانەیەکی قامووسی نەفی بە خۆیەوە ناگرێ وەک کە ( دەبێ ) لە شیعری شێخ ڕەزادا نەهی بە خۆیەوە گرت لەو ڕووەوە کە( دەبێ ) بە مەبەستی (دەستوورە ) نەک فیعلێکی عادەتی مضارع بەکار هاتووە . لە عەرەبی وشەی (قط) بەرانبەر ( هەرگیز ) دەوەستێ بۆ نەفی لە ڕابردوودا ، کە مەبەستی نەفی دواڕۆژ بوو وشەی (عوض) دروستە : ( ما ذهبت قط، لا أذهب عوض ) بەڵام لە نووسینانیشدا ( قط ) لە جێی ( عوض ) بەکار دێت ، چونکە ئەمیان بە تەواوی مردووە. لە گەڵ ئەمەشدا ڕاستیی واتای وشەکان لە قامووس و ( نحو ) دا پارێزراوە . بە داخەوە ئەدیبەکانی ئێمە لە سەرەتای دانانی زمانی ئەدەبی و دەستووری ڕێزمان چی هاتە بەرداسیان ئەوە دەدروونەوە ئیتر ( ڕاناو ، زانکۆ .. ) دژی هەموو دەستوورێک خۆی سەپاند .



( و ) ی عطف کە لە ڕستەی وەک : ( نە من و نە تۆ ) دا دێت، وەک من بە هەستی زگماکی ( ئاخێوەری ) ی کوردیم بۆ مەسەلەکە و تێکڕای بەکارهێنانی ئەو ( و ) ە لە کوردیدا دەچم ، بەم شێوەیە لێک دەدرێتەوە :

کوردی پتر لە زمانی دیکە حەز لەو ( و ) ە دەکات . نموونەیەکی سەرپێیی لە زمانی ئینگلیزییەوە دێت ، کە هات و چەند شتێک بە دوای یەکتردا هاتن ، تەنها یەک ( and ) دەخەنە بەرایی وشەی هەرە دواوە ، لە کوردی و زۆر زمانی دیکەشدا هەر کامێک لەو شتانە ( و ) ێک بە دوای خۆیدا دەهێنێت. دەڵێی دشت و دەشت هاتم ، مەبەستت ئەوەیە کە لە دەشتەکەت لانەداوە.

دەڵێی : دەشتاودەشت هاتم ، واتە لە دەشتێکەوە بۆ دەشتێک هاتیت تا جێگەی مەبەست . [ کە وشە لە کۆتاییدا ( ا– ئەلف ) هەبوو یەک لە دوو ئەلفەکە دەقرتێ: شاخ و شاخ نەک شاخا ..].

لە زۆربەی عەشیرەتی شاخنشین دەڵێن : فاتێ و ئەحمەدان کانییەکیان دەردا . ئەو ( و ) ە لەم ڕستەیەدا فاتێ و ئەحمەدی وەها جۆش خواردوو کردن تا بوون بە ( کۆ ) . لە وتووێژی عادەتی کە ویستت نەفی شتێک بکەیت کەلێنی نەبێ ، دەڵێی : تۆ چەند جارێک چوویتە لای دارا ، من هەر سەرم لێ نەدا و ...

لە یەکێک دەپرسیت : ئەحمەدت دیتووە ؟

پێت دەڵێتەوە نا و (١) .

لە وشەی وەک هەلاهەلا ، ونجرونجر ، کەرت کەرت ، شەقاڵشەقاڵ کە دووبارە بوونەوەی کەرتی یەکەمی تێدایە ، ( و ) بەکار نایەت ، لزوومیشی نییە . بەڵام دەڵێی : شڕ و شیتاڵ ، بڕ و بزگوڕ ، کەل و پەل ، سەر و بەر .. لە عەرەبی و ئینگلیزی ئەم ( ئەداتی عطف )ە بەکار نایەت وەک helter - skelter کە دەکاتەوە ( شذر مذر ) ی عەرەبی . بە پێی بۆچوونی خۆم ، ئەگەر ئەو شتانەی ( نە ... نە ) یان بە دەمەوەیە لە هیچ ڕوویەکەوە پەیوەندییان بە یەکەوە نەبوو ، ناشێ ( و ) کۆیان بکاتەوە ، وەک کە بڵێم : لە لیستەی ناوی شارەکان نە بەغدا نە مۆسکۆم نەدیت . ئەمما ئەگەر پێشتر مناقەشە لەسەر ئەو ناوانە هەڵسابێ ، دەشێ بڵێم : نە بەغدا و نە مۆسکۆم نەدیت .. نە بەغداش و نە مۆسکۆشم نەدیت .. دەشێ بشڵێی « نەدیتن » لە جیاتی نەدیت [ ئەمەش باسێکی سەربەخۆیە : ئێمەتان نەدیت ، ئێمەتان نەدیتن – ئێوەمان نەدیت ، ئێوەمان نەدیتن – تۆم نەدیت ، تۆم نەدیتی – منت نەدیت ، منت نەدیتم ].

لە مجێزی مندا زمان تەنگی پێ هەڵنەچێ و ڕێگەی تەعبیری جۆراوجۆری (٢) لێ نەگیرێ ، هەم لە لایەن هێز و پێزەوە ، هەم لە نوختەنیگای ئارایشتەوە ، سوودمەند دەبێت : بە ڕاستی هەستی نائارامی دەکەم کە ناچار بکرێم ئەو ( نە ... نە ) یە لە تەنها ڕێبازەکەی بیر و ڕای تۆوە ـ کە گومان نییە لە ڕەوابوونی ـ هەناسە هەڵبێنێت. هەڵبەت ( ڕێگەی تەعبیر ) دەروازە بە ڕووی هەڵەکاری و هەوەسبازیدا ناکاتەوە. لە نموونەدا ، شێخ ڕەزا دەڵێ :

خۆم موجتەهیدی چاکم و تەقلیدی کەرم کرد

دارشتنەکەی پڕ بەدڵی گوێگرە ، ئەگەر گوتبای ( موجتەهیدی چاکم تەقلیدی کەرم کرد ) لە ڕووی واتاوە بێعەیبە ، بەلابردنی ئەو ( و ) ەش کەرتی دوای ئەو پتر بە کەرتی پێش خۆیەوە دەلکێت و جۆشخواردوو دەبێت ، بەڵام هەناسە سوارییەک و لێقرتاوییەک لە دێڕە شیعرەکە پەیدا دەبێت بە زەرەر دەگەڕێت . کەواتە ( و ) ەکە بێجێ نییە [ لێرەدا چاوپۆشی لە لەنگیی بەیتەکە دەکەین چونکە مەبەست تاقیکردنەوەی واتایە ].

نە تۆ کردت نە من ـ نە تۆ کردت نە منیش ـ نە تۆش کردت و نە منیش ـ نە تۆش کردت و نە من ... هەمووی ڕاست و دروستە چونکە لە لایەکەوە بە سەرزارانەوە باوە و باو بووە ، لە لایەکی دیکەشەوە پێچەوانەی هیچ دەستوورێکی ڕەوای ئاخاوتن نییە [ تێبینی ئەوە هەیە کە چاوپۆشی کراوە لە ( أسناد ) بۆ کەسی یەکەم کە لە ڕستەکاندا بە کەسی دووەم دراوە کەچی دەزانین کەسی دووەم بە گەڵ کەسی یەکەم دەکەوێت ] . بارتەقای ئەمانە : نە تۆ و نەمن نەمانکرد ـ کردمان ، نە تۆش و نە منیش ... هتد نەمانکرد ، کردمان ، هەموویان ڕاست و ڕەوانن و تەگەرەی ( إسناد ) یشیان تێدا نییە ....من کە ئەم بڕیارانە دەدەم خود بەسەر نیم ، دەستوورەکانی زمانیان تێدا ڕەچاو دەکەم بایی ئەوەی ئەو دەستوورانە بە ئێمە

گەیشتبێت . لە نموونەدا دەڵێم : دەمێکە بۆ ئەوە چووم کە پێشگری ( لێ ، تێ ـ وەک لێ بوونەوە ، تێ گەیشتن ) لە پریپۆزیشنی ( لە ) وەرگیراون [ لە تۆ دەگەم ـ تێت دەگەم : لەتۆ دەفکرم ـ تێت دەفکرم . لە دیوی ئێران ، کوردی موکریان . « لە ، دە » یان هەیە ، دیارە بە ئەسڵی « لە » بووەتە « لێ » و « دە » ش بووەتە « تێ » ئێمە ئەو « دە » یەمان فەرامۆش کردووە مەگەر لە نێوان عەشرەتەکانی سەر سنووری نێوان کوردستانی عێراق و ئێران کە « دە » یان پاراستووە ] . پێشگری ( پێ ) ش لە پریپۆزیشنی ( بە ) وەرگیراوە [ بە تۆ دەڵێم ـ پێت دەڵێم ] . بە لامەوە مەیلەو سەیر بووە کە دەنگی ( ب ) بێ لزووم بە ( پ ) بگۆڕێت ... دواتر بۆم دەرکەوت کە پریپۆزیشنی ( بە ) لە پەهلەوی و بەرەو ژوورتردا ( پەت ) بووە . هەرکە ئەمەم زانی گورج بیرم بۆ لەهجەی هەندێ لە ڕەوەندەکان ڕۆیی کە زستان لە نێوان هەولێر و کۆیەدا نیشتە جێ دەبن و پێوەندییان بە خزم و دۆستی ئێمەوە هەیە . لە ئاخاوتنی ئەواندا تا ئێستا ( پە ) لە جێی ( بە ) بە کار دێت ، تەنانەت دەڵێن ( نانەکە پە تەرسی ، واتە : نانی بە ڕووتی ) ئیتر بە لەهجەی کۆیەی بە کار بهێنێت دەبێتە نوکتە : [ نانەکە بە تەرسی دەخۆی ] .هەر ئەوان لە هەڵبەستی سەر بە سۆفیگەریدا دەڵێن : خدر یێژی ئەز خدرمە . لە چۆل و بەریان حازرمە ، ئەولادی عەبدولقادرمە ... دیسانەوە لە نموونەدا دەڵێم دەوری ( ٣٠ ) ساڵێک دەبێ بۆ ئەوە چووم کە( ھ ) ی ( هەبـــوون ) بـە واتـــای ( وجوود، بـــوون ) ، ( to be ) جودایە لە ( ھ ) ی بە واتای ( تملک )[ من هەم ، من هەمە ] لێم سوور بوو کە ( هەمە ) لە( هەڤمە ) وە هاتووە و لێی قرتاوە ، خزمی have ی ئینگلیزی و avoir ی فرانسەییە ... ئەو خولیایە هەر مابێ ، سەرچاوە و بنگە هەتا بەر لە ٤ ـ ٥ مانگێک لە کتێبی ( فقه اللغه ئیرانی ) ی ای. م . أرانسکی ، تەرجەمەی کەریم کشاورز دیتم لە دەقێکی ئاڤێستادا ئەم ( هە ) یە ( هڤە ) (٣) بووە .

نموونەی ئەوتۆیی دەهێنمەوە بە نیازی پاکانە کردن بۆ هەستێکی لە دەرووندا ورتەی دێت و ڕووناکاییش شک نابات جگە لە زەوقی زگماکی دەستوور ناسینەوەی کوێر بوویەوە .

*************************************

١- بەتایبەتی لە بەشێکی خۆشناوەتی و نێوان ڕەواندز و شەقڵاوە زۆر باوە .

٢- دەمتوانی بڵێم ( جۆرجۆر ) بەڵام زەوقم ئەویانی هێنا . (چۆناوچۆنی ) ش بە بەریەوە هەیە لە باری تایبەتدا شیرینتر بێ لە ( چۆن چۆنی ) ،

٣- دەقەکە

havathwo

بە واتای ( هەی بوو ) ل. ٨٦

xsayait hvathwa ]

-پادشاهی داشت ].

## ڕوونکردنەوەیەک

دوای خوێندنەوەی هەموو بەشە بڵاوکراوەکانی ( *گەشتی ژیانم* ) ی مامۆستا مەسعوود محەمەد، هێندێ سەرنجی زمانەوانی و تیلی سکەیەکی فیکریم لە نامەیەکدا ناردە خزمەتی و ئەویش ماندوێتیی وەڵامدانەی کێشا. پاشان پرسیاری دی لەسەر نامەکانی مامۆستا گەیاندمیانە ئەوەی کە درک بە بوونی دوو گوتاری تێر و تەسەلی زمانەوانی و فیکری لە نامەکانی مامۆستادا بکەم و چاوی تەمای بڵاوکردنەوەیان تێبڕم ... داوای ئیزنم لە مامۆستا کرد و ئەویش ئیزنی فەرموو : « لە بارەی بڵاوکردنەوەی نامەکانم ئیزنە لە منەوە چۆنی پەسەند دەکەیت پێی ڕازیم ، لە دڵیشدا حەز دەکەم سکاڵای هەموو مێشک و دڵێک بکەوێتە بەر ڕۆژی نیوەڕۆ ، مادەم خوێندنەوە بهێنێت ... » لە هەمان نامەدا دەفەرموێ : « نامەکان بەو جۆرەی پەسەندە ڕێک بخرێن، بین بە هەوەڵ سەرگوڵی نووسینی من لە چاپەمەنی



کوردی لە ئەوروپادا و لە ڕووپەڕەکانی مامۆستای کورددا شانازی بەخۆیەوە بکات . » منیش لێرەدا گوتارە زمانەوانییەکەم جیا کردۆتەوە و ئەوی تریانم بۆ ژمارەیەکی تری مامۆستای کورد هەڵگرتووە . بۆ ڕوونکردنەوەش ، دەبێ ئەوە بڵێم کە گوتارە زمانەوانییەکەی مامۆستا لەسەر ئەم سەرنج و بۆچوونانەی من هەڵچندراوە :

" لە نووسینانم دیوە نووسراوە : ( نە من نە باوکم نەماندی ) . هەردوو ( نە ) ی ئەو ڕستەیە نەدیتن دەگەیەنن ئەوجا بە ( نەماندی ) نەفی دەکرێتەوە . نەفی کردنی نەفی ئیسپات دەگەیەنێ و وا هەست دەکەم واتای ئەو ڕستەیە ببێتە پێچەوانەی مەبەست . ئەگەر ڕستەی ( نە من نە باوکم دیتمان ) خۆش نەبێ ، با ( نە من دیتم نە باوکم ) بێ کە پێم لە هەر دوو ڕستەکانی دی کوردیتر و ڕەوانترە . " لە جێیەکی تری نامەکەدا نووسیومە : " بە دڵ حەز دەکەم ڕستەی ( کەسیشمان نە پارەوپووڵ و نە ملک و ماڵمان دەوێت ) وا بووایە : ( کەسیشمان نە پارەوپووڵمان دەوێت نە ملک و ماڵ ) . یا : (نە مەلا ئەفەندی و نە باوکیشم لەو ڕووداوە ئاگادار نەکران ) وا بووایە : ( نە مەلا ئەفەندی لەو ڕووداوە ئاگادار کرا نە باوکم ) " . دوای ئەمە نووسیومە : " هەرچەندی تێدەفکرم زەوقی فیکریم و میزاجە گوندییەکەم پێم دەڵێن ئەو ( و ) انە پێی ناوێ هەبن ، ناکرێ ( نە من نە باوکم .. ) لە جیاتی ( نە من و نە باوکم .. ) بنووسرێ ؟ " .

لە بەر ئەوەی ناشێ بە هیچ جۆرێ دەسکاریی نووسینەکەی مامۆستا بکەم ، چارم نەما ، بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە ئەو برگانەی نامەکەی خۆم تۆمار کردن و چاریش نییە دەبێ بۆ گوتارە فیکرییەکەش کارێکی وا بکەم ...

مامۆستا مەسعوود بەیتێکی شێخ ڕەزای بۆ بەڵگەی ڕەوابوونی ( و ) هێناوەتەوە کە لە باسەکەدایە ، نووسیویەتی : شێخ ڕەزا دەڵێ :

خۆم موجتەهیدی چاکم و تەقلیدی کەرم کرد

بەڵام ( هەجوی شێخ غەفوور ) ی شێخ ڕەزا کە لە ژمارەی ( ١٠ ) ی مامۆستای کورد دا بڵاو کراوەتەوە ، ئەو دێڕەی وا تێدا تۆمار کراوە :

من موجتەهیدم ، هاتم و تەقلیدی کەرم کرد

هەر کامێک لەو دووە ڕاست بێ ، لە باسەکە ناگۆڕێ ، چونکە هەردوو سەرچاوەکە ئەو ( و ) یان تێدایە کە مامۆستا بۆ بەڵگەی بۆچوونەکەی هێناویەتەوە .

کاکە وەیس

ڕێبوارسیوەیلی

# شاعیرێک لە نێوان دوو تێکشکاندا

ئەو دەوروبەرەی (نالی) تیایدا گەشەی کردووە، لە مەنهەجدا پاشەڕۆژێکی ڕوونی بۆ مرۆڤی کورد لەبەرچاو گرتبوو. ئەمارەتی بابان وەک دوا ئەمارەت و بنکەی دەستەڵاتدارێتیی کورد ئا لێرەدا چەند قات گرنگی بە خۆیەوە دەگرێت. چونکە بە نەمانی ئەم دەستەڵاتە کوردییە، دەستەڵاتە ناوچەیی و بێگانەکان، گەر تا ساتەوەختی بابان ناڕاستەخۆ لە قەڵەمڕەوە کوردییەکاندا ڕۆڵێکیان هەبووبێ، ئەوا بە لەناوچوونی بابان ڕاستەوخۆ بە تۆپزی دێنە ناوەوە و کەوشەنان دەشکێنن.

هەر ڕەنگە ترسیش بووبێت لە دەستەڵاتە ڕاستەوخۆکانی بێگانە کە وایان لە مرۆڤی ئێمە کردبێت پابەندی دەستەڵاتی خۆیی بن، واتە نەستی کۆی مرۆڤی کورد بەتایبەتی لە سەردەمی حوکمی عەبدولڕەحمان پاشادا (١٧٨٩-١٨٢٣)، پێشبینییەکی لە بابەتی هاتنەوەی دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی بێگانەدا کردبێت، کە دواجار ئەم پێشبینییە لە ئەفراندنی هاوپەیمانییەکی نهێنیی کورداندا، یاخود گەر بمانەوێت بە زمانی (مارکس فیبەر) بدوێین:

لە هێنانەکایەی هاوپەیمانییەکی نادیاردا دەورێکی گرنگی دیتووە. پێدەچێت ئەمە یەکێک بێت لە خاڵی ئەو جیاوازیانەی بیرکردنەوەی سیاسیی دەستەڵاتی خۆیی‌ی ئەو دەمە لە عەقڵی سیاسیی ئێستامان، بە زمانێکی دی، گەر ترس لە هێزی بێگانە و بەرەنگاربوونەوەی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هاوپەیمانیی نادیاری کورد، ئەوا لە جیهانی ئەم سەردەمەی ئێستادا، لەگەڵ ئامادەبوونی مەترسیی دەستەڵاتی ڕاستەو - ناڕاستەوخۆی بێگانەیش، عەقڵی سیاسیی ئێمە نەیتوانیوە هەستی ئەو هاوپەیمانییە نادیارە بەپێی بۆلووانی سەردەم پتەو بکات!

ئەگەرچی ئێمە دەزانین لە سەردەمی نێوبراودا (عەبدولڕەحمان پاشا) ململانێ و ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوخۆی دەستگای دەستەلاتدا بەردەوامە، بەڵام ئەم ململانێ و ناتەبایی‌یە نابێتە هۆی لەبیرکردنی دەستەڵاتی بێگانە و نەبانبوونی کوردان لە دەستەڵاتی خۆماڵی.

بەڵگەی ئەم سەرنجەمان لەو دەربڕینەی (ئەدمۆنز)ەوە دێتە دەست کە بە ماوەیەکی زۆر، پاش نەمانی دەستەڵاتی ناوبراو نووسیویە و دەڵێت:

«... وەک دیارە حوکمەتی عەبدولڕەحمان پاشا، تا ڕۆژگاری ئێمەیش درێژەی هەیە و وێڕای ئەو کەند و کۆسپانەی لێیان ڕەت بووە هێشتاش لە زەین و بیرەوەریی خەڵکی ناوچەکەدا وەک دەورانی سەربەخۆیی کورد یادی دەکرێتەوە» (کردها، ترکها، عربها بڕوانە ص٦٧.)

شتێکی ئاشکرایە ناکۆکیی نێوخۆی میرەکانی بابان نەدەبووە هۆی مەترسی خستنەوە و لەناوبردنی ئەو ناسنامەیەی کورد تا ئەو دەمە بۆ خۆی دروستی کردبوو. بەڵام دەستەڵاتێکی دەرەکی ترسی هەرچی زۆرتر لەنێوبردنی ئەو ناسنامەیەی دەخستە دڵەوە. بۆیە لە ناخی مرۆڤی ئێمەدا هەر میرێکی بابانی دەستەڵاتی



بەدەستەوە گرتبێت (ئەگەرچی ئەم دەستەڵات بەدەستهێنانە لە سەر حسابی بە قەڵبەدا دانی میری پێشوویشەوە هاتبێ) جیاوازیی نەبووە و، دواجار جێگەی پەسەند بووە. چونکە بە هەرحاڵ سەرچاوە هەر یەک سەرچاوە بووە، ئەو دەستەڵاتگرتنەدەستە ڕەوەندێک نەبووە تێکشکانی ناوەوەی مرۆڤی کوردی بە دوادا بێت. دیارە لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا کۆتایی هاتن بە دەستەڵاتی خۆیی و جێگرتنەوەی لەلایەن هێزی بێگانەوە، ئەو ڕەوەندە بووە کە هەرەسی بە ناوەوەی دەروونی ئینسانی کورد هێناوە.

ئەم هەرەسە بە پلەی یەکەم هەرەسهێنانێکی فەرهەنگی بوو. تێکشکانێک بوو مرۆڤی کوردی لە ناسنامە تازەکەی (ئەو ناسنامەیەی پاش چەندین سەدە لە دوای هاتنی ئیسلام و تێکشکانی یەکەم ناسنامە) هاتە ئاراوە، نامۆکرد. ئەو ناسنامەی یەکەمەیش بە ڕای کەسانێک دەبێ لە چوارچێوەی زەردەشتییەتدا پێکهاتبێ. باله سەر ئەم خاڵە کەمێ بووەستین :

زەردەشتیەت خۆی لە بنەمایدا سەرجەمێک بووە لەو ئاین و بیروباوەڕانەی هەر لە مێژەوە دەنێو گەلانی ئێراندا برەوی هەبووە. واتە وەک (واڵتر هینینگ) دەڵێ، سێ ڕەگەزی ئایینی دیکەیش لە پێکهاتنی زەردەشتییەتدا ڕۆلی گرنگیان گێڕاوە (بڕوانە هینینگ - ص٤١-٤٢) بۆیە گەر لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە زەردەشتییەت یەکەم ناسنامەی فەرهەنگیی ئێمەی لێ کەوتۆتەوە، دەبێ ئەوەشمان لا ڕوون بێت کە هەمان ئایین ناسنامەی گەلانی دیکەی ناوچەکەیشی پێکدەهێنا و کاتێ ئەم ئایینە (بە پێی مێژووی ئەفسانە و حەماسی) لە سەردەمی خوێنڕێژێکی وەکوو (گۆشتاسپ)دا بووە ئایینی ڕەسمی، ئەوا بە یەک چاو مامەڵەی لەگەڵ ئەو گەلانەدا پێ کراوە. کەواتە دەبێ بە گرنگی پێدانەوە پەنجەنومای ئەوە بکەین کە بە هاتنی ئیسلام و سەپاندنی ناسنامەی بوون بە موسوڵمان، کورد دوو باجی لەلایەن دەستەڵاتی دەرەکییەوە لێ سەندرا. یەکەمیان باجی جیابوونەوە بوو لە گەلانی ناوچەکە.. دووەمیان باجی بەخۆنامۆبوونی کورد بوو لە ئاست فەرهەنگی هاوبەشی خۆیی و ئەو گەلانەدا؛ (زەردەشتییەت).

گرنگیی ئەم ساتەوەختە پێدەچێت لەوەدابێت کە کورد پێویستی بە چەندین سەدە هەبوو تا بتوانێت جێگرەوەیەک بۆ دابڕانەکەی خولق بکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا پرۆسەی جیابوونەوە بەردەوام بێت!. شێوازی ئەو جێگرەوەیە دوای ئەو ماوە زۆرە هەموو ئەو ئەمارەت و حوکمە ناوچەیی (بەڵام خۆماڵی)یانە بوون کە، گەرچی لە ژێر دەستەڵاتی ئایدیولۆژیای ئیسلامدا کاریان دەکرد بەڵام توانییان ئەو خەمی بێ پشت و پەنایی‌یەی بڕەوێننەوە کە هەر لە دوای دابڕبوونی کورد لە ناسنامەی یەکەمی- ئەگەرچی وەکوو گوتم ئەو ناسنامەیە بە تەنیا هی کورد نەبووە- دووچاری بووبوو.

گرنگیی بەردەوامبوونی دەستەڵاتە کوردییەکان لێرەدا دەردەکەوێت کە چۆن (بە چاوپۆشینیش لە ئیسلامێتییان) جارێکی دی لە زەینی شکستەی مرۆڤی ئێمەدا هێزی بڕوابەخۆبوون و هەستانەوەیان دروست کردەوە.

بێگومان دەشێت لەو قسانەی سەرەوە ئەنجامی ئەوە بهێنرێتە دەست و بگوترێ: کەوابێ دەبوو ئیسلام بهاتبا تا کورد لە ناسنامەی خۆی، یاخود، لە گرنگیی ئەوە ئاگادار بێتەوە کە پێویستە ناسنامەی سەربەخۆیی‌ی هەبێت. دیارە ئەم ئاکامە تا ئەو ئاستەی بۆ دژایەتی کردنی فەرهەنگی هاوبەشی کورد لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێرانیدا بەکار بهێنرێت وئایینی ئیسلام وهاتنی بۆ ناو ئێمە بە هێزێکی ڕزگارکەر لەقەڵەم بدات، ڕاستە. بەڵام بەلای منەوە هاتنی ئیسلام و ئامادەبوونی لە کۆمەڵی ئەو دەمەی ئێمەدا شێوازێکی داگیرکەرانەی هەبووە و لێرەیشەوە وەک هێزێکی داگیرکارانە لە ناسنامەی پێشوومانی ئاگادار کردووینەتەوە.. کەواتە لێرەدا خودی ڕەوەندی ئاگادارکردنەوەکە گرنگیی تایبەتی هەیە نەک ئەوەی کێ ئاگاداری کردووینەوە.

ئاراستەی ئەم ئاگاداربوونەوەیە خەسڵەتێکی ئایندەخوازانەی تێدا بەدی دەکرێت نەک ڕابوردووخوازانە. با بزانین چۆن؟

مەبەستم لە خەسڵەتی ئایندەخوازانە لە جەوهەری

ڕەوەندی ئاگاداربوونەوەدا ئەوەیە، کە خودی ئاگاداربوونەوەکە مرۆی کوردی دنە نەدا تا ناسنامە لەدەستچووەکەی بە دەست بهێنێتەوە و، وزەی خۆی بۆ هێنانەوەی بەهایەکی لە دەست دەرچوو تەرخان بکات. بەڵکە خەسڵەتی ئایندەخوازانەی ساتەوەختی ئاگاداربوونەوە، هێزی ڕەتکردنەوەی ناسنامەی یەکەمیشی لە خۆیدا شاردبۆوە. هیچ دوور نییە ئەمە لەبەر ئەوە بووبێت کە کورد چیدی بڕوای بە ناسنامەی هاوبەش نەمابێت و جۆرە هەوڵدانێک بووبێت بۆ خۆجیاکردنەوە.. هەروەها تێکەڵبوونی زەردەشتییەت لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسیی فەرمانڕەوا و لەو ڕێگەیەشەوە بەشداری کردن لە سەرکوتکردنی خەڵکانی هەژاری ناوچەدا (کە ئەمە بەتایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی هەخامەنشیان و ساسانیەکاندا) دەبینرێ. بەجارێ دڵی کوردیان لەو ناسنامە فەرهەنگییە ڕەش کردبێ و چیدی وەک ناسنامەیەک پەنای بۆ نەبردبێ وبە شوێنی شانازی پێوەکردنی خۆی نەزانیبێ.

بەڵگەی ئەو لێخوردبوونەوەی سەرێ لە چاوگێڕانەوەیەک بە مێژووماندا خۆی پتەو دەکات. شایانی باسە ئێمە تا ڕۆژگاری ئەوڕۆ بەڵگەی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە باسی ئەوەمان بۆ بکات مرۆڤی کورد حەسرەتی بۆ (ڕۆژە خۆشەکان)ی خۆی لە پێش هاتنی ئیسلامدا خواردبێ. بەڵام با خێرا ئەوەیش بڵێم کە نەبوونی بەڵگەیەکی ئەوتۆ نیشانەی ئەوە نییە ئیسلام بووە جێگرەوەیەکی ڕۆحی و فەرهەنگیی وەها پتەو کە هەموو نارەزایییەکی لای ئینسانی کورد کوشتبێ، چونکە ئیسلام خۆی لەسەر بنەمایەکی داگیرکارانەی هاوکات بە سووتاندن، لەناوبردن و شێواندنی ناسنامەی یەکەمی ئێمە هاتە ناوەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا (ڕەوەندی ئاگادارکردنەوە) گیانی ڕەتکردنەوە ـ ڕەفز ـ لای کورد پتەو دەکات و بەو ئاکامەی دەگەیەنێت. کە دەشێ لەبەر دوو هۆ چاو لە ناسنامەی یەکەمی هاوبەش (زەردەشتییەت) بپۆشرێ: یەکەم لەبەر هاوبەشی بوونەکەی و دووەمیش لەبەر بوونی بە ئایینی حوکمی دەستەڵات. چونکە خاڵی خۆجیاکردنەوە لە پانتایی زەردەشتییەتدا بۆ کورد زۆر لاواز بووە، ئەمە لە کاتێکدا کورد ویستوویە خەسڵەتی جیابوونەوە لە هی هاوبەشیبوون ـ لە سەر ئاستی ناسنامەی فەرهەنگی- بەهێزتر بێت.

نابێ ئەو شیکردنەوەیەی پێشوو وەها لێک بدرێتەوە، ئێمە دەمانەوێت بڵێین کە ئیسلام خاڵی جیابوونەوەی پتەو کرد و کوردیش ئەمەی وەک (هەنگ دۆزینەوە لە دارا) تەماشاکردبێت. چونکە دواجار ئیسلامیش لە بەستنەوەی کورد بە گەلانی ترەوە هەمان ڕۆلی بینی کە پێشتر زەردەشتییەت سەبارەت بە کورد بینیبووی. بەڵام ئیسلام بۆ کورد خەسڵەتێکی تریشی (جگە لە ئاگادارکردنەوە) تێدا بوو کە هەوڵ دەدەم لێرە بەدواوە سەرنجی بۆ ڕابکێشم:

بە پێی مێژوو، هەموو هەوڵدانی مرۆڤی ئێمە لە دوای هاتنی ئیسلام ڕەگەزێکی هەوڵدانی بۆ پێکەوەنانی دەستەڵاتی خۆیی تێدا بووە، ئەگەرچی ئەو دەستەڵاتانە دواجار لە ڕووی ئایینی و لەوێشەوە لە ڕووی ئیدارییەوە گرێدراو بوون. لێرەدا نابێت ڕۆڵی ئاگایی کورد و پلەی گرنگیدانی ئەو ئاگاییە بە (خاک)ەوە لەیاد بکرێت. ئاگایی بەرامبەر بە خاک و مانەوەی کورد لەسەر خاکی خۆی، هەمیشە لە قبووڵکردن/ یان نەکردنی دەستەڵاتی بێگانە و هەبوونی ناسنامەی هاوبەش گرنگتر تەماشای کراوە. بۆیە پابەندی و گرێدراویی دەستەڵاتە خۆییەکان بە چەقێکی دەستەڵاتی بێگانەوە پرسیاری ئەوتۆی لە زەینی کورددا سەبارەت بە قۆناغە دروست نەکردووە و ویژدانی مرۆڤی ئێمەی نەخستۆتە عەزابەوە.

هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دەستەڵاتی خۆیی ـ لەگەڵ خەسلەتی گرێدراویشدا ـ لەو سەرچاوەیەوە ئاوی خواردۆتەوە کە، ئەوەی هاتۆتە خاکی کوردەوە بە هۆی دەستەڵاتەوە هاتووە. واتە دەتوانین بە دەربڕینێکی دیکە بڵێین: هاتنی داگیرکارانەی دەرەوە بۆتە هۆی ئەفراندن و گەشەپێدانی حەزی داگیرکارانە لە ناوەوەیشدا. یاخود، دەستەڵاتی دژی لە دەرەوەهاتوو (ئیسلام) بۆتە هۆی پتەوکردنی (دەستەڵاتی دژ)ی ناوەوە کە ئەمەی دواییان بریتیە لەو ناسنامە تازەیەی مرۆڤی کورد لە دوای هاتنی ئیسلامەوە هەوڵی بۆ پێکهێنانی داوە و دواجار لە شێوەی ئەمارەتە کوردیەکاندا شوێنی بۆ کردۆتەوە.



بەم پێیە بوونی ئەمارەتەکان ـ لەگەڵ مانەوەشیان لە بازنەی دەسەڵاتی ئیسلامدا ـ پەیوەندی بە حەزی تاکەکەسیی میرە کوردەکانەوە نەبووە، بەڵکە جێبەجێکردنی میکانیزم و پوختەی ئەو پەیمانە نادیارە بە کۆمەڵەی کورد بووە لە ئاست یەکەم: ڕەتکردنەوەی بیری گەڕانەوە بۆ ناسنامەی یەکەمی هاوبەش (زەردەشتییەت) ئەویش لەبەر هۆی هاوبەش و بەڕەسمی بوونی ئەو ئایینە. دووەمیش: لە دژی دەستەڵاتداریێتیی ڕاستەوخۆی سەرداره موسوڵمانە بێگانەکان و قاییل بوون بە میرانی کورد و قەڵەمڕەوی دەستەڵاتیان، بە چاوپۆشین لە گرێدراوەیی و ئاژاوەی نێوخۆیییان لە سەر میرایەتی...

بەڵگەی ئەو لێخوردبوونەوانەی سەرێ تەنیا لە شیکردنەوە و چاوگێڕانەوەیەکی ورد بە خەباتی مرۆڤی کورد دژی دەستەڵاتی بێگانەدا دێتە دەست. هیچ یەکێ لە بزووتنەوەکانی کورد لە ساتەوەختی دوا ئەمارەتی کوردییەوە (شکستی دووەم)، بۆ ئەوە نەهاتوون، بۆ نموونە: زەردەشتییەت بکەنەوە ناسنامەی ڕەسەنی کورد. بەڵام هەردەم خەسڵەتی زیندووکردنەوە و گەڕانەوەیان بۆ (ناسنامەی دووەم)، بۆ ئەو ناسنامەیەی کورد لە چواچێوەی ئەمارەت و دەستەڵاتی خۆییدا بەرجەستەی کردبوو، تێدا دەبینرێ.

لەدەستدانی یەک لەدوای یەکی ئەمارەتەکان مرۆڤی کوردی بەجارێ بێئومێد و چارەنووس کرد. ناڵەی ئەم مرۆڤە بە درێژایی دوو ـ سێ سەدەی ڕابردوو، هەردەم ناڵە بووە بۆ ئەو نیشانە و سەمبۆڵەی لە دوای (شکست/ ڕەتکردنەوە/ جودابوونەوە و..) لە ناسنامەی یەکەمی هاوبەشەوە بەهۆیەوە خۆی پێناسە دەکرد.

لە ڕاستیدا سڵەتی ئایندەخوازانە لە جیهانبینیی ئێمەدا پاش لەدەستدانی ناسنامەی یەکەم، بە شێوەیەک لە شێوەکان مرۆی کوردی لە ڕیشەکانی ڕابوردووی فەرهەنگی ڕەسەنی خۆی داماڵیوە. گەر خەسڵەتی ئایندەخوازی لە دوای هاتنی ئیسلامەوە نەبایەتە یەکێ لە خەسڵەتەکانی دنیابینیی کورد، بێگومان ئێستا سوننەتە فەرهەنگییەکانی ئەو ژینگەیەی زەردەشتیەتی تێدا لەدایک بوو- بە حوکمی ئەوەی کوردیش لە هەمان ژینگەدا ژیانی بەسەر دەبرد ـ بە شێوەیەکی پتەوتر لە جیهانبینیی ئێمەدا ئامادە دەبوون و ئەو بۆشایی بێناسنامەییە لەساتەوەختێ هاتنی ئیسلام و پاشان لە ساتەوەختێ ڕووخانی دوائەماتەرەتی کوردییەوە، هێندە پتەو لە عەقڵماندا ئامادە نەدەبوو.

ڕاستە ئێمە بە ڕمانی دوائەمارەت جارێکی دی لە ناسنامەی خۆمان ئاگادار بووینەوە، بەڵام هەرگیز بیرمان لەوە نەکردەوە بەو ئاسانییەی ناسنامەی هاوبەشی یەکەممان دوای ڕەوەندی ئاگادار بوونەوە، ڕەتکردەوە ـ ناسنامەی دوەممان وێڵ کەین ، چونکە بە هەر حاڵ ئەمەی دواییان شتێ بوو توخمی خۆماڵییانەی پێوە کرابوو، ئەنجامی بەرەنگاربوونەوە و هەوڵدان بوو.. شتێک نەبوو مەحکووم کرابێتین بە قبووڵ کردنی.. هەر بۆیەشە هەتا ئێستا بە شێوەیەک لە شێوەکان وەک بەڵگەی بوونی هاوپەیمانێتیی نادیاری کورد لەگەڵ خۆی ئاوڕی لێ بدرێتەوە و لەگەڵ هەموو زانیارییەکیشمان لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەچوونی ئیداریی ئەو ناسنامەیە ، هێشتا بەهای خۆی نەدۆڕاندووە.

ئەگەر جورئەت بە خۆ بدەین ئەو دراوانەی سەرێ بە خوێندنەوەی ئێستای جیهانبینیی مرۆڤی کورد لە ژێر کاریگەریی پرنسیپی هاوپەیمانێتییی نادیاردا، بهێنینە مەودای کارپێکردنەوە – لە هەمان کاتشدا گومانمان لە ئاست پلەی زانستیبوونیاندا نەدۆڕێنین- ئەوا دەتوانین دوو خەسڵەتی دووبارەوەبوو بە کورتی دەستنیشان بکەین.

ئەگەر کورد لەبەر خەسڵەتی (هاوبەشبوون) و (تێکەڵاوبوون)ی زەردەشتییەت بە سیاسەت، توانیبێتی لە ڕەوەندی ئاگاداربوونەوە و لەوێشەوە ڕەتکردنەوەی ئەو ناسنامەیەیدا تێپەڕێت، ئەی بە چ مەرجێک ئەم ماوە دوور و درێژە چوارچێوەی کولتووری ئیسلامی پەسەند کردووە، کە هەردوو خەسڵەتی لەسەرەوە باسکراوی بە نیسبەت کوردەوە تێدایە؟

دەتوانین ئەم پرسیارە پڕ مەترسییە بە شێوەیەکی تریش

دابڕێژین و بڵێین: ئایا بوونی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردی نیشانەی هەبوونی ڕیشەی ئەم ئایینەیە لە ناخی مرۆڤی ئێمەدا وەک وزەیەکی ڕۆحیی خۆیی، یاخود مەترسییەک لە سەردەمی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلامدا یەخەمان دەگرێت؟ و ئایا لە نەستی کۆی کورددا سەرەداوی یاخیبوون لەم ئایینە، بەتایبەتی لە شێوازی ئەمڕۆیدا بوونی نییە، کە تەنیا بە هەلێکی وەدەستهاتوو (لە نموونەی وەک سەربەخۆیییەکی ڕەهادا) ڕەتی بکاتەوە و خۆی لێ جیا بکاتەوە؟ بکەوێتە دروستکردنی ناسنامەیەکی سەربەخۆ و ئیسلام هەمان چارەنووسی تووش بێت کە زەردەشتییەت تووشی هات لە پانتایی عەقڵی مرۆڤی کورددا..؟

خەسڵەتی دووەم کە من بە درێژکراوەی هەمان خەسڵەتی دەزانم لە ساتەوەختی دروسبوونی دەستەڵاتی خۆماڵییەوە سەبارەت بە گرێدراوەیی ئەم دەستەڵاتە بە بێگانەوە هاتۆتە نەستی کۆی مرۆڤی کوردەوە. مرۆڤی ئێمە نە لە سەردەمی ئەمارەتەکان و نە لە سەردەمی هاوچەرخیشدا پرسیاری گەورەی لە بەرامبەر وابەستەییی سیاسیی ئیداریی دەستەڵاتی خۆماڵییەوە لا دروست نەبووە، لە ئاست ئەمەیشدا عەقڵی سیاسیشمان لە ئاستێکی وەهادا نییە بتوانێت ئەو بارودۆخە شی بکاتەوە، بۆیە تەماشا دەکەین ئەم میکانیزمە بەردەوامە و تەنیا جیاوازییەک لەوەدایە کە ئێمە ناچارین پنتی وابەستەبوونەکانمان بگۆڕین و هیچی تر... بەڵام ئایا لە بارودۆخی شکستی (سێهەم)دا کورد پرسیار لە چی دەکات و پێوانەی هەڵسەنگاندنەکانی بە چ بارێکدا دەگۆڕێ و چۆن بڕیاری دەدات؟

لە دوای ئەم سەرنجانە دەگەڕێمەوە سەرەتای باسەکە و سەرهەڵدانی زاتێکی وەکوو نالی دەبەستمەوە بە تێکشکانی دووەمەوە. نالی باشترین نموونەی وێرانبوونی ناوەوەی کورد و بەرەنجامی بەئاگاهاتنەوەی دووەممانە، ئەو ڕۆحێکی سەرگەردانە کە پاش ئاگاداربوونەوەی یەکەم، توانیی بە ئومێدی داهاتووەوە بژی و لە پاش تێکشکانی دووەمیش بوو بە دوو بەشەوە: بەشی یەکەمی ئەو ڕۆحە سەرگەردانە ، دڵ بە خۆ خۆشکەرێکی مەستە و شانازی بە ڕۆژە خۆشەکانیەوە دەکات و جیهان لە شێوەی کەرنەڤاڵێکدا دەبینێ بەشی دووەمیشی، بێدەنگییەکە «خەمی خۆیی و خەمی هەموو عالەم» دەخوا، ئەسەفی بۆ ڕۆژگارە خۆشەکان تێکەڵ بە خوێنی بووە و لە پەناوە ئاوا دێتە دەنگ:

لە سندووقی پڕی سینەم بترسە
که ئاگر بەربداتە تەخت و تابووت

کۆپنهاگن ۱۹۹۳


سەرچاوەکان:

١- ادموندز، سیسیل جی (کردها- ترکها- عربها) ت: ابراهیم‌یونسی،تهران ١٣٦٧ .

٢- هنینگ والتر برونو: (زرتشت، سیاستمدار یا جادوگر!)،ت: کامران فانی،تهران ١٣٦٥ .




# هونەرمەند عوسمان قادر

* ساڵی ١٩٦٢ لە سلێمانی ، خوارووی کوردستان ، لە دایک بووە.
* ئەنیستیتووتی هونەرە جوانەکانی لە سلێمانی تەواو کردووە.
* بەرهەمەکانی لە کۆمەڵێ پێشانگەدا لە کوردستان ، ئێران ، سووریا ، فەرەنسا ، ئەڵمانیا و ئینگلستان پێشان دراون .
* ئێستا لە لەندەن دەژی.





## بەیادی
## هێننی هارالد هانســـــن

ئەنترۆپۆلۆگ و کۆمەڵناس و ئێتنۆگرافی گەورەی دانمارک و دۆستی گەلی کورد ، زانای بەناوبانگ خاتوو دۆکتۆر هێننی هارالد هانســن ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/١٢ لە کۆپینهاگن - ی پێتەختی دانمارک لە تەمەنی ٩٣ ســاڵیدا کۆچی دوایی ی کرد.

هێننی هارالد هانســن زانایەکی گەورە و ناسراو بوو لە هەموو جیهاندا، بەشێکی زۆری کارە زانستییەکانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵایەتی ، ڕەوشت و خوو ، جێگەی ژن لە کۆمەڵدا ، جلوبەرگ و گەلێ لایەنی دیکەی ژیانی گەلانی جۆر بە جۆر تەرخان کرد. ســاڵی ١٩٥٧ وەک ئەندامێکی دەســتەی دانمارکی لە ئاوبەست (ســەدد) ی دۆکان سەری کوردستانی خوارووی دا. ئیتر لەو ڕۆژەوە و هەتا کۆچکردنەکەی دۆستێکی دڵســۆز و بەوەفا و بێفڕوفێڵی گەلی کورد بوو. ئەگەرچی وڵاتانی جیاواز گەڕابوو ، لە گەڵ گەلانی جیاوازدا ناسیاوی و دۆستایەتیی هەبوو، بەڵام کورد لە دڵی ئەودا جێگەی هەرە دیار و خۆشەویست و بەنرخی هەبوو. ماڵەکەی خۆی بەو دیارییانە ڕازاندبووەو کە لە دۆستانی کوردیەوە پێی درابوون و بۆی هاتبوون. لە گەلێ وێنەدا ملوانکەی کوردیی لە ملدایە. لەو سەردانەی کوردستاندا خاتوو هێنني چوار مانگ مایەوە و بە هۆی وەرگێڕێکی کوردەوە ، خاتوو حەلیمە کەریم ســەعید ، و بە کۆمەکی بنەماڵەی شێخانی تۆپزاوە توانیی گەلێ جێگا بگەڕێ و لە نێزیکەوە کۆمەڵی کوردەواری و بە تایبەتی ژنی کورد بناســێ و لە ژیانیان بکۆڵێتەوە.



هێنني هارالد هانسن ١٩٠٠ ـ ١٩٩٣ : ئەم وێنەیە لە مانگی پێنجی ئەمساڵدا، واتە پێنج مانگ بەر لە کۆچ کردنەکەی ، گیراوە .

ئەنجامێکی گرنگی تۆژینەوەکانی خاتوو هانســـن ئەو دوو کتێبە بوو کە لەسەر ژنی کورد نووسیونی : ١ ـ کچانی خودا: لەناو ژنانی موسوڵماندا لە کوردستان ، کۆپێنهاگن ١٩٥٨ ( بە زمانی دانی). ئەم کتێبە ساڵی ١٩٦٠ کراوە بە ئینگلیزی و لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە و ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن دۆکتۆر ناجی عەبباس ئەحمەدەوە بە ناونیشانی ( کچانی کورد) کراوە بە کوردی و کۆڕی زانیاریی عێراق، دەستەی کورد، بڵاوی کردۆتەوە ؛ ٢ـ ژیانی ژنی کورد : تۆژینەوەیەکی مەیدانی لە کۆمەڵێکی موسوڵماندا لە عێراق ، مووزەی نەتەوایەتی ـ کۆپێنهاگن ١٩٦١ ( بە ئینگلیزی) ، ســاڵی ١٩٨٣ مامۆســتا عەزیز گــەردی کتێبەکەی بە ناونیشانی (ژیانی ئافرەتی کورد) کردووە بە کوردی و لەلایەن کۆڕی زانیاریی عێراق ، دەستەی کورد، ەوە بڵاوکراوەتەوە. بێجگە لەمانەش چەند وتارێکی دیکەی لە بارەی کورد و کوردستان و بەتایبەتیش لەبارەی ژنی کوردەوە بڵاوکردەوە .

بە کۆچی هێنني هارالد هانســن ، گەلی کورد دۆستێکی دڵســۆز و بەوەفا و جیهانی زانستیش زانایەکی گەورە و هەڵکەوتووی لە دەست چوو



## بە یادی
## عوســمان ســەبری



شــاعیر و نووسەر و نیشتمانپەروەری گەورەی کورد مامۆســتا عوســمان سەبری (ئاپــۆ) ڕۆژی ١٩٩٣/١٠/١٢، لە تەمەنی ٨٨ ســاڵیدا لە شــام (دیمەشق) ی پێتەختی ســووریا کۆچی دوایی ی کرد.

عوسمان سەبری لە کوردستاندا وەک شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و وەک خەباتکار و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز و فیداکار ناسراوە. ساڵانی دوور و درێژی ژیانی خۆی بۆ خەبات لە پێناوی ڕزگاریی گەل و نیشتمانەکەیدا تەرخان کرد.

عوسمان سەبری ساڵی ١٩٠٥ لە "نارنج" ی کوردستانی باکور لە دایک بووە. باوکی سەرۆکی خێڵی مردێسان بوو، و کە عوسمان دە ساڵان بوو باوکی مردووە. ساڵی ١٩٢٢ خوێندنگەی ڕوشدییەی تەواو کردووە. دوو مامی عوسمان سەبری ، شوکری و نووری ، بە هۆی بەشداری کردنەوە لە ڕاپەڕینی شێخ سەعیددا لە دیاربەکر ئیعدام کراون ، عوسمان خۆیشی تا کۆتایی ی ساڵی ١٩٢٨ لە دەنیزلی ، ڕۆژاوای تورکیا، لە زینداندا بووە. ڕۆژی ١٩٢٩/١١/٢٤ لە تورکیا هەڵدێت و دەچێت بۆ کوردستانی سووریا، کە دوای شکانی شۆڕشەکەی شێخ سەعید، بووبوو بە مۆڵگەی زۆر لە خەباتکارانی کوردستانی سەروو. لەوێش سەرلەنوێ دەست بە خەباتی سیاسی دەکاتەوە و گەلێ جار تووشی گرتن و زیندان و دوورخستنەوە دەبێ. لە پاڵ خەباتی سیاسیدا، عوسمان سەبری دەبێتە یەکێک لە نووسەرە چالاکەکانی گۆڤاری هاوار کە بنەماڵەی بەدرخانییەکان بڵاویان دەکردەوە. لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆیدا عوسمان سەبری دوانزدە جار گیراوە ، چوار جار دوور خراوەتەوە و پێنج جاریش لە ماڵدا دەست بەسەر بووە ( ساڵی ١٩٣٦ بۆ دوورگەی مەدەغەشقەر لە ئەفریقا دوورخراوەتەوە !!). ساڵی ١٩٥٦ یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی پارتی دێموکراتی کورد لە سووریا.

عوسمان سەبری لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە ؛ شیعر و چیرۆک ، هەروەها چەند لێکۆڵینەوەیەکیشی لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسیوە. ساڵی ١٩٨١ بەشێک لە شیعرەکانی لەلایەن "حەمرەش ڕەشۆ" وە بە ناوی (ئاپۆ) وە بڵاوکراوەتەوە.

نەمرە یادی عوسمان سەبری - ی شاعیر و نیشتمانپەروەر .

# لەتیف هەڵمەت

## کورتەلێدوانێکی ڕۆژنامە نووسانە و پرسیارە ونەکانی شاعیر

* پاشەڕۆژ چییە ؟
– لە بۆمبایەکی ئەتۆم بپرسن ...
* ئازایی چییە ؟
– پیاوکوژ دەزانێ ...
* ئەی سامان چییە ؟
– بۆ لە سیخوڕ و قەحپە ناپرسن ...!
* نیشتمان چییە ؟
– شەهید دەزانێ ...
* لەگەڵ شەهیدا یەکتر ناناسین
شەهیدان کێن ... ؟ چین ؟
– شەهید شمشێر و قەڵغان و پەیژەی
پیاوی سیاسین !

١٩٩٢ سلێمانی

## تارمایی

تارمایی‌یەک ڕێم لێ دەگرێ
بەرەو هەر لایەک ڕادەکەم
بەرەو ڕووم دێ .
کە هەنگاوێ دەنێ بۆ لام
گەمارۆم دەدات ماری ترس
لە گیانما دەمرێ زاری پرس
دە مووی سەرم
دە مووی ڕیشم
چەند موویەکی سمێڵیشم
لەترساندا سپی دەکەم ..
دە دەزوولەی خوێنبەری لەشم دەرچێ
هەوری پرچی لە نێو دەستم دەردەهێنێ
ناسکە کچێ ...

* * *

من دەزانم ... ئەم تارمایی‌یەی دێ بەرەو ڕووم
نەگریسەو
شووم
هاکا بینیت گۆچانێکی لە دەسما چان
جا ئەو ساتە چ کچێکی نازدار و جوان
ماچ دەداتە شاعیرێکی پشت کۆماوەی دەست بە
گۆچان...؟

* * *

ئاخ ... ئاخ پیری لە کوێوە دێی لە کوێوە تۆ ؟
دەیکەی بە چاوگەی خۆڵەمێش
دڵێکی پڕهێشووی گەشی گڕ و پشکۆ ...؟



# ئاڵقەی مەرگ

عەلی حەسەنیانی ( هاوار )

ئەگەر مەیلەکەت فەرامۆشم بێ
سپیدەی کەفەن باڵا پۆشم بێ
« فۆلکلۆر »

" باران " هۆزان بوو .. مۆسیقا بوو .. تراوکە بوو .. گوڵ بوو .. کاتێ بۆ یەکەم جار هاتە هۆدەکەم و بە دەنگێکی ئاسمانی کە وەک چپەی پەریزادەی ئەوسانەکان دەچوو، ڕۆژ باشی کرد، بۆ ماوەیەکی کورت دەمم بەستراو چم پێ نەگوترا .. بزەیەکی مەندی لەسەر لێوە ئاڵەکانی بوو و چاوە بەڵەکەکانی پڕ بوو لە جادووی « گێژکردن ».. هەرچۆنێک بوو وەڵامم دایەوەو خولقم کرد دانیشێ. ڕۆنیشت. ڕۆنیشتنی وەک ڕەوتی خەیاڵ بوو.. هۆی هاتنیم لێ پرسی. گوتی :

– دوکتۆر ! ماوەیەکە خەو وەچاوم ناکەوێ .. بێخەوی ئازارم دەدا .. کاتێ لەگەڵم دەدوا هەستم کرد پێم وە لەرزین کەوتووە و دڵم وەک مەلی سەربڕاو خۆ هەڵداوێ .. گوتم :

– چەند ڕۆژە وات لێ هاتووە ؟

چاوێکی بە هۆدەکەدا گێڕاو بە قامکە شووش و باریکەکانی پرچە ڕەش و جوانەکەی لاداو گوتی :

– لە مێژە .. بەڵام دوو شەوە پتر بووە ..

– دەکرێ هێندێکت پرسیار لێ بکەم ؟

– تکایە ..

– ناوت چییە ؟

– باران ..

– تەمەنت ؟

– بیست و دوو ساڵ ..

– لەگەڵ کێ دەژی ؟

– دایکم و باوکم. خوشک و برایەکیشم هەیە کە لە خۆم چووکترن .

– لە چی ڕەنج دەبەی ؟

– لە خەڵک..

لەو خەڵکە دواکەوتووە کە هیچ مافێک بۆ ژنان لەبەر چاو ناگرن و بە سووکی چاویان لێ دەکەن .. پێیان وایە خودا ژن و کچی تەنیا و تەنیا بۆ خۆش ڕابواردنی پیاوان خولقاندووە..

– دەکرێ زۆرتری لەسەر بڕۆی ؟

– دوکتۆر ! ئەمن هۆزانوانم . جارجارە هەستی خۆم دەخەمە نێو چوارچێوەی هۆزانەوە و پێم خۆشە بۆ خەڵکی بخوێنمەوە. بۆ خەڵکی خوێندەوار کە هەستم هەست بکەن. بەداخەوە لە شاری ئێمەدا کچ و ژنی خوێندەوار زۆر کەمن ، ئەوەی هەشە بەندین و لە نێو ڕکەدا یەخسیرن و ناکرێ زۆر هات و چۆیان بکەم . ناچارم بۆ پیاوانی بخوێنمەوە . بۆ پیاوانی ئاشنا . ئەوانیش لە جیاتی ئەوە کە سەرنج بدەنە هۆزانەکەم ، سەرنج دەدەنە خۆم .. جاری واشە بێشەرمی دەگەیەننە ڕادەیەک کە دوای تەواو بوونی هۆزانەکەم دەڵێن :

– خۆت لە هۆزانەکەت جوانتری ..!

یا دەڵێن :

– کاتێ هۆزان دەخوێنیتەوە پیاو شێتی دەم و دەنگت دەبێ..! ئەوەی گوت و سەری بەردایەوە. هەستم کرد خەم و پەژارە چوار تەنیشتی تەنیوە و وەک گوڵێک کە کەوتبێتە بەر تەوژمی تەرزەیەکی قورس و گران خەریکە پەرپەڕ دەبێ.. بەزەییم پێدا هات و گوتم :

– ئەوە شتێکی زۆر گرنگ نییە. دەتوانی دۆستێکی هونەرناس بدۆزییەوە و هۆزانەکانت تەنیا بۆ ئەو بخوێنییەوە. کەسێک کە لە هۆزان بگا و بایەخ بۆ هونەر دانێ ..

– تا ئێستا نەمتوانیوە کەسێکی وا بدۆزمەوە ..

– هەوڵت نەداوە دەنا هەیە .

– وەک کێ؟

– وەک من ..

– تۆ.. دوکتۆر ..؟!

– ئا.. ئەمن زۆرم هۆزان پێ خۆشە .. بە هۆزانی جوان و هەستبزوێن مەست دەبم..

– پێم سەیرە ! ئەتۆ دوکتۆری ، دوکتۆر و هۆزان ..؟!

– ئەمن پێم سەیرە تۆ وا بیر دەکەیەوە ! هونەرناسی و هەست بەجوانی کردن لە گەڵ دڵ و گیانی مرۆڤ پەیوەندی هەیە..

کاتێ وام گوت وەک گوڵ گەشایەوە و بزەیەکی ڕەزامەندیی هاتە سەر لێو.. گوتم :

– بە شێوەی کلاسیک هۆزان دادەنێی یا ئازاد ؟

– بە هەردوو شێوە ، بەڵام زۆرتر هۆزانی ئازادم پێ خۆشە .

– دەکرێ هۆزانێکم بۆ بخوێنییەوە ؟

چاوە بەڵەکانی بەردایەوە و بە دەنگێکی نەرم و خەیاڵییەوە گوتی :

– بۆ ناکرێ ..؟

ئەوەی گوت و بە ئارامی چاوی لە میچی هۆدەکە بڕی و تاوێک بێدەنگ بوو و قامکە شووش و باریکەکانی تێک ئاڵقاند.. ئەمجا بە ناز سەری وەرگێڕا و بە چاوە دڵڕفێنەکانی دیسان تەلیسمی کردم و ئاوای دەس پێ کرد :

– " لە نێو ئەو گشتە ستێرانە کە تۆ دەیبینی ،

تاکە یەک ئەستێرە،

هۆی ژیانی من بوو..

داخەکەم لێم ون بوو..

خۆشەویستم ! هاوڕێم !

پێم بڵێ لێی بگەڕێم ..؟

یا بڕۆم لێی بگەڕێم؟ "

هۆزانەکەی تەواو کرد و چاوی تێ بڕیم. دیار بوو چاوەڕوانی دەکرد تا بزانێ من دەڵێم چی؟ گوتم :

– بە ڕاستی جوان بوو.. نەمری .. زۆر مامۆستایانەت داناوە . پێم وا نەبوو بتوانی هۆزانی وا دابنێی..

« باران » ئەو بارانەی کە لێم وە ژوور کەوت نەبوو.. ئەو خەم و پەژارەی کە لەگەڵ خۆی هێنابوو ئێستا جێی خۆی دابوو بە شادی و ڕەزامەندی.. پێم گوت :

– باران ! هەرکاتێک ویستت دەتوانی بێی بۆ لام و هۆزانە جوانەکانتم بۆ بخوێنییەوە.

– زۆر سپاس.. ئەدی بۆ شەونخونییەکەم چ بکەم؟

– دەرمانت بۆ دەنووسم. نیگەران مەبە چارت دەکەم .

کاتێک ڕۆیی ماوەیەک وڕ بووم .. دەتگوت خەونم دیوە .. " باران " .. چ ناوێکی جوان .. چ کیژێکی دڵئەستێن .. چ فریشتەیەکی بێوێنە.. سێ ڕۆژ ڕابرد ، بۆ تاوێکیش یادی " باران " بەجێی نەدەهێشتم . بە خۆم دەگوت :

– ئەوە چ بوو ژیانمی ئاڵۆز کرد.. ؟ ئەوە چ چاوگەلێک بوو کە بەجادووی نیگا منی تەلیسم کرد ..؟ چ ڕەمزێک لە دەنگی دڵنشینیدا بوو کە هەروا لە گوێمدا دەزرنگێتەوە و ئۆخژنم پێ دەدا..

ڕۆژی سێهەم لێم وە ژوور کەوتەوە. بە دیتنی مەلی دڵم وە باڵە فڕکە کەوتەوە.. جوانترم هاتە بەرچاو .. ڤینۆس بوو.. پەیکەرەی جوانی بوو .. دوای دانیشتن گوتی :

– دوکتۆر ! چاک بوومەوە. وتەکانی تۆ زۆر کاری بوو، چاکی کردمەوە.. دەرمانەکانم هەر نەخوارد.. زیاتر لە سەعاتێک پێکەوە دواین .. هۆزانی بۆ خویندمەوە .. بە وتەی شیرین و بزەی جوانی مەستی کردم.. بە چاوە بەڵەکانی بردمیە نێو دنیای خەیاڵەوە.. بەر لە ڕۆیشتن داوای لێ کردم بۆ سۆزی کە ڕۆژی هەینی بوو بچمە ماڵەکەیان.. تا سبەی ئۆقرەم لێ هەڵگیرا.. زەمان ڕانەدەبرد.. کاتژمێر زۆر بە ئەسپایی دەگەڕا .. هەرچۆنێک بوو لەکاتی خۆیدا بەرەو ماڵەکەیان ڕێم داگرت، لەبەر دەرگاکەیاندا گوێم لە دەنگێکی دڵنشینی ئاسمانی بوو، دەنگێکی بریندار کە دڵ و گیانی بیسەری وە لەرزین دەخست. دڵنیا بووم کە دەنگی " باران " ە .. تاوێک گوێم شل کرد تا زیاتر لەو دەنگە خەیاڵ بزوێنە سەرمەست بم .. بەڵام نەدەکرا زۆر ڕاوەستم . لە دەرکەم دا . دەنگەکە بڕایەوە . " باران " دەرگای کردەوە . دیسان من بووم و دووچاوی جادووکەر.. من بووم و بزەی دڵلەرزێنی خودای جوانی .. من بووم و جوانیی جوانێکی بێوێنە .. من بووم و خەیاڵ..

ماڵەکەیان ماڵێکی ساکاری کوردەواری بوو. باوکی لە ماڵ نەبوو . خوشک و براکەی بەخێرهاتنیان کردم و دانەنیشتن و وە دەرکەوتن . دایکیشی کە سەرەژنێکی باریکەڵەی ژیری سەروڕووخۆش بوو، کورتە ماوەیەک لە لامان دانیشت و بەجێی هێشتین . من مامەوە و بارانی دێمەکاری ژیانم ..



دوای هێندێک وت و وێژی سەرەتایی گوتی :

– دوکتۆر ! هەواڵێکم بۆت هەیە نازانم پێت خۆش دەبێ یان نە ؟

– چییە ..؟

– لە شاری « پ » دا کارێکیان بۆ دۆزیومەتەوە. سبەینێ دەچم .. بە بیستنی ئەو هەواڵە دڵم گیرا.. خەمێکی گەورەوگران دایگرتم ... چەندجار هاتم هاوار بکەم:

– نا .. مەڕۆ .. باران ! بەجێم مەهێڵە .. تەلیسمت کردووم .. گیرۆدەت بووم .. چۆن دڵت دێ بەجێم بهێڵی و لەدووریی خۆت شێتم کەی.. ؟

بەڵام خۆم ڕاگرت و ددانم بە جەرگی خۆدا گرت.. لە دەروونی خۆمدا دەسووچام و دەساچام.. کاتێ لە ماڵەکەیان وە دەرکەوتم هەموو کەس و هەموو شت بۆم نامۆ بوو .. هەستم دەکرد لەم دنیا بەربەرینەدا تاکی تەنیام و هیچ کەسم نییە .. تەنیایەکی هیوابڕاو.. نزیکەی بیست ڕۆژان بە سەرلێ شێواوی و دڵژاکاوییەوە ڕامبوارد . ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر خەمبار دەبووم و دەتوامەوە .. لەو ماوەیەدا زۆرم بیر کردەوە کە چ بکەم ! ئاخری هاتمە سەر ئەوە کە بیدۆزمەوە و لەگەڵ خۆم بیبەمە دەرەوەی وەڵات . بیبەم و گەشە بە هونەرەکەی بدەم .. بەهۆزانی ، بە دەنگی خۆشی .. بیبەم و کارێک بکەم ببێتە هونەروەرێکی مەزن .. بەخۆم گوت هەل و مەرجێکی بۆ ساز دەکەم کە ناوی لە کوردستاندا دەنگ بداتەوە .. هونەری کوردەواریی پێ دەگەشێنمەوە .. دوور لە دەمگۆیان پێکەوە ژیان ڕادەبوێرین و ... و ... بەو هیوایەوە بەرەو شاری «پ » وە ڕێ کەوتم .. بەڵام خۆزگە هەر نەچووبام .. بریا هەر لە دنیای خەیاڵدا مابام و بارانیش تاکە ئەستێرەی دوورەدەستی ئاسمانی ژیانم با.. خۆزیا هەر بە مەستیی هیوای بارانەوە سەرم ناباوەو وە شوێنی نەکەوتبام ..

بە دنیایەک هیواوە دۆزیمەوە .. هەر بارانی جاران بوو.. هەر ئەو چاوانە .. ئەو بزەیە .. ئەو ڕەوتە .. ئەو وتەیە و ئەو نازەی جاران بوو کە هەرکام بە جیا منیان جادوو کردبوو.. بەڵام داخ و مەخابن تەواو ماندووم نەحەسابۆوە کە قامکی شووش و ناسک و باریکی نیشان دام کە ئاڵقەیەکی تێ کرا بوو .. زارم ئاوەڵە ما و چاوم لێ زەق بوو .. بارانم لەبیر چۆوە.. تەنانەت هیچ کەس و هیچ شتم لە بیر نەما.. بێجگە لە ئاڵقەی زێڕین چم نەدەدی .. ئاڵقەکە لە بەرچاوم وە جووڵەجووڵ کەوت .. بوو بە دێوەزمە .. قاقای دەکێشا .. گاڵتەی پێ دەکردم .. لە پڕا بێدەنگ بوو . بە نێوچاوان گرژییەوە لێم مۆڕ بۆوە .. ددانی لێ دە جیرێکەوە بردم .. لە قامکی هاتەدەر .. بۆ لام هات . گەورەو گەورەتر بۆوە .. هەر دەهات و گەورەتر دەبوو .. هات.. هات.. لەسەر سەرم لەنگەری گرت .. درێژ و درێژتر بووەوە.. بوو بە ئەژدیهایەکی بە سام.. شاڵاوی بۆ دەهێنام و دەکشایەوە.. خۆی پێدا دام .. لە گەردنم هاڵا .. دیسان بۆوە بە ئاڵقە .. چووک بۆوە.. چووکتر بۆوە . چووکتر ، چووکتر.. ئەوکی کوشیم . کەم کەم فشاری زیاتر دەکرد .. ئەستۆمی پتر ڕێک کوشی .. ویستم هاوار بکەم، دەنگم دەرنەهات.. ویستم بە دەست بیگرم و لەملمی دەربهێنمەوە بەڵام دەستم هێزی تێدا نەمابوو .. هەرچی کردم دەستم ڕاست نەبۆوە.. پەلەقاژەیەکیشم پێ نەکرا .. ئاڵقەی نەعلەتی هەر چووک و چووکتر دەبۆوە و ئەوکمی پتر ڕێک دەکوشی .. هەستم کرد گیانم دەکێشن .. بیستبووم گیانکێشان سەختە، بڕوام نەدەکرد ، بەڵام دیتم ، هەستم کرد .. ئاڵقەکە ئەوەندەی گەردن کوشیم تا هێز و بڕستم نەما.. پشووم بڕا.. مردم.. ئاڵقەی قامکی باران کاری خۆی کرد .. سەرم بە سەر شانمدا کەوت و ئیدی ئێش و ئۆفی گیانکێشان تەواو ببوو.. من مردبووم.. نەمزانی ماوەی مردنم چەندی کێشا .؟ لە نەکاو هەستم کرد سروەیەکی ئارامیدەر بە نێو لەشمدا گەڕا و پشووم هاتەوە .. ساردییەکم لەسەر نێوچاوانی هەست کرد .. لەپێشیدا نەمزانی چییە، نەمدەوێرا چاوان هەڵێنم.. قامکی پێم جووڵاندەوە ، هێزی هاتبۆوە بەر . ئەمجا ئارام ئارام دەستم هەڵهێنا لە گەردنم خست . ئاڵقەکە نەمابوو.. گوێم لە دەنگی باران بوو کە بەدەنـــگی گریانەوە دەیگوت :

– دوکتۆر..! دوکتۆر..! ئەوە بۆ وات لێ هات ..؟

باران دەسڕەی تەڕی لەسەر تەوێڵی دانابوو و بۆم دەگریا

.. لەسەر کوشتەی خۆی فرمێسکی دەڕشت .. گوتم :

– باران .. !

نازانم وشەی " باران " لە گەروومدا مرد یان ئەوەندە بێهێز بوو کە نەگەیشتە گوێی باران ..؟ ماوەیەک ڕابرد .. نووزەیەکم لێ هاتەوە :

– باران ..!

– بەڵێ .. دوکتۆر.. ! بۆ پێم ناڵێی چ بووە .. ؟

بە زۆر دەدوام ، پرسیم :

– بۆ وات کرد.. ؟ نەتدەزانی خۆشم دەوێی ..؟

هەر نەمدەوێرا چاوان هەڵێنم .. دەنگی ئاسمانیی باران وەڵامی دامەوە :

– ئەتۆ دوکتۆر ..؟ ! ئەمنت خۆش دەویست..؟ ئەدی بۆ جارێکی نەتدرکاند ..؟ پێم وا نەبوو من بە هاوشانی خۆت بزانی دەنا خۆم مارە نەدەکرد ..

– مارە..؟ مارەش کراوی..؟

بارانی گریان ڕێی بە " باران " نەدا وەڵامم بداتەوە . هەڵستام .. چاوم هەڵێنا.. باران هەردوو دەستی بە ڕوومەتیەوە گرتبوو و هۆڕ هۆڕ دەگریا .. کە چاوم بە ئاڵقەکەی کەوتەوە مووچوڕکێکم بەلەشدا هات و لاقم وە لەرزین کەوت.. ئیتر ڕانەوەستام و بەپەلە وەدەرکەوتم .. گوێم لێ بوو باران هاواری دەکرد :

– دوکتۆر ..! دوکتۆر.. !

پازدە ساڵ ڕابرد . تێدەکۆشام باران و بیرەوەرییەکانی فەرامۆش کەم . هەر بۆیە شارەکەی خۆم بەجێ هێشت و دوور کەوتمەوە . بەڵام لەگەڵ ئەوەش کاتێک چاوم بە کچێک دەکەوت لە چاوانی خورد دەبوومەوە تا بزانم شێوەی چاوە بەڵەکەکانی باران دەدا..! پازدە ساڵان کەسم نەدی کە چاوی وەک چاوی باران پڕ ڕەمز و ڕاز بێ .. تا دوێنێ .. لە نەکاو چاوم بە کیژێک کەوت .. بۆ ماوەیەکی سەرم سووڕ ما و ئەبەسام ، لەمن وایە بارانە.. چاوەکانی چاوی باران بوون .. دەتگوت لە ئەوی دزیوە .. نەک هەر چاوی، دەنگیشی لەگەڵ دەنگی ئاسمانیی باران مووی لێ نەدەدا.. بەڵام هەی داخ.. درەنگم گەیشتێ...

کۆپنهاگن - کلۆزکەمپی سەندهۆڵم

١٩٩١ / ٨ / ٨

# ژیننامەی شاعیر و نووسەری کۆچکردوو عەلی حەسەنیانی ( هاوار )

هێدی

میرزا سەعید کوڕی وەهاب کوڕی حاجی حەسەن کە سەر بە یەکێک لە بنەماڵە کۆنەکانی سابڵاغێ بوو، لە ڕۆژی ٢٥ ی پووشپەڕی ساڵی ١٣١٨ ی هەتاوی ( ١٩٣٩ ی زایینی ) لە گەڕەکی ( پامنار ) ی تارانێ کوڕێکی دەبێ بە " عەلی " نێودێری دەکا . عەلی دەبێتە برای سێ خوشکان . کاک عەلی حەسەنیانی ( هاوار ) لە نامەیەکیدا سەبارەت بە بنەماڵەکەیان دەنووسێ : " بوداق سوڵتانی ڕەحمەتی ماڵیان لە مەحموودکانێ دەبێ، ئەو دەم مەحموودکان شارۆچکە بووە، باوکی دەستووری پێ دەدا کە لەوبەری چۆمی گوندێک ساز بکا . ئەویش حەوت کەس وەک مشاویر ( ڕاوێژکار ) لە گەڵ خۆی دێنێ کە هیچ کامیان خەڵکی ئێران نەبوون و گشتیان وا بزانم لە عێراقەوە یان لە لای سنوورەوە هاتبوون ، دێن و جێگاکەی هەڵدەبژێرن و هەر کام لەو حەوت کەسە جێگەیەک بۆخۆی پاوان دەکا و سابڵاغ ساز دەکەن و وردە وردە دەبێتە شار . ئەو حەوت کەسە بریتی بوون لە :

١– کابرایەک بە ناوی داود کە خەڵکی سوێسنایەتی بووە و باوەگەورەی تایفەی داودی بووە . ئەو داودە ئاشێک ساز دەکا لە لای پردی سوور ، بەرانبەر بە باغی مکایلی . ئەو ئاشە هەر دەمێنێ تا لە دواییدا ماڵە قازی داگیری دەکەن ( وا بزانم لە زەمانی میرزا فەتتاحی قازیدا داگیر دەکرێ ).

٢– کابرایەک بە ناوی ( مووسا جاف ) کە باپیرە گەورەی ئێمەیە و نەوەکەی ناوی حاجی حەسەن بووە کە ئێستاش گەڕەکی حاجی حەسەنیان هەر ماوە .



٣– باپیرە گەورەی تایفەی لەشکری .

٤– باپیرە گەورەی تایفەی قادری بە ناوی قادر .

٥– باپیرە گەورەی تایفەی بابانزادەکان .

٦– باپیرە گەورەی تایفەی مەهاجری ( ئەوان لە ڕووسیاوە هاتبوون و موسوڵمان بوون ) .

٧– باپیرە گەورەی کابرایەک بە ناوی حاجی عوسمانی تووتن فرۆش کە تا سی چل ساڵ لەمەو پێش ئەو حاجی عوسمانە هەر مابوو و لە دالانی نێوان مەیدانی ئارد و مەیدانی حەمە خرچەدا دوکانی هەبوو. هێندێک کەسیش دەڵێن بنەماڵەی " ئەیازی » ش لە گەڵ ئەو حەوت کەسە هاتوونەتە مەهاباد ."

میرزا سەعید بە هۆی کاروباری بازرگانییەوە ئەم شارەو شار دەکا و پاش چەند ساڵ نیشتەجێ بوون لە تاران و کەرەج بەرەو هەمەدان دەبێتەوە و هەر لەو شارەش کاک عەلی وەبەر خوێندنێ دەنێ . کاک عەلی دوو پۆلی سەرەتایی بە زیرەکییەکی بەرچاوەوە لە قوتابخانەی « ئەلوەند » ی هەمەدان دەخوێنێ و پاشان میرزا سەعیدی بابی لە ساڵی ١٣٢٥ ( ١٩٤٦ ) دا بە ماڵەوە دەگەڕێتەوە مەهاباد . کاک عەلی لە مەهاباد هەتا پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی ( فیردەوسی ) ئەو شارە پەرە بە خوێندن دەدا و پاشان دەچێتە تاران و لە قوتابخانەی ( دوکتۆر سورەتگەر ) درێژە بە خوێندن دەدا. دوای ساڵێک دەگەڕێتەوە مەهاباد و هەتا وەرگرتنی " دیپلۆم " لە قوتابخانەی (محەمەد ڕەزا شا) ی جاران دەخوێنێ.

لە ساڵی ١٣٣٨ ( ١٩٥٩ ) دا دەچێتە زانستگای تاران و لە بەشی " ماف و زانیارییەکانی سیاسی " دەست بە خوێندن دەکا . لە زانستگا دەگەڵ ڕووناکبیرانی کورد یەک دەگرن و هەستی کوردایەتی بەرەو تێکۆشانی سیاسی هانی دەدا. لە ساڵی ١٣٤١ ( ١٩٦٢ ) دا پێوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەگرێ و دەبێتە ئەندامی ئەو حیزبە . لە ساڵی ١٣٤٢ ( ١٩٦٤ ) دا پاش مانگرتنێکی خوێندکارانی زانستگای تاران دەگەڵ تاقمێک لە هاوڕێیانی دەخرێنە زیندان . دوای ئازادبوون لەزیندان پەرە بە خوێندنەکەی دەداتەوە و لیسانسی ماف ( حقوق ) وەردەگرێ . پاش تەواو کردنی خوێندنەکەی لە "وەزارەتی نێوخۆ " دادەمەزرێ، بەڵام بە هۆی پێشینەی سیاسیی، هەر ئەم شارە و شاری پێ دەکرێ و بۆ « کومیجان » ی ئەراک و تەفریش و ئاستارا و « دەڕە شار » ی ئیلام دوور دەخرێتەوە. ماوەیەکیش لە شارەکانی سنە و بانە دادەمەزرێ بەڵام چونکە دەوڵەت نایەوێ کاک عەلی لە شارە کوردییەکان دامەزرێ، زوو ڕایدەگوێزن. ئەو هەڵداشتن و دوور خستنەوانە ئاخری تینی بۆ دێن و دەبنە هۆی ئەوەی کە لە وەزارەتی نێوخۆ بێتە دەرێ و بە مەبەستی دیتنی دەورەی پارێزەری بچێتە تەورێزێ . پاش ساڵ و نیوێک لە تەورێزڕا دەچێتە شاری میاندواوی نزیک مەهاباد و وەک پارێزەر دەست بە کار دەکا . دیارە دەوڵەت دەو ماوەیەیدا نەیدەهێشت بچێتەوە مەهابادێ.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ، لە ساڵی ١٣٥٧ ( ١٩٧٨ ) دا دەگەڕێتەوە شاری مەهاباد و لە چوارچێوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا پەرە بە تێکۆشانی سیاسی و ئەدەبیی خۆی دەدا. ساڵی ١٣٥٩( ١٩٨٠ )وێڕای زۆربەی شۆڕشگێڕان و هاوڕێیانی حیزبی ناچار دەبێ شاری مەهاباد بەجێ بێڵێ و لە چیا بگیرسێتەوە. دوای چوار ساڵان ، واتە لە ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣) دا بە هۆی گیروگرفتی بنەماڵەیییەوە بە ئاگاداری و ئیزنی چەند بەرپرسی حیزب ، لە چیاوە بەرەو شار دەگەڕێتەوە . دوای گەڕانەوەی ماوەیەک لە تاران دەگیرسێتەوە و پاشان لە ساڵی ١٣٦٤ ( ١٩٨٥ ) دا دەگەڕێتەوە مەهاباد و وەک پارێزەر درێژە بە کارەکەی دەداتەوە.

هاوکات دەگەڵ دامەزراندنی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی - ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی - لە ورمێ و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری سروە، هاوکاریی خۆی دەگەڵ ئەو ناوەندە دەست پێ دەکا . لە مەهابادیش دەگەڵ تاقمێک لە شاعیر و ئەدەبدۆستان " ئەنجومەنی ئەدەبی " دادەمەزرێنێ . لەو ماوەیەشدا کتێبی " شاری وێران " ی لە لایەن ناوەندی سەلاحەدینی ئەیووبییەوە چاپ دەکرێ . دەگەڵ شاعیری لاو کاک « سەلاحی عەرەبی » ش دوو بەرهەمی ئامادەی چاپ کردوون کە یەکێکیان وەرگێڕدراوی ڕۆمانی " بێدەنگیی

زەریا " ی " فێرکۆر " ە کە لە فارسیڕا کردوویانە بە کوردی و ئەوی دیکەش کۆکردنەوەی کۆمەڵێک شیعری نوێی کوردیی شاعیرانی کوردستانی ئێرانە لە توێی کتێبێکدا بە نێوی « هەنگاو » . هەردووک بەرهەم دراون بە کتێبفرۆشیی محەمەدیی سەقز کە هێشتا چاپ نەکراون .

لە ساڵی ١٣٦٨ ( ١٩٨٩ ) دا لە وڵات وەدەر کەوت و پاش کەندو لەندێکی زۆر لە فینلاند گیرساوە . هەر بە ئاواتەوە بوو گۆڤارێکی ئەدەبی دەرکا ، پاش ماوەیەک بۆی دەرکەوت کە لە فینلاند ئەو ئاواتەی وە دی نایە ، بۆیە دیسان بارگە و بنەی تێکەوە پێچاو و بەرەو دانمارک ڕۆیی. لە دانمارک بۆ ئەوەی کە کاروباری پەنابەرییەکەی گرێی تێ نەکەوێ و گیرسانەوەی فینلاندی لێ ئاشکرا نەبێ نێوی خۆی و خاوخێزانی گۆڕی و بە نێوی « ئازاد ساسان » خۆی ناساند.

لە دانیمارک وەڵامی داوای پەنابەرییەکەیان زۆر دوا خست و هەروا چاوەڕوان بوو کە ددانی خێری پێدا بێن و وەک پەنابەر لەو وڵاتە وەریگرن و خەریکی دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی بێ . هێشتا لەو وڵاتە تەواو نەگیرسابووەوە، مەرگی غەریبی بەربینگی پێ گرت و لە بنکەیەکی پەنابەراندا لە وڵاتی دانمارک ، لە شەوی هەینی ١٧ ی بانەمەڕی ١٣٧١ (٨ /٥/ ١٩٩٢ ) دا بە هۆی سەکتەی قەلبی کۆچی دوایی‌ی کرد . بە داخێکی گرانەوە ڕۆژی هەینی ( ١٥ / ٥ / ١٩٩٢ ) لە گۆڕستانی « هانس کریستیان ئاندێرسێن » ی شاری کۆپنهاگن بە خاک ئەسپێردرا .

کاک عەلی حەسەنیانی ( هاوار ) لە ماوەی ژیانیدا چەند ڕۆمان و چیرۆک و کۆمەڵێک شیعر و گەلێک بابەتی ئەدەبیـــی دیکەی نووسیون و لە پاش خۆی بەجێی هێشتن :

١– شاری وێران : کۆمەڵێک وتاری جۆراوجۆر - لە لایەن ناوەندی سەلاحەدینی ئەیووبییەوە لە ورمێ چاپ کراوە .

٢– بزەی زەمەند : دیوانی شیعرەکانی - لە لایەن جەعفەری حوسێنپوور ( هێدی) یەوە لە ساڵی ١٣٧٢ ( ١٩٩٣ ) دا لە ئاڵمان چاپ کراوە.

٣– کارمامز : ڕۆمان - چاپ نەکراوە .

٤– دەروێش : ڕۆمان - چاپ نەکراوە .

٥– بزەی ژیان : ڕۆمان - چاپ نەکراوە .

٦– بێدەنگیی زەریا : دەگەڵ شاعیری لاو سەلاحی عەرەبی ، لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر کوردی - چاپ نەکراوە .

٧– هەنگاو : کۆمەڵێک شیعری نوێی شاعیرانی کوردستانی ئێران - دەگەڵ سەلاحی عەرەبی ئامادەی کردووە - چاپ نەکراوە .

٨– کۆمەڵێک کورتە چیرۆک و بابەتی دیکەی ئەدەبی.

تێبینی : بۆ نووسینی ئەو ژیننامەیە ، بێجگە لە سەرچاوەی دیکە پشتم بە دوو نووسراوە بەستووە کە یەکیان لە لایەن کوڕی کاک عەلییەوە ( زاگرۆس حەسەنیانی ) و ئەوەی دیکەش لە لایەن کاک سەلاحی عەرەبییەوە نووسراوە . لێرەدا سپاسی هەردووکیان دەکەم کە زانیارییەکانیان بۆ ناردووم .

هێدی



# دیوانی
# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

## هەتیوێکی ســنەیی

دوێنێ شەو بۆ دەفعی حاجەت چوومە حەممامی غەفوور
سادەڕوویەکی تیا بوو سمت و ساقی وەک بلوور
جێ بە جێ هەر وەک موهەندیس دامە بەر مەددی نەزەر
هەر لە تەوقی سەریەوە تا نووکی پەنجەی خوار و ژوور
وەک سەگی برسی بە حەسرەت سەیری دووگی مەڕ بکا
سەمتی سمتیم گرتە چاو و تێی دەفکریم دوور بە دوور
عاقیبەت شەوق و هەوەس پەردەی حیجابی پارە کرد
خۆم کوتا دێوانەئاسا بۆ سەراپەردەی حوضوور
هەر کە فەرمووی مەردمی شاری ســـنەم ، یار بابلم
هاتە گەردش بێ تەوەققوف وەک عەمموودی لەندەهوور

* * *

کە عەبدوڵڵاە پاشا لەشکری والیی ســـــنەی شڕ کرد
ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تفڵی دەبستان بوو

* * *

تۆیچ لە من بووگی بە شاعیر ئەی حەرامزادەی ســـنە
بۆچە شانێ ناخەفێنی مەسرەفی چەس ئەو تنە
عیززەت ئاهەنگی لە کوێ بوو ئەی کوڕی وەستا شەفی
وردەئاهەنگێ کە فەرمووت ها وەلای وەستاژنە

* * *

سوپەری ئەهلی ســـنە بۆ شەڕی بێگانە تنە
خۆ بە خۆ شەڕ دەکەن و ئەسلەحەیان هەر بە تنە
ڕقی هەستا ســـنەیی دێ لە سولەیمانی ئەدا
ئافەرین ئەهلی ســـنە ئەم ڕقەتان هەر لە کنە
ئەهلی ئێمە کە چووە شاری ســـنە حوکمە ئەگێ
بە دوو شاهی و قەرەپووڵێ ژنی کامیان مەزنە

# کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل

ساسۆن

ڕۆژگاری کورد وەهای لێ هاتووە، هەر کە بمانهەوێ باسی کورد بکەین بەبێ ویست سیاسەتیش تێکەڵاو بە باسەکەمان دەبێ . لەم وتارەدا باسمان لە سەر ژیانی مێژوویی و فەرهەنگی کوردە جولەکەکانی ئسرائیلە کە لە دوای ساڵی ١٩٥٠ بەملاوە گەڕاونەتەوە بۆ خاکی ئسرائیل. پێشەکی بە پێویستی دەزانم کەم تا کورتێ لە سەر ژیانی گشتیی جوولەکەکان باس بکەم.

ئەکەر ئێمە بمانهەوێ لاپەڕەکانی مێژوو تا بە ئەمڕۆ هەڵبدەینەوە هەزاران جۆرە بەسەرهاتی ترشوتاڵمان بەر چاو دەکەوێ. مێژوو شتێکە کە لە باب و باپیرانمانەوە بۆمان بەجێ ماوەو قوتابخانەیەکی گەورەیە کە پێویستە لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵی بدەینەوە و بە چاوێکی وردبینانە سەیری بکەین و لێکی بدەینەوە و دەرسی لێ وەربگرین.

ئەکەر ئێمە بمانهەوێ باس لەسەر قەومییەتی جوولەکە بکەین پێویستە بە وردی چاوێ بە مێژووی ژیانیاندا بخشێنین. بە پێ ی مێژووی زوربەی کتێبە کۆنەکان جوولەکەکان سامی نەژاد و عەرەبن. بەڵام بەپێی مێژووی زۆر لە کتێبە کۆنەکان کە تەمەدوونی جوولەکەکان لە بەین ونەهرێن بووە و بابەگەورەیان حەزرەتی ئیبراهیم پەیامبەرە جا ئەگەر بێت و بە پێی جێگای تەمەدوونیان و بابەگەورەیان قسەبکەین ، دەبێ بڵێین کە جوولەکەکان لە ڕەگەزدا عەرەب نین و ئاری نەژاد و کوردن.

دوهەزارو پێنچسەد ساڵ لەمەوبەر بخت النصر (بوخت و نصر) ، پاشای بابل کۆچی بە جوولەکەکان کردو وەکوو کۆیلەو بندەست بەرەو بابل کۆچی پێ کردن . بە درێژایی دووهەزار و پێنجسەد ساڵ جوولەکەکان هەر بندەست و ئاوارە و کۆیلە بوونە . هیچ کات خاوەنی دەسەلاتی خۆیان نەبوونە. ئاوارەبوونی جوولەکەکان پەرەی ساندو هەر دەستەی ڕوویان لە لایەک کرد و پەنایان بۆ وڵاتان و نەتەوەکان برد و بە دونیادا بڵاوبوونەوە ئاوارەبونی جوولەکەکان زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتەوە، پەنایان بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان برد، بۆ ئەوەی لە کۆیلەیەتی و بندەستی و جەوساندنەوە و نابەرابەری ڕزگاریان ببێ . خاکی کوردستانیش یەکێ لەو وڵاتانە بوو کە جوولەکەکان پێش دووهەزار و پێنج سەد ساڵ پەنایان بۆ برد. هەروەکوو مێژوو ئاگادارە لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا جوولەکەکان ئەزیەت و ئازار دەدران و قەتڵوبڕ دەکران. بەڵام بە پێی مێژوو و قسەی پیرەپیاوانی جوولەکەکانی کوردستان ، نەتەوەی کورد زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی تر قەدری جوولەکەکانی گرتووە و وەکوو هاووڵاتییەکی کورد سەیریان کردوون و پاراستوویانن و هیچ کات بە چاوی سووک و بێگانە سەیری کوردە جوولەکەکانیان نەکردووە. خۆ وەنەبێ کوردەکان تەنیا لەگەڵ جوولەکەکان وا بووبن ، بەڵکە کوردەکان لەگەڵ هەموو نەتەوەیەکی چووک و بێدەسەڵات وابوونە. کوردەکان ڕەحم و ویژدان و پیاوەتی و دڵسۆزی و دڵسافی لەگەڵ خوێنیان تێکەڵاوە. هەر کەسێک و هەر نەتەوەیەک ئەگەر پەنایان بە کورد هێنابێ ، زۆر جار ئەگەر پێویستی کردبێ ، کوردەکان خوێنیشیان لە پێناو ئەو کەسانە داوە کە پەنایان بۆ بردوون و بۆ دەبەن. کوردەکان ئەوەندە دڵساف و خۆشباوەڕ و مرۆڤدۆستن، کە ئەو دڵپاکییەیان بۆتە هۆی زەرەر و زیان لە خۆیان. ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمان و باسە ئەوەیە کە جوولەکەکان بە درێژایی دووهەزار و پێنچ سەد سال ئاوارەیی و کۆیلەیەتی و بندەستی و ئەزیەت و ئازار، هیچکات وازیان لە دین و قەومییەتی خۆیان نەهێناوە، لە کاتێکدا ئەگەر سەیری مێژوو بکەین دەیان نەتەوە ناویان لە ناو لاپەڕەکانی مێژوودا ڕەش بۆتەوە و نەماون. بەڵام زۆر سەیرە کە جوولەکەکان کۆمەڵی بچووک بچووک ئاوارەی وڵاتان بوون و هەزاران بەدبەختی و برسێتی و



بێ ماڵ حاڵی و کۆیلەیەتی و ژێردەستییان چەشتووە، بەڵام هیچکات وازیان لە قەومیەت و دینی خۆیان نەهێنا، سەرەرای ئەوەی کە هیچکات خاوەن دەسەڵات نەبونە، بەڵام لە هەر لاتێکی کە ژیاون کاسبکار بوون و دایم تێکۆشاون و خۆیان ژیاندووە و نەیانهێشتووە بتوێنەوە و زۆر مرۆڤی دەوڵەمەند و زانا و دانا و عالم و سنعەتکار و هونەرمەندیان لێ هەڵکەوتووە، هیچکات ئاوارەیی و بندەستی نائومێدی نەکردوون و چۆکیان دانەداوە، هەموو کات لەو بندەستییەی کە تێیدا بوونە هەر هەوڵیان داوە و لە هەموو بارێکی ژیان تێکۆشاون، هەمووکات دەستی یارمەتییان بۆ یەکتر درێژکردووە و بەزەیان بە یەکتردا هاتۆتەوە، شانازییان بە یەکترەوە کردووە و ئێرەیی و حەسوودییان بە یەکتر نەبردووە. هیچ کات بۆ ماڵی دنیا خۆیان نەفرۆشتووە، نهێنیی دڵی خۆیان لەلای بێگانە نەدرکاندووە و هیچ کات باوەڕیان بە بێگانە نەکردووە. تەواوی مێژووی ژیانیان پڕە لە ئەزیەت و ئازار، تا ئێستاش ئەو ڕۆژگارە تاڵانەی ژیانیان لە بیر نەچۆتەوە و هەموویان وشە بە وشە نووسیوە و بۆ منداڵەکانیان دەیگێڕنەوە کە چییان لە مێژوودا بەسەر هاتووە. تەنیا لە شەڕی جیهانی دووهەمدا شەش ملیۆن جوولەکە قەتڵ و بڕکران، بێجگە لە خاکی کوردستان کە تەنیا بۆ بەڵگەش جوولەکەیەک خوێنی نەڕژا. لێرەدا پێویستە بگوترێ کە ئایا بۆچی؟ تەنیا لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵانی مرۆڤ چووک و بێدەسەڵات و بێ پشتیوانن، دەبێ قەتلو بڕ بکرێن و ببنە کۆیلەو بندەستی زۆرداران. پاش دووهەزارو پێنجسەد ساڵ ئاوارەیی و بندەستی و کۆیلەیەتی، جوولەکەکان لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٨ بە ئەمری چوار زلهێزی گەورە یانی ئەمریکا، ڕووسیا، ئینگلستان، فرانسە بڕیاری دروستبوونی دەوڵەتێکی ئیسرائیلی ڕاگەیێندرا. لێرەدا کارمان بە سوود و قازانجی ئەو چوار زلهێزەوە نییە لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل. گرینگ ئەوەیە کە ئەو نەتەوەیە پاش سەدان ساڵ بوونە خاوەن دەوڵەت. بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی ئیسرائیل تاکوو ئێستا حەوت شەڕی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبدا کردووە. لە پاش ساڵی ١٩٤٨ جوولەکەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ خاکی ئیسرائیل. ئەو جوولەکانەی کە ئێستا لە ئیسرائیل دەژین، هی سەدو پازدە وڵاتی جیهانن و بە هەشتاوپێنچ زمانی جیاواز قسە دەکەن.

جوولەکەکانی سەرانسەری جیهان لە هەر وڵاتێک کە ژیابن، سەرەرای ئەوەی کە زمانی ئەو نەتەوەیان زانیوە بە زمانی تریش قسەیان کردووە کە تایبەت بە خۆیان بووە بۆ ئەوەی کە کەس تێیان نەگات. زمانی سەرەکی لە ئیسرائیل زمانی عیبرییە کە نزیکە لە عەرەبی کە زمانی تەوراتە. عیبریزانان و زماناسانی ئیسرائیل هەمووکات هەوڵ دەدەن بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی عیبری.



**گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکانی کوردستان بە پێی مێژوو و قسەی پیرە پیاوانی کوردە جوولەکەکان :**

جوولەکەکانی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە زمانی کوردییان وەکوو هەموو هاوڵاتیەکی کورد زانیوە، بە زمانی عەمرانی کە زمانی ئاشوورییەکانە قسەیان کردووە بۆ ئەوەی کە کەس تێیان نەگات و زمانی تەوراتیشیان هەر بە زمانی ئاشووری بووە، نوێژ و تاعەت و خواپەرستیشیان هەر بە زمانی ئاشووری کردووە. تەوراتی کوردە جوولەکەکانی کوردستان کە بە زمانی ئاشووری نووسراوە یەکێکە لە تەوراتە باشەکان و جێگای باوەڕە، کە قسەی لە سەر نییە. ئەگەر باسمان لەسەر پوختەی ڕەگوڕیشە و ڕەگەزی جوولەکەکانی دنیا بێ، دەبێ بڵێین کە جوولەکەکانی کوردستان لە ڕەگوریشەدا لە جوولەکەکانی تەواوی دنیا بێغەلوغەشترن و زیاتر لە جوولەکەکانی تەواوی دنیا قەومییەتی ئەسڵی خۆیان پاراستووە، کە ئەوەش مرۆڤایەتی گەلی کورد دەسەلمێنێ کە هیچ کات کوردەکان زوڵموزۆریان لە جوولەکەکان نە کردووە.

لەپاشساڵی ١٩٥٠ لە لایەن ئینگلیزەوە بە کوردە جوولەکەکانی کوردستان ڕادەگەیەندرێ کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ گەڕانەوە بەرەو خاکی ئیسرائیل. گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکانی کوردستان پاش دووهەزاروپێنچسەد ساڵ لە خاکی کوردستان، گەورەترین کۆچی کوردە جوولەکەکانە بۆ خاکی ئیسرائیل . کوردە جوولەکەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا ژیاون . لەلایەن ئینگلیزەوە بە ئاغاکانی کوردستان ڕادەگەیەندرێ کە ئاگاداری کوردە جوولەکەکان بکەن و نابێ هەتا کاتی گەڕانەوەیان کارو کاسبی بکەن . تاکوو ماوەی یەک ساڵ کوردە جوولەکەکان کاروکاسبییان نەکرد، هەرچەندە کوردە جوولەکەکانی کوردستان زوربەیان دەوڵەمەند و پارەدار و خاوەن ژیانێکی



باش بوون و ژیانیان بە گشتی گەلێ باشتر بوو لە خەڵکی کوردستان.

لە سالی ١٩٥١ پێیان ڕادەگەیێنن کە خۆیان ئامادەبکەن بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی ئیسرائیل، کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو گەڕاجی شارەکان بە ڕێ کەوتین بۆ سواربوونی ئۆتۆمۆبێل تاکوو بەرەو بەغدا بڕۆین.

کوردەکانی کوردستان زوربەیان دوکان و بازێڕیان داخست و دەستیان لە کار هەڵگرت و لە شار و گوندەوە خەڵک هاتبوون بۆ خواحافیزیی دواجارمان. ئەگەر دەرزیت هەڵدابایە ئاسمان ، بەر هەرد نەدەکەوت ، تەواوی خەڵکی کوردستان بۆمان بە پەرۆش بوون ، خەلکی کوردستان ئەوەندە بۆمان چاو بە گریان بوون دەتوت خۆشەویستیان لێ مردووە. بەڵێ هەر لە گەراجی شار پێش سواربونی ئۆتۆمۆبیل پۆلیسی تایبەت دەستیان کرد بە گەڕانی جلکوبەرگو باخەڵمان . هەرچی پارەو زێڕێ کە پێمان بوو لێیان ساندین ، هەتا نەفەری لە دوو دەست جلکوبەرگ و ساعەتێک و بیست دینار پارە زیاتر هیجیتریان پێ نەهێشتین. بە پۆلیسەکانمان وت کە بۆچی ڕووتمان دەکەنەوە، لە وەڵامدا وتیان ئەمرمان پێ کراوە کە نابێ جلوبەرگ و پارەوزێڕ لەگەڵ خۆتانا بەرن، چونکە ماڵی دەوڵەتە. بەڵێ سواری ئۆتۆمبیل بوین، بەرەو بەغدا بە ڕێ کەوتین. پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە شاری بەغدا، گەلێ باسی دینیان بۆ کردین و پێیان وتین کە



خاکی ئیسرائیل چەند پیرۆز و موقەددەسە. ئەو چەند ڕۆژە لە زۆربەی گفتوگۆکانیاندا زیاتر باسی پیرۆزیی خاکی ئیسرائیل و دینیان بۆ دەکردین. ئێمەش سادە و خۆشباوەڕ، هەموو قسەکانی ئەوانمان بەدڵ وەردەگرت، وامان دەزانی گفتوگۆکەران پیاوی ئاینی و ڕاستگۆنە. لەپاش چەند ڕۆژ مانەوە لە شاری بەغدا کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو فڕۆکەخانەی بەغدایان بردین، پێش سواربوونی فڕۆکە لەوێیش پۆلیس دەستی کرد بە گەڕانی نێوباخەڵ و جلوبەرگمان، هەرچییەکمان پێ مابوو لەوێش بۆ جارێکی تر ڕوتیان کردینەوە. ئێمە لامان سەیر بوو کە بۆچی ئەوەی بە ڕەنجی شانمان پەیدامان کردووە لێمانی دەستێنن. پۆلیسەکان دەیانوت نابێ ماڵی ئەو وڵاتە لەگەڵ خۆتانا بەرن. بەڕاستی هۆی ئەو کارەمان نەدەزانی . سواری فڕۆکە بووین و بەرەو خاکی ئیسرائیل بەرێ کەوتین، لە دوای گەیشتن بە خاکی ئیسرائیل، لە فڕۆکەخانە دایانبەزانین و گەلێ گفتوگۆی تریان بۆ کردین، پاشان کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو ئۆردوگا بردیانین و هەر ماڵەی چادرێکیان پێ داین، جار بە جاریش سەرکردەکانی دەوڵەت بە جلوبەرگی دڕاوەوە دەهاتن و کۆیان دەکردینەوە و پێیان دەوتین کە چۆن کاربکەین و خاکی ئیسرائیل ئاوەدان بکەینەوە. ئیسرائیلی ئەو سەردەمە وڵاتێکی وشک و بێ ئاو وبێ کارگە و بێ دارودرەخت و زڕ بوو، هەتا بڵێی ناخۆش و لە هەموو بارێکەوە کەموکووڕی هەبوو، تەنانەت بۆ تۆزە

ئاوخواردنێک دەبوو ریزبگرین، ئەویش چ نان و ئاو خواردنێک ، کە سکی هیچمانی پێ تێر نەدەبوو. دەبوو کار بکەین و نان پەیدا بکەین تاکوو لە برساندا نەمرین، ئەگەر کارمان نەکردبا نەدەژیاین. ئیسرائیلی ئەو سەردەمە پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە و دروستکردن و بنیات نان هەبوو. هەرچی کاری گران و ناخۆش بوو بەر ئێمە دەکەوت چونکە لە هەموو جوولەکەکانی وڵاتان هەژارتر ئێمە بووین، چونکە پێشتر ئێمەیان هەر لە کوردستان رووتکردبووەوە، بەو پێیە ئێمەیان بۆ کرێکاری و کارە سەختەکان هەڵبژاردبوو. دەنا ئەو جوولەکانەی لە وڵاتانی ترەوە دەگەڕانەوە، هیچیان وەکوو ئێمە ڕووت نەکرابوونەوە. هەموویان پارەی باش و ژیانی باشیان هەبوو، وەکوو پێشتر ئێمەیان تێگەیاندبوو وا نەبوو. بۆ ئێمەی کوردە جوولەکەکان باسی دین و خواو ئاینیان دەکرد، کەچی جوولەکە ئەمریکایی و ئەوروپاییەکان تێروپڕ و ژیانی خۆش و بە پارەی زۆرەوە لە کۆشکەکاندا نیشتەجێ بوون، دەیانخوارد و ڕایاندەبوارد لە کەنار زەریاچەو لە سەر لمی زەریاکاندا نێرومێ ڕووت دەبوونەوەو مەلەیان دەکرد، کەچی بۆ ئێمە حەرام و گوناه و تەنانەت سەیرکردنیش بۆ ئێمە نەهاتبوو. برسێتی و نەبوونی بە تەواوی سەری لێ شێواندبووین. سەد جار ئاواتەخوازی مەرگی خۆمان بووین، ئاخمان بۆ خاکی کوردستان هەڵدەکێشا بەڵام کار لە کار ترازابوو. بە پێی ئەو ڕووتکردنەوەمان لە خاکی کوردستان ، دیارە لە مێژبوو ئەو نەخشەیەیان بۆ کێشابووین بۆ ئەوەی وەکوو کۆیلەو بندەس ڕەفتارمان لەگەڵدا بکەن، کارە سەخت و گرانەکانیان بۆ ئێمە دانابوو، وەکوو جادە دروستکردن و کرێکاریی خانووبەرە و دارچاندن. تەواوی سەرکردە و سەرکردەکانمان جوولەکەکانی وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپا بوون، ئێمە لە بەردەستی ئەواندا کارمان دەکرد، ئەوان ئاغا و ئێمەش نۆکەر. پاش شەش حەوت مانگ لەژێر



چادر و کەپردا کۆمەڵ کۆمەڵ بۆ جێگای تریان بردین ، بۆ ئەو گوندانەی لە تەنەکە و چیمەنتۆ بۆمان دروست کرابوون، هاوینان گەرما و زستانان سەرما، بێ دکتۆر و دەرمان، گەلێ پیرو منداڵمان لێ مردن، ئیتر ئێمەو نەخۆشی و دەردەسەری، ئاواتەخوازی خواردنێکی خۆش بووین؛ خەونمان بە برنج و شلە و گۆشتەوە دەدیت، بە ناچاری ملمان لە کار نا، بەردمان دەشکاند، جادەمان دروست دەکرد، لەسەر گرد و شاخەکان دارمان دەچاند، بە کەر و هێستر یا بە کۆڵ گڵ و خۆڵمان بۆ سەر چیا ڕووتەکان دەگوێزایەوە، بەرمیلە ئاومان بۆ نەمامەکان سەر دەخست. ئەو هەموو ڕەنج و کۆششەی دەمانکرد بەشی نانە سکەکەشی نەدەکردین. ئێمە دەمانکرد و جوولەکە ئەوروپییەکان دەیانخوارد. هەرچەندە هەموومان جوولەکە بووین بەلام جیاوازیی ئەرزوئاسمانمان لە بەیندا بوو. ئەگەر باسی ڕەنج و تێکۆشانی کوردە جوولەکەکانی کوردستان لە سەر خاکی ئیسرائیل بکەین، سەرپاکی خاکی ئیسرائیل بە دارستانە چڕەکانیەوە، بە جادە دروستکردن و ئاژەڵداری و ......هتد ، ئەوانە هەمووی لە سایەی ڕەنج و تێکۆشانی کوردە جوولەکەکانەوە هاتۆتە بەرهەم، دەتوانین بڵێین کوردە جوولەکەکان گەورەترین ڕۆڵیان لە ئاوەدان کردنەوە و گەشەکردنی ئیسرائیلدا بینیوە.

بە گشتی کوردە جوولەکەکان لە خاکی ئیسرائیل گوندنشین و گوندی سەربەخۆیان هەیە . یانی گوند هەیە کە هەر هەمووی کوردنشینە . زیاتر لە سێسەدهەزار کورد لە ئیسرائیل دەژین . ئەگەر باس لە ژیانی ئێستایان بکەین ، ژیانیان باشە و تاکوو ئێستاش بە گشتی گوندنشین و کاری کرێکاری و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ دەکەن . ئەگەر ژیانیان لەگەڵ خەڵکانی تری ئیسرائیل بەراورد بکەین ، دەبێ بڵێین کە ژیانی خەڵکانی تر گەلێ باشترە لە ژیانی کوردە جوولەکەکان . کوردەکان لە ئیسرائیل هیچ کاری سەرەکیی دەوڵەتیان بە دەستەوە نییە ، مەگەر تاکوتووک نەبێ ، ئەویش لە پلەی خوارەوەیە . دەسەڵاتی سەرەکیی دەوڵەت لە ئیسرائیل لە بەردەستی جوولەکەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپییدایە . بە کورتی کوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل بە چاوی سووک سەیر دەکرێن . یانی ئەگەر کەسێ لە ئیسرائیل نەزان بێ پێی دەڵێن مەگەر تۆ کوردی . من خۆم تا ئێستا هەزاران جار ئەوەم بەرگوێ کەوتووە کە بە کوردەکان دەڵێن نەزان و دواکەوتوو و کەللەڕەق و ئەم بە سووک سەیرکردنە وەک پەندی لێ هاتووە . هەڵبەت بە سووک سەیرکردنی کوردەکان سیاسەتی دەوڵەت خۆیەتی ؛ دەوڵەتیش لە بەردەستی جوولەکەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپییدایە . لە ڕاستیدا کوردەکان لە هەموو بارێکی ژیان بێبەشترن لە جوولەکەکانی وڵاتانی تر و لە چاو ئەواندا گەلێ دواکەوتووتر ماونەتەوە. بە پێی ئەو هەموو ڕەنج و کارەی کە لەسەر خاکی ئیسرائیل کێشاویانە ، دەبوو کوردەکان ژیانیان گەلێ باشتر با ، بەلام هیچ کات حیسابی ڕەنج و کاریان وەکوو خەڵکانی تر بۆ نەکراوە . کوردە جوولەکەکان بە هۆی ڕەنجکێشان و کارکردن و نان پەیداکردنەوە هیچ کات توانای ئەوەیان نەبووە کە وەک خەڵکانی تر بخوێنن و بەرەو پێش برۆن . دەوڵەتیش بۆ ئەوەی کە کوردەکان هەروا بە نەخوێندەواری بمێننەوە ، ژیانی سەخت کردوون ، بۆ ئەوەی هیچ کات پلەی زانستییان نەگاتە ئەو ڕادەیە تاکوو کاری سەرەکی بە دەستەوە نەگرن ، کاری دەوڵەتیان بەردەست نەکەوێت و ئاگاداری هیچ شتێ نەبن . دەوڵەت کە حەز بەوە ناکات کاری سەرەکییان بە دەستەوە بێ ، بۆ ئەوەیە کە نهێنیی دەوڵەت نەکەوێتە بەردەستیان ، نەکوو ڕۆژێ پشتی گەلی کورد بگرن . لایەنێکی دیکەی ئەم سیاسەتەش ئەوەیە ، دەوڵەت بە جیهانی بسەلمێنێ کە کورد نەزان و دواکەوتوون ، بۆیە بە هیچ ناگەن . دیارە بە پێی پیلانی جیهانخۆرەکان کە کاتی خۆی کوردە جوولەکەکانی کوردستانیان ڕووت کردۆتەوە ، ئەوە دەگەیەنێت کە سیاسەتی جیهانخۆران بەرانبەر بە کورد چۆنە . هەر بۆیەش هەتا ئێستا کوردە جوولەکەکانی کوردستان هەر بە چاوی سووک سەیر دەکرێن و هیچ کارێکی سەرەکیی دەوڵەتیان پێ ناسپێرن . ئەگەر بە پێی قەدر و ئیحتیرامیش بێ جوولەکەی وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپا گەلێ قەدر و نرخیان زۆرترە لە جوولەکەی وڵاتانی تر .

ئەو منداڵانەی کە لە خاکی ئیسرائیلدا هاتوونەتە دنیاوە



زۆر بە کەمی خۆیان بە کورد دەزانن . لە ڕاستیدا پێیان شەرمە کە بڵێن کوردین ، دەڵێن ئێمە کورد نین ، دایکوباوکمان یان نەنک و باپیرمان کوردن ، تەنیا لەبەر ئەوەی پێیان نەڵێن کوردی نەزان .

کوردە جوولەکەکان لە خاکی ئیسرائیل تەنیا کاتی هەڵبژاردن و پەرلەمان تۆزە قەدرێکیان هەیە . لە کاتی هەڵبژاردن و پەرلەمان دەهۆڵ و زوڕنایان بۆ لێ دەدەن و هەڵیاندەپەڕێنن ، هەتا هەڵبژاردن تەواو دەبێ ، ئیتر دوای ئەوە کەس حیسابیان بۆ ناکات .

لە زۆربەی زۆری شایی و زەماوەندەکانی کوردە جوولەکەکان دەهۆڵ و زوڕنا لێ دەدەن و شایی و گۆرانیی کوردی و ڕەشبەڵەک دەگرن . لە زۆربەی ماڵە کوردەکان شریتی ڤیدیۆ و تەسجیل بە کوردی هەیە . زۆربەیان تاکوو ئێستاش حەز بە کورد و کوردستان دەکەن . بەلام قەومییەت و دین بە لایانەوە زۆر گرنگە . لە زۆربەی ڕۆژانی هەینی گۆرانیی کوردی لە ڕادیۆ بڵاودەکرێتەوە . لە ڕۆژانی شەمموو کە ڕۆژی پشوودانە زۆربەی کوردەکان خواردنی کوردی چێ دەکەن ، کە وەکوو خۆراکێکی فۆلکلۆری تاکوو ئێستاش لە ناویاندا ماوەتەوە . زۆربەی خواردنە کوردییەکان دروست دەکەن وەکوو دۆڵمە و کفتە و کوببە و برنجوشلە و ساوەر و هتد ...

کوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل تا ئێستاش هەر بە چاوی کورد سەیر دەکرێن و ئەوانەی کە تەمەنیان لە چل ساڵ بەرەو سەرە کوردی دەزانن . بە تایبەت پیرە بە تەمەنەکان زۆر بە باشی کوردی دەزانن و قسەی پێ دەکەن .

جێژنێکی گشتی هەیە کە پێی دەڵێن کەپرەشینە لە هەوەڵ مانگی پاییزدایە . دوو ڕۆژ لە جێژنی کەپرەشینە هی کوردەکانە ، کە لەو دوو ڕۆژەدا کوردەکان ئاهەنگ دەگێڕن . ئاهەنگ گێڕانی کوردەکان لە پارکێکی گەورە لە یەکێ لە شارەکانی ئیسرائیل دەست پێ دەکا. ئەو ئاهەنگە تایبەت بە کوردەکانە و دوو شەووڕۆژ دەخایێنێت . پێشەکی ئاهەنگەکە بە قسە و گفتوگۆکردنی پیاوە سیاسییەکان و ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆک وەزیر و وەزیران دەست پێ دەکات لەسەر ژیان و مێژووی کورد و کوردستان ، کە کورد چەند ملیۆنە و بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کراوە و چۆن دەچەوسێتەوە . ئەوجا ئاهەنگەکە دەست پێ دەکات بە شایی و هەڵپەڕکەی کوردی و بە جلکوبەرگی کوردییەوە، بە ئاهەنگی دەهۆڵ و زوڕنا. جا ئەو جارەی دەستە دەستە تیپی مۆسیقای کوردەکان لەگەڵ گۆرانیبێژە کوردەکان دێن و دەست دەکەن بە ئاهەنگ گێڕان . هەتا دوو شەووڕۆژ ئەو ئاهەنگە بەردەوامە . لەو ئاهەنگەدا زۆربەی کوردەکان بەشداری دەکەن و هەروەها خەڵکانی غەیرەکوردیش گەلێ بەشداریی ئەو ئاهەنگە دەکەن . لەو ئاهەنگە کا تایبەت بە کوردەکانە زیاتر لە پەنجا - شێست هەزار نەفەر بەشداری دەکەن . بێجگە لە ئاهەنگی کەپرەشینە کە زۆربەی ئاهەنگەکانی بە زمانی کوردییە ، کوردەکان هیچ جۆرە جووڵانەوەیەکی فەرهەنگی و باس و لێکۆڵینەوە و کۆبوونەوەیان لەسەر کورد نییە .

هەرچەند گەلێ لە پیرەپیاوان و تاک و تووکیش گەنجەکان زۆر حەز بە کوردستان دەکەن ، ئەو منداڵانەی کە لە ئیسرائیل لەدایک بوون ، باسی کوردستانیان تەنیا بە شێوەی چیرۆک لە لایەن دایکوباوک و نەنک و باپیریانەوە بۆ گێڕدراوەتەوە ، وەکوو خەیاڵ و ئەفسانە بیر لە کوردستان دەکەنەوە ، بەلام زۆریشیان حەز بە دەنگوباسی کوردستان دەکەن . سەرەڕای هەموو ئەوانە قەومییەت و دین بە لایانەوە زۆر گرنگە .

خوێندن لە ئیسرائیل تەنیا بە زمانی عیبرییە ، کە زمانی سەرەکییە . هەڵبەت زمانی ئینگلیسی لە خوێندندا دەوری هەیە . ئەگەر باس لە زمان و فەرهەنگی کوردی لە ئیسرائیل بکەین ، تەنیا بە شێوەیەکی فۆلکلۆری ماوەتەوە ، دەنا هیچ باوێکی نییە . یانی دەبێ بڵێین کە زمان و فەرهەنگی کوردی لە ئیسرائیل ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو



لەناوچوون دەچێ . لە ناو کوردە جوولەکەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان کە گەڕاونەتەوە بۆ ئیسرائیل زیاتر کوردە جوولەکەکانی کوردستانی عیراق ناوبەدەرەوەن و زیاتر ئەوان بە کورد دەناسرێن . لە ناو ئەمانیشدا زیاتر جوولەکەکانی بەشی بادینان ناوبەدەرەوەترن و زیاتر گیانی کوردییان هەیە .

کاتێ کە بە جوولەکەکانی کوردستان دەڵێن  کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ گەڕانەوە بەرەو ئیسرائیل ، لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان ڕادەگەیێنن نابێ خانوویەرە و زەوی و باخ و باخات بفرۆشن ، ئیتر حەقی فرۆشتنی هیچ شتێکیان نەبووە و ئەوەی کە پێشیان بووە وەکوو زێڕ و پارە و جلکوبەرگ و پێخەف ، هەموویان لێ ساندوون . ڕووتکردنەوەی کوردە جوولەکەکانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتەوەو بە هەژاری گەڕانەوەی کورد یەکێ لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئینگلستان بووە . لێرەدا پێویستە بڵێم کە خوێنەری خۆشەویست پێویستە لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم وتارە خۆی لێکدانەوەی بۆ بکات ، کە نیازی جیهانخۆران و سەیرکردنی کوردان لەلایەن جیهانخۆرانەوە چۆنە ! .

ساسۆن

ئیسرائیل ٣٠-٥-١٩٩٣



# کۆنگرەی شووشان

عەبدوڵڵا پەشێو

دوێنێ کۆنگرە بوو ،
کۆنگرەی شووشان بوو ،
هەر وڵاتێک و شووشەیەکی نارد ،
هەر شووشەیەک و بەسەرهاتی خۆی
پوختە گێڕاوە :
چەند قاوەخانە و چەند ماڵ گەڕاوە ،
لەسەر چەند مێزان تاج بەسەر بووە ،
چەند دەمی دیوە و چیی تێکراوە !
پێش ئەوەی کۆنگرە کۆتایی ی پێ بێ ،
بوتڵێکی ڕەشــی
لە سپێدەوە کڕ و کپ و مۆن ،
قوت بۆوە و هاتە بەردەم میکرۆفۆن :
" خوشکان !
برایان !
من وەکوو ئێوە سەربردەم نییە .
نە مێزم دیوە ،
نە کۆڕی یاران .
نە گەشتی لادێ ،
نە باڕی شــاران .
ڕاستیتان دەوێ ؟!
ئەو ڕێیە دوورەم بۆیە بڕیوە
تا پێتان بڵێم :
من شــووشــەی بەعســم ،
لە پاش و پێشی مرۆڤ بترازێ هیچم نەدیوە

# ڕانانی کتێبان

## ئیبراهیم مەحموود : صورة الأكراد عربيا بعد حرب الخليج ، ١٩٩٢، ٢١٦ لاپەڕە

نووسەری ئەم کتێبە ، « ئیبراهیم مەحموود » نووسەرێکی کوردی عارەبینووسی کوردستانی بەشی سووریایە. سەرجەمی کتێبەکانی گفتوگۆ و ڕەخنە گرتنە لە پانتاییی ئاوەزی بیرکردنەوە و ئاستی تێفکرینی ڕۆشنبیری عارەب ، دەرهەق بە کێشەی گەلی کوردستان، وەک مێژوو و جوگرافیا و قەوارە و زنجیرە کارەساتەکانی کە لە پێناوی مافە ڕەواکانی کە ئەویش ڕزگار بوونە لە بندەستی داگیرکەری ڕژێمی عارەب تێدەکۆشێ.

نووسەر بە تێڕوانینێکی بابەتیانە و پشت بەستن بە ڕەخنەی بنیاتنەرانە بەرانبەر بیرتەنگی و ئاستی بیر کردنەوەی بەدوانەی ( بدو - کۆچەر ) و ڕۆشنبیرانی عارەب هەڵدەکاڵێ. ئەم دەست نیشانکردنەشی لە خوێندنەوەی نووسینەکانی ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە سەرچاوە هەڵدەگرێ کە دوای شەڕی کەنداو و ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەشی باشووری کوردستان و ڕزگاربوونی ئەو بەشە لە بندەستی داگیرکەر و دەماری ڕەگەزپەرستانەیانی وروژاند بۆ نووسین و هەڵوێست وەرگرتنیان دژی ئەو وەرچەرخانە سەرنجکێشە .

لەو کاتەی کە ڕژێمێک بە دڕندانەترین شێوە گەلێک تەفروتونا دەکا و گەلی عارەبیش تووشی گەورەترین هەڵاتن و سەرشۆڕی لە مێژووی تازەیدا دەکا ، کەچی ڕۆشنبیرانی عەرەب بە شان و باڵی پاڵەوانیی (عروبە) هەڵدەڵێن و پیرۆزبایی لە تاوانەکانی سەددامی جەللاد دەرهەق بە گەلی کورد دەکەن . ئا ئەم بێهەڵوێستییە و ئەم ڕووخانە چاوەڕوان نەکراوەی ڕۆشنبیرانی عارەب ، ئیبراهیم مەحموود لە دوودڵیی ئەو چاوەڕوانییە ڕزگار دەکا. نووسەر لە سەرەتای کتێبەکەیدا ، بە ناوی «ڕوونکردنەوەی هەڵوێست » ەوە دەنگ هەڵدەبڕێ و دەڵێ:

« دەبوایە لە بەرانبەر گەلەکەم بە ئەرکی خۆم هەستم ، ناسناوەکەم زێتر دیاری بکەم ، وا من لە مەڕ تیتاڵ تیتاڵ بوونی دەنووسم. لە مەڕ کوردایەتییەکەم دەنووسم کە لە چەندان ئاستی عارەبیدا سووکایەتیی پێ دەکرێ و کەرامەتی پێشێل دەکرێ : هەتا خۆم لە زۆرداریی عارەبایەتییەکەم ڕزگار بکەم، کە وەک بوون و ڕۆشنبیری لە ناومدا نشعەتە ، بۆ ئەوەی تافی کوردایەتییەکەم نیشان بدەم و پاکییەکی ڕابگەیەنم کە بێتاوانە، تاوانبار کراوە ...»

ئا بەم جۆرە نووسەر کە ناسنامەکەی پێشێل دەکرێ ، گیانەکەی ڕادەپەرموێ و بە هێمنی ڕۆشنبیرانی عارەب دەخاتە بەردەم گفتوگۆیەکی جەدەلییانە و دادگای هەقبێژی . بەوە ناوەڕۆک و ( ماهية ) لە ڕۆشنبیرانی عارەبمان بۆ ئاشکرا دەکا کە لە ئەنجامدا لە هەڵوێستی سەربەخۆ بە دوورن و دەربڕی سیاسەتی داگیرکەرانەی ڕژێمەکانیانن .

دوای شەڕی کەنداو و ڕاپەڕینی مەزن و کارەساتی کۆچڕەوی کوردستان ، وەک بەرچاوترین ڕووداوی ساڵی ١٩٩١، زلهێزەکانی دنیا ناچار بوون چیتر مێژوو و خاک و چارەنووسی گەلێک کە خاوەنی هەموو مەرجەکانی دەوڵەتی سەربەخۆیە ، نەکەنە قوربانی بەرژەوەندیی نێو دەوڵەتان. دەنگ هەڵبڕینی کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی دنیا بۆ پشتگیریکردنی گەلی کوردی کوردستانی باشوور و پاراستنی سنووری کوردستان لە لایەن خاوەن زلهێزەکان ، کێشەی کورد گەیشتە ئاستێکی تر و لە کێشەی ناوخۆیەتی تێپەڕی . ئەو کاتەش گەلی کورد بەر لە هەموو کەسێک داوای هەڵوێست و بە دەنگهاتنی ڕۆشنبیرانی عارەبی دەکرد ، کەچی بەشی هەرە زۆری ئەو ڕۆشنبیرانە کە مێژووی پەیوەندییەکی دوور و درێژ بە گەلی کوردیان



دەبەستێتەوە، تەواو پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییە بوون . دەنگیان دایە سەددامی خوێنڕێژ و دیکتاتۆر ، گەلی کوردیان بە دابەشکەر و هەڕەشە لێکەری خاکی عەرەب تاوانبار کرد . بەوەش ڕۆشنبیری عارەب وەک ڕژێمەکانیان گەلی کورد بە کەمایەتی و بێبەش لە مافە ڕەواکانی خۆی سەیر دەکەن و داخوازن گەلی کورد بۆ درووشمی ئوممەی عەرەب و یەکێتیی خاکی عەرەب ملکەچ بکەن .

نووسەر لە کتێبەکەیدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە ڕۆشنبیری عارەب پاشکۆ و وابەستەی پێکهاتەی ڕژێمە تایفەگەر و شۆڤینییەکانیانن. هەروا وێڕای ئەوەش بە لێکۆڵینەوە و پشکنینی ناوەڕۆکی بەڵگە و سیاسەتی حیزبە شیوعییەکانی ئەو دەوڵەتانەی عارەب، کە کوردیان تێدا دەچەوسێننەوە وەک سووریا و عێراق و وێڕای هەندێ جیاوازی نێوانیان لە مەڕ کێشەی کورد ، بە بیانووی برایەتیی کورد و عارەب و نێونەتەوەیی چەندان ساڵە ڕاستیی ئەو برایەتییەیان شێواندووە و هەوڵیان داوە خەباتی کورد لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانەکەی لە دووتۆی برایەتیی عارەب و کورددا بتوێننەوە و بەشێک لەو کوردانەی کە سەر بەو حیزبانە بوون لە خزمەتی بەرژەوەندی باڵادەستی نەتەوەی عارەب بە کاریان بێن. لە جەدەلی گفتوگۆ کردن و ڕەخنەگرتنی نووسین و وتارەکانی ڕۆشنبیرانی عارەب ( ئیبراهیم مەحموود ) بۆ ئەو ڕۆشنبیرە ویژدان تەپیو و کەمزانانە ڕوون دەکاتەوە کە کورد بە پشت بەستن بە هەموو بەڵگە مێژوویی و لۆژیکییەکان ، مەرجەکانی نەتەوەییی تێدایە و خاوەنی کیانێکە لە هەموو لایەنێکەوە لە عارەب زێتر ئەو سیفەتەی تێدا بەرجەستە دەبێتەوە . لێرەدا دیسان ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆشنبیرانی عارەب چونکە بە هەست و ئاوەزی تایفەگەرییەوە ئاوێزانن ، دوورن لە تێگەیشتنی دەلالەتە زانستییەکانی سەردەم و خاوەن ناسنامەی سەربەخۆ ، بەوەش هەتا ئێستا ڕۆشنبیری عارەب کۆیلەی سیاسەت و مەرام و بڕواداریە ئیسلام ئامێزەکانی ئەو ڕژێمانەن ، هەر وەک لە کۆندا وا بوون . ئێستاش هەمان ئەرکە کە بە ئاگایی ڕادەپەڕێنن .

نووسەر بەشی بەر لە کۆتاییی کتێبەکەی بە پاشکۆیەک بە ناوی « کاتێ ئارەزوو بە ناوی هۆش بڕیار دەدا » کە بۆ ڕاوەستان لەسەر کتێبەکەی ( منذر الموصلی ) بە ناوی (عرب و أكراد ) ڕەخنەکەی درێژە پێ دەدا . هەر وەک نووسەر بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە ( الموصلی ) یش وێڕای درێژ کردنەوەی قسەکانی ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا تێڕوانین و هەڵوێستی لەمەڕ گەلی کورد لە ڕۆشنبیر و ئەدیبەکانی تر تێپەڕ ناکات . تەنیا هەندێ ڕاستیی مێژوویی و واقیعی نەبێت ، کە ئەویش نەیتوانیوە لەو ڕاستییانە ڕا بکات . بەڵام لە مەداری یەکێتیی خاکی عارەب و هزری باڵادەستی عەرەبییانەی دەرنەچووە. لێرەدا نووسەر بە وردی خاڵە سەرەکییەکانی کتێبەکەی ( الموصلی ) هەڵدەسەنگێنێ و وەڵامەکانیان لە شوێن دادەنێ .

کتێبەکە ، بە ( کۆتاییەکی ئاوەڵا ) کۆتایی دێت و دەڵێ : « بەر لە هەموو کەس ڕۆشنبیری عارەب لە بنەچەکەی قەومەکەیەوە ، لە بەرژەوەندی هەردوو لا بۆ گۆڕینی ئەم وێنەیە داوا کراوە ، کە هەردوولاش لە چەندان کارەساتدا پێک دەگەن ». کتێبی « صورة الأكراد عربيا بعد حرب الخليج » ڕەخنەیەکی بوێرانە و هەقبێژانەیە لە ڕووی ڕۆشنبیرانی عارەب و ڕژێمەکانیان . هەروا لە دادگادانی مرۆی وڵاتانی عارەبە بە دەسەڵاتە داگیرکار و دیکتاتۆرەکانیانەوە، پێویستی بە لەسەر ڕاوەستان و خوێندنەوە و گرنگی پێدانە لە لایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە.

هەندرێن

ستۆکهۆڵم

# شارەزایی و ناشارەزایی
# لە ڕانانی کتێبی شۆڕشی کوردستان
# و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا

حیکمەت محەمەد کەریم ( مەلا بەختیار )

لە لاپەڕەی ( ٤٤ و ٤٥ ) ی ژمارە ١٦ ی گۆڤاری ( مامۆستای کورد ) دا کتێبی ( شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم ) کە لە نووسینی بەندەیە ، لە لایەن کاک ( کۆچەر ) ەوە ، هەڵسەنگێندراوە . نووسەر هەوڵی داوە سەرجەم کتێبەکە کە ( ٢٨٦ ) لاپەڕەیە بگوشێتە هەڵسەنگاندنێکی زۆر کورت ، ئەمەش لە ڕووی زانستی ڕانان و ڕەخنەی زانستییەوە مەحاڵە . بە هەر حاڵ .. وەڵام دانەوەی کاک کۆچەرم بە پێویستی باشتر پێناسە کردنی گەوهەری کتێبەکە زانی .

## ناو و ناوەڕۆکی کتێبەکە

لە بەشێکی ڕانانی کتێبەکەدا کاکە کۆچەر دەڵێ ( ناوی کتێبەکەی مەلا بەختیار و ناوەڕۆکەکەی زۆر یەکدی ناگرنەوە ) ، لە درێژەی ئەم بەشەدا وا چاوەڕوانە باسی مێژووی دوور و درێژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانم بکردایە ... هتد.

لە پێشەکیی کتێبەکەدا ڕوونم کردۆتەوە کە وا گەوهەری کتێبەکە لە سەر گۆڕینی ستراتیژیی خەباتی چەکدارییە لە شاخەکانەوە بۆ شارەکان ، ئەمیش وەک یاسای شۆڕشی چەکداری . ئەوەی ئاگای لە کوردایەتیش بێ دەزانێ کە وا ڕێبازی شۆڕشی درێژخایەن وەک یاسای ڕزگاری لە دوای شۆڕشی ئەیلوولەوە بە شێوەیەکی گشتی هێنراوەتە ناو کوردایەتی و لە دوای هەرەسی ( ١٩٧٥ ) یش کە سەر لەنوێ شۆڕش هەڵگیرسایەوە ، بە شێوەیەکی تایبەتیش زیاتر لە شۆڕشی ئەیلوولیش ئەم یاسای شۆڕشی چەکدارییە بە پارتی پێشڕەوە و بەرەی نیشتمانییەوە کرایە ستراتیژ . دەنا پێش ئەوەی مارکس لە دایکیش ببێ ، ڕاپەڕینی چەکداری لە کوردستاندا بەرپا کراوە. قسەمان لە بناغەکانی یاساکانی ستراتیژەکەیە. لە دووتوێی بابەتەکانیشدا شۆڕبوونەوەیەک بە مێژووی ڕاپەڕینە چەکدارییەکانی کوردستان لە پێشەکییەوە هەتا کۆتاییی کتێبەکە هەیە.

## ڕاپەڕینی گەلان

لەو ڕستانەدا کە باسی ڕاپەڕینەکانی گەلانی دیکە کراون بۆ بابەتەکانی باسەکە زۆر پێویستن ، چونکە ، جارێ لە سەراپای کوردستاندا هەتا ئێستاش شۆڕشی چەکداری بە یاسای ڕزگاری دەزانرێ . تێزی ئەم یاسای ڕزگارییەش لە ئەزموونی شۆڕشی گەلانەوە گوێزراوەتەوە ناو کوردایەتی . کاتێک کتێبێک لە گۆڕینی ستراتیژی خەباتی میللەتێک دەکۆڵێتەوە و ستراتیژییەکەشی لە ئەزموونی گەلانی دیکەوە خوازرابێ، زۆر گرنگە ئەو ئەزموونانە دوای قوربانییەکی بێژماری دەیان ساڵە ، دوای دەرکەوتنی ڕاستییەکان بدرێتەوە بەر ڕۆشنایی ی ڕووداوەکانی سەردەم. ناکرێ ستراتیژییەک ڕەت بکرێتەوە بەبێ ئەوەی چۆنیەتیی هەڵقوڵانی سەرچاوەی ستراتیژییەکە پەی پێ ببرێ . هیچ فەلسەفەیەک و هیچ ڕێبازێکی ئایدۆلۆژیی نوێ ناتوانێ خۆی بچەسپێنێ بەبێ بەتاڵکردنەوەی زانستییانەی فەلسەفە و باقیی ڕێبازەکانی پێش خۆی . ستراتیژی خەباتی شۆڕشگێڕانەش هەر وایە .

## مارکسیزم و پارتی پێشەنگ و شەڕی چەکداری

لە ناوەڕاستی ڕانانەکەدا ئەوەی (هەرە سەرنجڕاکێشە) و ( ناتەبا ) یە لای کاکە کۆچەر ئەوەیە کە من دەمەوێ « شکانی مارکسیزم و شکانی تیۆری پارتی پێشەنگ و شەڕی چەکداریی مارکسیستانە » دابڕم و بە ئەنجامی یەکدییان نەزانم . جارێ تیۆری پارتی پێشەنگ و جەنگی چەکداری و ( بەرەی نیشتمانیش کە کاک کۆچەر بیری چووە ) پەیوەندییان بە مارکس و ئەنگلز و لینینەوە نییە . ئەو تێزانە داهێنراوی ماوتسیتۆنگن. لە ڕووی پراکتیزە



کردنی ئەو تێزانەش بۆ ڕزگاریی عەسکەری و سیاسیی گەلان ، وەک لە پاشکۆکاندا هاتوون ، لە ( ١٩ ) وڵاتدا سەرکەوتنیان هێناوەتە دی .

هەتا ئەو قۆناغەی ئەڵتەرناتیڤێکی تۆکمە لە بری مارکسیزم گەڵاڵە نەکرێ ناتوانرێ سەرجەمی فەلسەفەکە ڕەت بکرێتەوە . لەوانە خەباتی چەکداری و پارتی پێشەنگ و ( بەرەی نیشتمانی ) یە . بابەتەکانی کتێبەکەش دەربارەی سەرکەوتن و ژێر کەوتنی تیۆریی مارکسیزم نەبووە هەتا بە وردی بابەتەکانم بۆ تەرخان کردبان . ئەم بەشە ستالین و ستالینیزمیش دەگرێتەوە کە برای نووسەر لەم بارەشەوە ڕەخنەی لێ گرتووم. شایانی باسیشە ، لە کتێبەکەدا ئۆباڵی ژێرکەوتنی پراکتیزەکردنی مارکسیزمم تەنها نەخستۆتە ئەستۆی ستالین و بەس ، بەڵکە لە هەڵەکانی لینینەوە سەبارەت بە شوورەوی و شۆڕشی ئوکتۆبەر باسم کردووە، تەنانەت ڕەخنەم لە لینین و شۆڕشی ئوکتۆبەریش بەرانبەر بە کورد و پشتیوانی کردنی کەمالییەکان و ئاوڕ نەدانەوە لە حوکمڕانێتی شێخ مەحموود گرتووە.

## ئاشکرا نەکردنی هەڵەکان

لە بەشێکی سەرنجەکانیدا کاک کۆچەر دەڵێ ( مەلا بەختیار ) دەتوانی : « زۆر چاکتر ناتەواوی و هەڵە و تەنانەت تاوانی باڵە جیاوازەکانی بزووتنەوەکە ئاشکرا بکات، لە بەر ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژ سەرکردایەتیی یەکێک لە هێزە گەورەکان بووم » گوایە ئەمەشم بۆیە نەکردووە چونکە ( ٣-٤ ) ساڵ زیندانی بووم .

دیسان دووپاتی دەکەمەوە، مێتۆدی کتێبەکە لەسەر گەوهەری ستراتیژی چەکدارییە بۆ سەلماندنی ئەڵتەرناتیڤی ڕاپەڕین . هێندەی هەڵەی عەسکەری ، سیاسی ، تیۆری لە پەیڕەو کردنی ستراتیژی چەکداری و نە گۆڕینی بە ڕاپەڕین کراوە، بە ڕۆشنی باسم کردووە.

## بەزەیی تیۆری

بریا کاکە کۆچەر بەزەیی ی تیۆری پێماندا نەیەتەوە و بڵێ : « هەر ئەم ناشارەزایی یەش وا دەکات خوێنەر چاو لە زۆر هەڵەو ناتەواوی پێوشێ و هیوای سەرکەوتنیان بۆ بخوازێ » پێمان وایە ئەگەر ( شارەزایی )یە کەی کاک کۆچەر ، دوور لە بەزەیی تیۆری بنووسێ ، سوودی زیاترە ، چونکە هەڵەو کەم و کووڕی هەتا دەستنیشان بکرێن ... میللەتان زیاتر پێش دەکەون .

ستۆکهۆڵم


١١ ی تشرینی دووەمی ١٩٩٣

## نە دووریی یاران

دیدەم تار بییەن ، دیدەم تار بییەن  
نە دووریی یاران دیدەم تار بییەن  
دیدەی مەینەتکێش پڕ جەخار بییەن  
پڕ جەخارەکەی بێشمار بییەن  
وە ڕۆ مەنالان ، وە شەو بێخەوەن  
پەی دیدارشان ئەسرین بار بییەن  
خەمان وێنەی کووهـ وەنەم بووەن بتار  
وەهار زندەگیم مەبوو ژار مار  
تا کەی وەی دەستوور بژیم لای ئەغیار  
نە ماوا ، نە کەس ، نە وەتەن ، نە یار .

ئەحمەد محەمەد عەلی

١٩٥٢ - ١٩٩٢ ، خانەقی



# ژێ

شاعیرەکەی گەرمیان !

ئەوە یەکەم جار نییە بەو "ژێ" یە گوێم لە ئاوازی غوربەت دەبێ و هەستم با دەیبا... ژێ تاڵە باریکەکەی ڕۆحتە و لە بۆشاییدا هەڵواسراوە و بە جووڵەی با سەما دەکا...

لە - ژێ - دا گۆرانی نەرمە بارانێکی هێمن و ماتە و بەسەر شیناوەردی گیانی نامۆییدا دەبارێت .. ئەوین ڕووبارێکی ڕوون و .. نیشتمان شاکچێکی شەنگە، جەستەی شەپۆلی هەڵبەستە و بە ڕوونی دەگریێ.

هەستی باراناویت لەسەر گاشەبەردێکی زێدا هەڵخستووە و لە خۆرەتاوێ دەگەڕێی کزری کاتەوە ، هەستت هەر بە تەڕی مایەوە و ژێی لێدەچۆڕێ...

ئـــەم نامـــۆیی‌یە چ ســـەرینێکی نـــاوەتە ژێر سەری خەونەکان !

ئەم پردی گومانە چ گرێیەکی لە زمان داوە... و

ئەم گۆرانییە چ بارانێکی سەوز فێری کردی .. و

ئەم شیعرە چ نوێژێکی ئەبەدییە و ڕۆحی کردۆتە دەروێش و چیای کردۆتە پەرستگا و ڕووباری کردۆتە بەرماڵ...

" لەم تاریکستانەدا چیا هەموو (توور) ن .."

دەست لە بەرۆکی خوا بەرمەدە ، مەبادا گومان ساڵەکان کوێرکا.. و ، شەوەزەنگ شاد بێ ، برینەکان بیری قووڵن و نە یووسفێک و نە دووان و نە ســیان و نە ســەد ، زێدیان تیا ئاخنراوە زێد.

چ تارمایی یەکی ڕەنگزەردە ئەم ســێبەرە !

چ تەنافێکی درێژە تاوان ،

چ کوودەتایەکی نهێنییە با لە شاخەکانی دەکات ... و ڕۆح ئاوەژوو دەکاتەوە.

بشێ دوای ئەم جەنگە نهێنییەی نێوان ڕۆح و جەستە هێشتاش ئەستێرە ئەستێرە بکوژێ و خۆریش خۆر .

ژێ ... باوەشاسواری هێنامەوە یاد ، کە (توور) ی هەموومان بوو ، لەو پەرستگایەدا شیعرمان دەکردە ژێ و گۆرانیمان دەگوت ، . " کفری " یش ، نەک هەر بە گوێ ، بە چاویش و بە گیانیش گوێی لێ دەگرتین .

چ بێشکەیەکی بەســۆز بوو " کفری " .

مەهاباد قەرەداغـی

١٩٩٣/١١/٤



# کتێبخانەی مامۆستای کورد

هەر بەرهەمێک ( کتێب و گۆڤار ڕۆژنامە ) بە دیاری بۆ ئەم گۆڤارە نەنێردرابێ ، بە ئەرکی خۆمانی نازانین لەم بەشەدا تۆماری بکەین .

## کتێب

* بەڕۆژ ئاکرەیی: مردن لە ئاوێنەدا (شیعر)، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣،١٥٤ ل.
* ئەنوەر محەمەد تاهیر : چەند گۆتارەکێد ڕەخنەیی ، ژ بەلاڤکرنا ئەمینداریيا گشتییا ڕۆشنبیری و لاوان ل دەڤەرا کوردستانێ، هەولێر ١٩٨٨،١١٢ ل.
* خەلیل دهۆکی (ئامادەکرن و نڤیسین) : هەلبەستا هەڤچەرخ یا کوردی (ئانتۆلۆژی) ، سوێد ١٩٩٢، ٤٣١ل.
* شێخ مەهەمەد جان: لەیل و مەجنوون ، وەرگێڕ ژ تیپێن کوردی بۆ تیپێن لاتینی: زەینەلابدین زنار، پەنجینار؛ وەشانخانەیا چاندا کوردی ، ستۆکهۆلم ١٩٩٢، ٣٥٢ ل.
* زەینەلابدین زنار: سیابەند و خەجێ (دەستان) ، پەنجینار؛ وەشانخانەیا چاندا کوردی ، ستۆکهۆلم ١٩٩٢،١٥٨ ل .
* هەردەوێڵ کاکەیی (کۆکردنەوە و پێشەکی بۆ نووسین) ، مستەفا نەریمان (پێداچوونەوە) : شاعیر و ناودارانی کاکەیی ، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان– هەولێر ١٩٩٠، ٢٢٤ ل.
* دۆکتۆر سەعدی بەرزنجی: تیۆریی گشتیی ماف ، پێداچوونەوەی لە ڕووی داڕشتنی زمانەوە: حسێن عارف، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان ، ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان ، ١٩٨٩،٢٠٣ ل .
* دۆکتۆر سەعدی بەرزنجی: تیۆریی گشتیی یاسا ، پێداچوونەوەی لە ڕووی داڕشتنی زمانەوە: حسێن عارف، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان، ١٩٨٩،١٩١ ل.
* محەمەد عارف: هونەری هێڵکاری ، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان ، ١٩٨٩، ٢٥٦ ل .
* چەنگیز ئەتماتۆف: خاکی دایک (ڕۆمان) ژووان (نەجیبە ئەحمەد) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی ، چاپی دووەم ، تەورێز ١٩٩٢، ١٤٦ ل.
* کانیاو کەریم ( وەرگێڕان و ئامادەکردن): چاوشـــارکێ (چوار چیرۆکی منداڵان)، نیگار: ساڵح ڕەشید، چاپخانەی ئاپێک ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣، ٤٠ ل .
* حەمە سەعید حەسەن : پەپوولە پاییزە (شیعر) ، چاپخانەی ئاپێک ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣ ، ٥٦ ل .
* د. ئیسمایل بەشکچی : کوردستان: کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتی ، وەرگێڕانی لە ئینلیزییەوە : ڕێبوار ڕەشید، چاپەمەنیی ولات ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ١٩٩٣، ١٤٤ ل (کوردستان).

* د. حوسێنی خەلیقی : بناخە گشتی یەکانی کۆمەڵناسی ، ئاپێک ، ستۆکهۆڵم ، ٤٤٧ ل .

* عەلی حەسەنیانی( هاوار): بزەی زەمەند ( شیعر) ، جەعفەری حوسێنپوور( هێدی) بلاوی کردۆتەوە ، چاپی یەکەم ، ئاڵمان ١٣٧٢(١٩٩٣)، ١٩٤ ل.

* شێرکۆ بێکەس : ئافات (شیعر) ، ١٩٩٣، ٦٤ ل .

* شێرکۆ بێکەس : دیوانی شێرکۆ بێکەس ، بەرگی دووەم، چاپەمەنیی بابان ، سلێمانی ١٩٩٣، ٨٤٣ ل .

* بەفر و ئاڵەکۆک : کتێبی کاروان ژمارە(١) ، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی رۆشنبیری ، حوزەیرانی ١٩٩٣، ١١٢ل.

* عەزیزی مەلای رەش : غەوارە (رۆمان) ، بەغدا ١٩٩١، ٢٤٨ ل .

* د. زاهیر سوران : هەوکردن بە [هـ . ی . ڤ] و نەخۆشیی ئێدز (پێداچوونەوەی: سەرداری صدیق ئەمین)، سوێد ١٩٩٣، ٥٨ ل.

* رەفیق حیلمی : یادداشت ( کوردستانی عیراق و شۆرشەکانی شێخ مەحموود) ، بەشی سێهەم ، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و پیاچوونەوەی : پاکیزە رەفیق حیلمی ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٢ ، ١٧٦ ل.

* محەمەد جەمیل رۆژبەیانی : فەرمانرەوایی موکریان ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٢، ١٢٠ ل.

* عبدالله عباس: ملحمة الاخوة ، اوراق كردية فى زمن الحرب ، الامانة العامة للثقافة والشباب ، منطقة كردستان للحكم الذاتى ، ١٩٨٦، ٦٣ ص.

* مسعود محمد : الانسان و ماحوله ، الجزء الأول ، دار الثقافة والنشر الكردية ، بغداد ١٩٩١، ١٤١ ص.

* مەسعوود محەمەد : گەشتی ژیانم (بیرەوەری) ، چاپی دووەم (چاپێکی تازەی چاپی یەکەمە کە ساڵی ١٩٩٢ لە ستۆکهۆڵم بلاوکرایەوە) ، هەولێر- کوردستان ١٩٩٣، ٥٦٦ ل.

* الأرجوان : قصص كردية معاصرة ترجمها و قدم لها : محمد صابر محمود ، دار الثقافة والنشر الكردية ، بغداد ١٩٨٩، ١٦٠ ص.

* فاضل نظام الدين : ئەستێرە گەشە ، فەرهەنگی کوردی - عەرەبییە ، کۆماری عێراق - وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم ( پەنجا هەزار وشە) ، بەغدا ١٩٩٠ ، ٥٦٨ ل.

* عبد اللطيف بەندەر ئۆغڵوو : ئازار هی من ، ئاوات هی تۆ ، باهۆز هی هەموومان (شیعر) ، شوکور مستەفا (لە تورکمانییەوە) کردوویە بە کوردی ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٨٩، ١٠٤ ل.

* شەعبان مزیری : گرفتارییا کوردا ل تورکیا ، دەزگەها رەوشەنبیری و بەلاڤکرنا کوردی ، بەغدا ١٩٩٢، ٩٦ل.

* لیلی نامق الجاف : كركوك ، لمحات تاريخية ، منشورات خەبات ١٩٩٢ ، ٨٠ ص (كردستان).

* عەبدوڵڵا ئەحمەد رەسووڵ پشدەری : یادداشتەکەنم ، بەشی یەکەم ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٢، ١٤٤ ل.



* عبدالله گوران : الاثار الشعرية الكاملة ، ترجمة و تقديم : الدكتور عزالدين مصطفى رسول ، شركة المعرفة للنشر والتوزيع المحددة ، بغداد ١٩٩٠، ٤٨٨ ص.

* ف. ف. ڤینوگرادوۆڤ : مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبوونی و گەشەکردنی ، دوکتۆر عیزەددین مستەفا رەسووڵ لە رووسییەوە وەریگێراوەتە سەر کوردی ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩١ ، ١٩٢ ل.

* دیوانی سەلام ( شێخ سەلامی شێخ ئەحمەدی عازەبان) : ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسینی : ئومێد کاکەرەش ، چاپی دووەم ، بەغدا ١٩٩٠، ٢٦٤ ل.

* مەلا عەولای حاجی سمایل : سەربردەی ژیانی سیاسیم ، بەرگی یەکەم ، بەغدا ١٩٩٠ ، ٢٦٨ ل.

* دیوانی پیرەمێرد : بەرگی یەکەم ، کۆکردنەوە و ساغ کردنەوە و بەراوردکردن و ئامادەکردن و پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسین : فایەق هوشیار، مەحموود ئەحمەد محەمەد، مستەفا ساڵەح کەریم، محەمەد نووری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ مستەفا ؛ محەمەد جەمیل رۆژبەیانی بە شیعرەکاندا چۆتەوە ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٠، ٤٤٠ ل.

* ئۆردیخانێ جەلیل و جەلیلێ جەلیل : زارگۆتنا کوردا (١) : لە پیتی لاتینییەوە وەسەر پیتی کوردی - عەرەبی خستن و فەرهەنگۆک بۆ رێک خستنی : شوکور مستەفا و عەبدوڵلەتیف عەبدولەجید گلی ، لە بلاوکراوەکانی کۆری زانیاری(ی) عیراق - دەستەی کورد ، بەغدا ١٩٩١ ، ٥٩٦ ل.

* دوکتۆر نەسرین فەخری : یاری لە کوردەواریدا ؛ پێکهاتنی لە رووی زمانەوە و کاری بۆ سەر کۆمەڵ ، بەرگی یەکەم ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٢ ، ٢٣٢ ل.

* دیوانی مەولەوی ؛ سەیید عەبدورڕەحیمی مەعدوومی : لەلایەن محەمەد ئەمینی ئەردەڵانییەوە لە هەورامییەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی سۆرانی ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، بەغدا ١٩٩١ ، ٤٤٢ ل.

* الحكمة الكردية ؛ جمهرة من الأمثال والحكم الكردية : جمعها وترجمها وعلق عليها : الدكتور بدرخان عبدالله السندى ، دار الثقافة والنشر الكردية ، بغداد ١٩٨٩، ٣٤٤ ص .

* فوئاد حوسەین ئەحمەد : ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا، پێداچوونەوە و سەرپەرشتیی پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا رەسوول ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٠ ، ٣٤٥ + ٦ ل.

* پرۆفیسۆر کامیل حەسەن بەصیر : وێژەی کوردی و رەخنەسازی ، بەغدا ١٩٩٠ ، ٥٤٤ + ٦ ل.

* حیلمی عەلی شەریف : داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩١ ، ٧٤ ل.

* مەولوود بێخاڵی : هەولێرم وا دیوە ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩١ ، ٢٢٨ ل.

* عەبدورڕەزاق بیمار : کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی : دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٢ ، ١٥٨ ل.

* جەمال بابان : سلێمانی ، شارە گەشاوەکەم ؛ سلێمانی لە رۆژی بنیاتنانیەوە تا کۆتایی دەسەڵاتی بابانەکان ، بەرگی یەکەم ، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٢، ١٦٠ ل.

* مارک سایکس : هۆزەکانی کورد : وەرگێران و ئامادەکردنی : حسێن ئەحمەد جاف ، بەرگی

دووەم ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٢ ، ١٠٨ ل.

* بێدەرەک لە هۆزانی نوێی عەرەبی لە عیراقدا : وەرگێڕان و پێشەکی نووسینی : نافیع ئاکرەیی ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٨٩ ، ١٧٨ ل.
* عەبدوڵڵا عەباس : سوپاس ئەی لێدانی دڵم (شیعر)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩١ ، ٤٠ ل.
* فەرید زامدار : (*****) - شیعر- ، لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان ، هەولێر ١٩٩٠، ٢٤٠ ل.
* سەباح سابیر حەسەن : ئاژن (شیعر) ، لە بڵاوکراوەکانی سەعدوڵڵا شێخانی ، بەغدا ١٩٩٠ ، ٤٨ ل.
* یوسف الحیدری : صفحات ملونة من الأدب الکردی ، دار الثقافة والنشر الکردیة ، بغداد ١٩٩١، ١٢٠ ص.
*محیی الدین زەنگەنە : کاوە دلدار ( صیاغة مسرحیة جدیدة لأسطورة کردیة قدیمة) ، بغداد ١٩٨٩، ١٩٨ ص.
* کەرەم ڕەزا زەمینەڵخانی : هۆنراوەی کوردی لوڕی (شیعر) ، کۆکردن و ئامادەکردنی : صلاح الدین أنور خانەقینی ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٨٨، ١٠٤ ل.
* محەمــەدی مەلا کەریــم : بە تەمای دەمەتەقێیەکی دۆستانە و دیموکراتی بووم ، بووم بە "کاکە حەمەی کورد" !، وەڵامی (وتارێکی بێناونیشان) ی دوکتۆر کەمال مەزهەرە لە پێنج ژمارەی (هاوکاری) دا بڵاوی کردووەتەوە ، بەغدا ١٩٩٠، ١٤٤ ل.
* ڕەوف بێگەرد : بەرەو چیــا (کورتە چیرۆک) ، چاپی دووەم ١٩٩١، ٦٨ ل.
* دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول : ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، بۆ پۆلی چوارەمی زانستگا ، هەولێر ١٩٩٠، ١٩٤ ل.
* بەشێک لە دیوانی ئەورەحمان بەگی بابان ( ١٨٧٨ – ١٩٦٧) : ئامادەکردنی مەحموود ئەحمەد محەمەد ، بەغدا ١٩٨٩، ١٢٤ ل.
* کورکیس عواد (عضو المجمع العراقی) : ماضی الأکراد و حاضرهم فی المصادر العربیة القدیمة والحدیثة، مطبوعات المجمع العراقی ، بغداد ١٩٩١، ١٥٦ ص.
* پرۆفیسۆر حاجی جندی : کلامێ جمعەتا کوردا ، ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ ژ سلاڤی ڤەگوهاستییە ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩١، ١٦٠ ل.
* ئەحمەدێ جزیری : محەمەد عارفێ جزیری ؛ سترانبێژێ مرۆڤپەروەر ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٢، ٢٨٢ ل.
* دیوانا فەقێ تەیران – پرتا یەکێ : سەعید دێرەشی و پێزانێ ئالیخان کۆمکرییە و تویژاندییە و پێشگۆتن و راڤەیێف ژێرا نفیسییە ، بەغدا ١٩٨٩، ١٧٦ ل.
* د. کامیران بەدرخان : دلێ کورێن من ( شیعر) ، تیلی ئەمین ژ تیپێت لاتینی گوهارتییە و لێ ڤەکۆلایە ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩١، ٦٢ ل.
* شێرۆ مفتی : دوا ماڵ ئاوایی ( شیعر و پەخشان) ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٢، ٩١ ل.



* عەلی ئەشرەفی دەروێشیان : لەم وڵاتەدا ( کورتە چیرۆک) : وەرگێڕانی : گوشاد حەمە سەعید ، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان ، هەولێر ١٩٩٠، ٥٢ ل.
* جەلال مەحموود عەلی : فریشتەکان (چیرۆکی منداڵان) ، لە چاپکراوەکانی ئەمیندارێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان ، هەولێر ١٩٨٩، ٦٤ ل.
* حیکایەتی مەلای مەشهوور ، بەرگی دووەم ، لەسەر ئەرکی عەبدولخالق محەمەد ئەمین عەصری چاپ کرا، بەغدا ، چاپخانەی سندباد ١٩٨٥، ٨٨ ل.
* ف . یان : جەنگیزخان ، لە ناوبەری گەلان (داستانی مێژوویی) ، وەرگێڕ : هــۆمەر، چاپی یەکەم: نەجەف (عیراق) ١٩٧٢، چاپی دووەم: ســوێد ١٩٩٢، ٢٢٠ ل.
* مەهاباد قەرەداغی : پانۆراما (شــیعر) ، چاپی یەکەم ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣ ، ٢٠٦ ل.
* فوئاد ســـورخی : ماســییەکان پێدەکەنن ( شــیعر)، چاپی یەکەم ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣، ٨٠ ل.
* م. کاردوخ (نگارش و اقتباس) : جنبش های کرد از دیرباز تا کنون ، چاپ اول ، ســوئید ١٩٩٣ ، جلد اول ٤١٦ ص ، جلد دوم ٤٩٦ ص .
* ولهێلم ڕایــش : گوێگرە ، پیاوی بچووک !( هێڵکاری : ولیام شتایگ) ، خەبات عارف کردوویەتی بە کوردی ، پەخشخانەی ئاپێک ، ســتۆکهۆڵم [ ١٩٩٣] ، ١٧٢ ل .
* د. حســەین محەمەد عەزیز : ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردســـتاندا (لێکۆڵینەوە) ، لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی ئەزمەڕ ، چاپی یەکەم ، سلێمانی – کوردســتان ١٩٩٣ ، ٢٠٨ ل.
* کوردان : کۆمەڵە شــاخێ بەرز و ... ( ڕۆمان) ، چاپی یەکەم ، ســوێد ١٩٩٣، ١٨٦ ل.
* گەڵاڵەیەکی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی سەربەخۆیی ی کوردستان - پاسۆک - بۆ کۆنگرە ، ١٩٩٣، ٩ ل.

## ڕۆژنامە و گۆڤار

* ئاڵا: ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی ی کوردستان ، ژمارە: ٦، ساڵی حەوتەم ، جۆزەردانی ١٩٩٣(نۆروێژ).
* سیاسەتی دەولی: گۆڤارێکی وەرزییە لە کاروباری ستراتیج، ئابووریی جیهان و سیاسەتی دەولی دەکۆڵێتەوە ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی دەریدەکا، ژمارە: ١، ساڵی دووەم ، نیسان ، ژمارە : ٢ ، ساڵی دووەم ، تەمووزی ١٩٩٣(کوردستان).
* هەڵەبجە : گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێت ( سەرنووسەر : موحسین جوامێر ) ، ژمارە:١٤، ساڵی پێنجەم ، ئابی ١٩٩٣/ سەفەر ١٤١٤؛ ژمارە : ١٥ ، ساڵی پێنجەم ، دێسەمبەری ١٩٩٣/ سەفەری ١٤١٤ (سوێد).
* میدیا : گۆڤاری وەرزیی‌یانەی کوردیی "میدیا"، ژمارەی: ٨ ، ساڵی دووەم ، بەهاری ١٩٩٣(هۆڵاند).
* نوودەم: کۆڤارا هونەری، ئەدەبی و چاندی (خوەدی و بەرپرسیارێ گشتی: فرات جەوەری)، نومرێ: ٦/١٩٩٣، نومرێ : ٧ ، پاییز ١٩٩٣ (ســوێـد).
* بەربانگ: گــــۆڤاری فیدراســـیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد ، ژمارە: ٨٨ (١٩٩٣)

ژمارە : ۸۹-۹۰ ، ساڵی ۱۲، ژمارە : ۹۱ - ۹۲ ، ساڵی ۱۲ (سـوێد).

* دیدار: گۆڤاری یەکێتیی لاوانی کورد لە سوێد ، ژمارە: ٦، پووشپەڕی ۱۹۹۳؛ ژمارە : ۷ و ۸ ، گەلاڕێزانی ۱۹۹۳(سـوێد).

* کوردستان: ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە: ۱۹٦، خاکەلێوەی ۱۳۷۲ = ئاوریلی ۱۹۹۳، ژمارە: ۱۹۷، بانەمەڕی ۱۳۷۲= مای ۱۹۹۳، ژمارە: ۱۹۸ ، جۆزەردانی ۱۳۷۲= حوزەیرانی ۱۹۹۳.

* دەروازە: گۆڤارێکی رۆشنبیریی تایبەتە بە دەقی وەرگێڕدراو، بنکەی رۆشنبیریی یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە ، ژمارە: ۱/۱۹۹۳ (دانمارک).

* هەولێر: رۆژنامەیەکی مانگانەیە!! سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر دەریدەکات (لە پێناوی گەشە و جوانیی شاری هەولێر)، ژمارە:۸، حوزەیرانی ۱۹۹۳.

* ئـالای ئـــازادی (سەربەخۆیی، یەکگرتنەوە، سۆسیالیزم): رۆژنامەیەکی سیاسیی هەفتانەیە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکا، ژمارەی ۷۳، یەکشەممە ۱٦/٥/۱۹۹۳.

* کوردستانی نوێ: رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات ، ژمارە: ۲٥۸، پێنجشەممە ۳/۱۲/۱۹۹۲؛ ۳۹٥، یەکشەممە ۲۳/٥/۱۹۹۳؛ ۳۹٦، دووشەممە ۲٤/٥/۱۹۹۳؛ ۳۹۷، سێشەممە ۲٥/٥/۱۹۹۳؛ ٤۰٤، هەینی ٤/٦/۱۹۹۳؛ ٤۱۹، چوارشەممە ۲۳/۷/۱۹۹۳؛ ٤۲٦، هەینی ۲/۷/۱۹۹۳؛ ٤۳٥، سێشەممە ۱۳/۷/۱۹۹۳، ٤۳٤، دوشەممە ۱۲/۷/۱۹۹۳؛ ٤۳٦، چوارشەممە ۱٤/۷/۱۹۹۳(کوردستان).

* هەرێم : رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە وەزارەتی رۆشنبیری دەری دەکا، ژمارە: ۲٥، پێنجشەممە ۲۰/٥/۱۹۹۳، ۲٦، پێنجشەممە ۲۷/٥/۱۹۹۳؛ ۲۹، دووشەممە ۲۱/٦/۱۹۹۳؛ ۳۰، پێنجشەممە ۲٤/٦/۱۹۹۳؛ ۳۱، دووشەممە ۲۸ حوزەیران ۱۹۹۳؛ ۳٤ ، دووشەممە ۱۲/۷/۱۹۹۳(کوردستان).

* بزووتنەوەی ئیسلامی: رۆژنامەیەکی هەفتانەی سیاسییە، راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی دەری دەکات ، ژمارە:۱۳، ۹/٥/۱۹۹۳(کوردستان).

* رزگاری: رۆژنامەیەکی سیاسیی هەفتانەی شیوعییە کوردستانییەکانە، ژمارە: ۲، ساڵی یەکەم ، چوارشەممە ۲۳/٦/۱۹۹۳(کوردستان).

* برایەتی : رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق دەری دەکات ، ژمارە: ۱٦٥٤، سێشەممە ۲٥/٥/۱۹۹۳؛ ژمارە: ۱٦٤۱، دووشەممە ۱۰/٥/۱۹۹۳؛ ژمارە: ۱٦۷۹، یەکشەممە ۲۷/٦/۱۹۹۳ (کوردستان).

* رێگای کوردستان: ئۆرگانی هەرێمی کوردستان- حزبی شیوعی عێراق ، ژمارە: ٥۳، ساڵی ٤۸، سێشەممە ۱۳/٤/۱۹۹۳؛ ٦۱، ساڵی ٤۹، سێشەممە ۱٥/٦/۱۹۹۳؛ ٦۲، ساڵی ٤۹، سێشەممە ۲۲/٦/۱۹۹۳(کوردستان).

* نووسەری کورد: گۆڤاری یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق- نووسینگەی رۆشنبیریی کوردییە، ژمارە: ٦ ، خولی سێیەم ۱۹۸۸،ژمارە: ۷ ، خولی سێهەم ئابی ۱۹۸۹، ژمارە: ۷ و ۸ ، خولی سێییەم (عێراق).

* ئاوێنە : ئەدەبی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی ( دوو مانگ جارێک دەردەچێت ) ، ژمارە: ۱۲، ساڵی



۱۳۷۲ ؛ ژمارە : ۱۳، ساڵی چوارەم ، پاییزی ۱۳۷۲ (ئێران- تاران).

*پەرلەمان: رۆژنامەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراقە، ژمارە: ۸ ی کوردی ، ساڵی دووەم ، رەشەمەی ۲٦۹۲ ک (کوردستان).

* سـروە: گۆڤاری فەرهەنگی، ئەدەبی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییوبی، ژمارە : ۷۷، سەرماوەزی ۱۳۷۱؛ ژمارە: ۷۸، بەفرانباری ۱۳۷۱، ژمارە: ۷۹، رێبەندانی ۱۳۷۱؛ ژمارە: ۸۰، رەشەمەی ۱۳۷۱، ژمارە: ۸۱ ، خاکەلێوەی ۱۳۷۲ ، ژمارە: ۸۲ ، بانەمەڕی ۱۳۷۲، ژمارە : ۸۳ ، جۆزەردانی ۱۳۷۲ ( ورمێ - کوردستانی ئێران).

* دیمانە: گۆڤارێکی وەرزیی لاوانە، لە لایەن دەستەیەک لاوی ئاوارەی کوردەوە، لە شاری ڤێستەرۆسی سوێد دەردەچێت ، بە سەرپەرشتی و هاوکاریی گۆشان سەرکۆ، ژمارە شەش، بەهاری ۱۹۹۳(سـوێد).

* سـپێدە: گۆڤارێکی ئەدەبی و رۆشنبیریی گشتییە لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق دەری دەکات (سەرنووسەر: عەبدورەحمان پاشا)، ژمارە: ۲، سەرەتای ۱۹۹۳(ئێران).

* الأديب الكردي (نووسەری کورد) : مجلة الأتحاد العام للأدباء والكتاب في القطر العراقي - المكتب الثقافي الكردي ، العدد: ۳/ ۱۹۸۹، عدد خاص بمناسبة مهرجان المربد العاشر، العدد: ٤، تموز ۱۹۹۲ (بغداد).

* القافلة : تصدرها وزارة الثقافة - إقليم كردستان - العراق ، العدد: ۲، السنة الأولى ۱۹۹۳ (كردستان).

* وان : گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد - سـوێد ، ژمارە: ٥ /۱۹۹۳ ؛ ژمارە: ٦ / ۱۹۹۳ ( سوێد).

* کوردنامە : دونگی کۆمیتەی ئازادیخوازانی کوردستان - کاک ، ژمارە: ۲۳، مایسی ۱۹۹۳ (لەندەن) .

* خەبات : جريدة أسبوعية سياسية ، لسان حال الحزب الديمقراطي الكردستاني - العراق، العدد : ٦٤۷، الأربعاء ٥/٥/ ۱۹۹۳؛ العدد: ٦۷۰، الأربعاء ۷/٤/۱۹۹۳ (كردستان).

* دلانپار : دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان ، ژمارە: ۲، ۲٥/٦/۱۹۹۳ ، ژمارە : ۳ ، ۲٥/۹/۱۹۹۳، خولی سێیەم ، (فینلاند).

* کاروان : گۆڤارێکی رۆشنبیریی مانگانەیە ، ئەمینداریێتیی گشتیی رۆشنبیری و لاوان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکا ، ژمارە : ۸٦ (ئایار) ، ۸۷ (حوزەیران) ، ۸۸ (تەمووز) ، ساڵی هەشتەم ۱۹۹۰ ، ژمارە : ۸۹ (ئەیلوول و تشرینی یەکەم) ، ژمارە: ۹۰ (تشرینی دووەم) ، ژمارە: ۹۱ (کانوونی یەکەم) ، سـاڵی نۆیەم ۱۹۹۰ ( کوردستان - سەردەمی بەعس) .

* کاروان: گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و رۆشنبیرییە، وەزارەتی رۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەریدەکات ، ژمارە: ۲(۱۹۹۲) ، ژمارە: ۳ ، نیسانی ۱۹۹۳، ژمارە: ٥ ، خولی راپەڕین ، تەمموزی ۱۹۹۳(کوردستان).

* گۆڤاری کۆڕی زانیاری[ی] عێراق « دەستەی کورد» ، بەرگی بیسـتەم ۱۹۸۹، بەرگی بیست و یەکەم و بیست و دووەم ۱۹۹۰، بەرگی بیست و سـێیەم و[بیسـت و] چوارەم ۱۹۹۲(بەغدا).

* کاروانی فۆلکلۆر : گۆڤارێکی فۆلکلۆریی دەورییە ، ئەمینداریێتیی گشتیی رۆشنبیری و لاوانی

ناوچەی کوردستان بە زمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات ، ژمارە(١) ، ساڵی یەکەم ١٩٩٠ (هەولێر).

* کوردنامە : دەنگی کۆمیتەی ئازادیخوازانی کوردستان ـ کاک ، ژمارە: ٢٣ ، مای ١٩٩٣ (ئینگلستان).

* ڕەنگین : گۆڤارێکی مانگانەی سیاسیی گشتییە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە بەغدا دەری دەکات ، ژمارە : ٥٣، ٥٤، ٥٥ ـ ٥٦، ٥٧ ، ساڵی ١٩٩٣ (بەغدا).

* ڕۆژی کوردستان (شمس کردستان) : گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە بە عەرەبی و کوردی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا دەری دەکات ، ژمارە : ٨٠ ، تشرینی یەکەمی ١٩٩١ (بەغدا) .

* ڕۆشنبیری نوێ : گۆڤارێکی وەرزانەی لێکۆڵینەوەیە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەری دەکات . ژمارە : ١٢٦ ، وەرزی هاوین ١٩٩٠ ، ژمارە : ١٢٨ ، ١٢٩ (ساڵی ١٩٩٢) ، ژمارە : ١٣٠ ، ١٣١ ، ساڵی ١٩٩٣ (بەغدا).

* بەیان : گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبییە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەری دەکات . ژمارە : ١٦٥ ، ١٦٦ (١٩٩٠) ، ژمارە : ١٦٨ ، ١٦٩ (١٩٩٢) ، ژمارە : ١٧٠ (١٩٩٣) (بەغدا).

* ڕۆشنبیری نوێ و بەیان : ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە : ١٢٧ ، ژمارەی وەرزی زستان ١٩٩١ ، بەیان ، ژمارە: ١٦٧ ، ساڵی ١٩٩١ ،{ ئەم دوو ژمارەیە پێکەوە و لە بەرگێکدا چاپ کراون} ، (بەغدا).

* ڕۆژ : نشرة دورية تصدر عن جمعية الاكراد الفيلية ، العدد الاول ، اواسط حزيران ١٩٩٣ (السـويد) .

* نداء الكرد (بانگەوازی کورد) : جريدة دورية تصدرها جمعية الاكراد الفيلية فى المملكة المتحدة ، ثقافية ، اجتماعية ، ديمقراطية ، مستقلة ، العدد : ٣ ، ايلول ١٩٩٣ ( بريطانيا).

* خەرمانە : گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە (سەرنووسـەر : حەمە سەعید حەسـەن ) ، ژمارە : ٩ – ١٠ ، سـاڵی ١٩٩٣ (سـوێد) .

* المنار الكردى : جريدة شهرية سياسية عامة تصدر عن المركز الخارجى للاتحاد الوطنى الكوردستانى ( مسـوءول التحرير : سـامى شـورش ) ، العدد : ٨ ، ايلول ١٩٩٣ (لندن) .

* ڕێگای ڕزگاری (سەربەخۆیی ، دیموکراسی ، دادی کۆمەڵایەتی ) ، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە حیزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکا (خاوەنی ئیمتیاز : سەلام محەمەد ، سەرنووسەر : خانزاد عەزیز ) ، ژمارە (نۆبەرە) ، یەکشەممە ١٧ ی تشرینی یەکەم ١٩٩٣ (کوردستان).

* کۆمار : گۆڤارێکی گشتیی ڕۆشنبیری ـ کولتوورییە ، ژمارە : ١٤ ، ساڵی دووەم ، نۆڤەمبەر(سەرماوەز) ی ١٩٩٣ (سـوێد).

* پەڕەسـێلکە [کۆچەر] : گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزیی منداڵانە (هەڵگورد عەبدولوەهاب و کاکەباس) ، ژمارە : ٣ ، پاییزی ١٩٩٣ (کوردسـتان) .



# دەستنووسێکی فارسی لەسەر مێژووی کورد

ئەنوەری سوڵتانی
بەهاری ١٩٩٣

هەردوو تەرەفان قەبیلی کرمانج
بۆ تیری قەزا کرنە ئامانج
گۆیا کو ل سەر حەددان کلیدن
هەر تائیفە، سەددەکن سەدیدن
ئەڤ قولزومی ڕۆم و بەحری تاجیک
هندی کو دکن خورووج و تەحریک
کرمانج دبن ب خوون مولەططەخ
وان ژ یکڤە دکن میسالی بەرزەخ

خانی، مەم و زین

کاتێ لەشکری «شێخ عوبەیدیللای شەمزینی» ئابڵووقەی شاری ورمێی دابوو لە (پایزی ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی-١٨٨٠ی زایینی)، «عەلی خانی کوڕی ئەمیر کۆنە خانی ئەفشاری ئوروومی»(١) هاوشان لەگەڵ خەڵکی شارەکە، دژ بە سوپای کورد ئەجەنگی و خۆی گوتەنی: "شەو و ڕۆژ لە بورج و مەتەرێزا ئامادەبوو."

ئەگەر خەڵکی ئاساییی شارەکە، بە تفەنگی مارتینی شەڕی کوردیان دەکرد، عەلی خان بە دەستێک تفەنگ و بە دەستێکی تر، قەڵەمی خستبووە گەڕ و بە هەردوو چەک پەلاماری شۆڕشی کوردی ئەدا .

عەلی خانی فارسی نووسی شیعەی ئازەریی خەڵکی ورمێ، بە درێژاییی ڕاپەڕینەکە و دوو ساڵیش دوای شەڕ، هەواڵی کارەساتەکانی یادداشت ئەکرد و پاشان ئەم یادداشتانەی کردە ناوئاخنی کتێبێک کە هەر ناوەکەی، نیشاندەری ڕوانگە و هەڵوێستیەتی بەرانبەر بە کورد:

« تاریخ خروج اکراد و قتل (و) غارت عبیدالله بد بنیاد و اغتشاش و فتنهء زیاد در مملکت اذربایجان در سنه ١٢٩٧ »

یادداشتەکانی «عەلی خان» سەرەڕای دەمارگیری و لایەنگیریی نووسەرەکەی، پڕ کاکڵ و دەوڵەمەند و کەمدرۆن، بە چەشنێک کە ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی ١١٣ ساڵ بەسەر ڕووداوەکان و بە دەستەوەبوونی زۆر بەڵگەنامە و سەرچاوەی باوەڕپێکراو، ڕاستییەکان دەرئەکەوێ.

پڕ ناوەڕۆک بوونی یادداشتەکانی نووسەر، زوو بۆ خوێندەوارانی سەردەمی خۆی دەرکەوت و بووە هۆی ئەوەی نوسخەی لەبەر هەڵبگیرێ و دەست بە دەست، بگەڕێ.

«میرزا عینایەتوڵڵای لرکانی» نوسخەیەکی بۆ «جەمشیدی کوڕی ئەردەشیری ئەفشار» ناسراو بە «مَجد السلطنه» نووسییەوە کە دوای مردنی ئەو، لەگەڵ سەدان دەسنووسی بایەخداری ناو کتێبخانەکەی، پەڕەوازەی وڵاتان بوو و لەئاخرا، سەری لە «کتێبخانەی مەدرەسەی موتالەعاتی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا (سواس) (٢) سەر بە زانستگەی لەندەن دەرێنا .

کتێبخانەی « سواس »، مێژووەکەی عەلی خانی لەژێر ناوی«کورد» دا(٣) تۆمارکردووە و ژمارەی MS46448 ی پێ داوە. ئەم وتارە لەسەر بنەمای نوسخەکەی (سواس) و بۆ ناساندنی ئەو نووسراوە.

دەسنووسەکە، سەرجەم ٩٣ پەڕ (ff.93) واتە ١٨٦ لاپەڕەیە. بێجگە لە دوالاپەڕە، هەموو پەڕەکانی تەواون. شێوە خەتی میرزا عینایەتوڵڵا «تەحریری شکستە»یە و لەوپەڕی ڕازاوەیی و ڕێکوپێکیدا نووسراوەتەوە. ئینشا و شێوەی دەربڕینی عەلی خان وا نیشان ئەدات کە نووسەرێکی توانا و «مونشی»یەکی خاوەن ئەزموون بووبێت. شـێوازی مـێژوونووسـینەکەی ئەخرێتە

چوارچێوەی «مێژوونووسینی سـەردەمـی قاجـار» ی
ئێرانەوە.
«عەلی خان» وەک مێژوونووسانی کلاسیکی ڕۆژهەڵات،

کاتێ لەشکری «شێخ عوبەیدیللای شەمزینی» ئابڵووقە شاری ورمێی دابوو لە (پایزی ساڵی ١٢٩٧ کۆچی-١٨٨٠ی زایینی)، «عەلی خانی کوڕی ئەمیر کۆن خانی ئەفشاری ئوروومی»(١) هاوشان لەگەڵ خەڵک شارەکە، دژ بە سوپای کورد ئەجەنگی و خۆی گوتەنی "شەو و ڕۆژ لە بورج و مەتەرێزا ئامادەبوو."

ئەگەر خەڵکی ئاسایی‌ی شارەکە، بە تفەنگی مارتین شەڕی کوردیان دەکرد، عەلی خان بە دەستێک تفەنگ بە دەستێکی تر، قەڵەمی خستبووە گەڕ و بە هەردو چەک پەلاماری شۆڕشی کوردی ئەدا.

عەلی خانی فارسی نووسی شیعەی ئازەریی خەڵک ورمێ، بە درێژایی‌ی ڕاپەڕینەکە و دوو ساڵیش دوا شەڕ، هەواڵی کارەساتەکانی یادداشت ئەکرد و پاشا ئەم یادداشتانەی کردە ناوئاخنی کتێبێک کە هە ناوەکەی، نیشاندەری ڕوانگە و هەڵوێستیەتی بەرانبەر ب کورد:

« تاریخ خروج اکراد و قتل (و) غارت عبیدالله ب بنیاد و اغتشاش و فتنهء زیاد در مملک اذربایجان در سنه ١٢٩٧»

یادداشتەکانی «عەلی خان» سەرەڕای دەمارگیری و لایەنگیریی نووسەرەکەی، پڕ کاکڵ و دەوڵەمەند و کەمدرۆن، بە چەشنێک کە ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی ١١٣ ساڵ بەسەر ڕووداوەکان و بە دەستەوەبوونی زۆر بەڵگەنامە و سەرچاوەی باوەڕپێکراو، ڕاستییەکان دەرئەکەوێ.

پڕ ناوەڕۆک بوونی یادداشتەکانی نووسەر، زوو بۆ خوێندەوارانی سەردەمی خۆی دەرکەوت و بووە هۆی ئەوەی نوسخەی لەبەر هەڵبگیرێ و دەست بە دەست، بگەڕێ.

«میرزا عینایەتوڵڵای لرکانی» نوسخەیەکی بۆ «جەمشیدی کوڕی ئەردەشیری ئەفشار» ناسراو بە «مجد السلطنه» نووسییەوە کە دوای مردنی ئەو، لەگەڵ سەدان دەسنووسی بایەخداری ناو کتێبخانەکەی، پەڕەوازەی وڵاتان بوو و لەئاخرا، سەری لە «کێبخانەی مەدرەسەی موتالەعاتی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا (سواس) (٢) سەر بە زانستگەی لەندەن دەرێنا.

کێبخانەی « سواس »، مێژووەکەی عەلی خانی لەژێر ناوی«کورد» دا(٣) تۆمارکردووە و ژمارەی MS46448 ی پێ داوە. ئەم وتارە لەسەر بنەمای نوسخەکەی (سواس) و بۆ ناساندنی ئەو نووسراوە.

دەسنووسەکە، سەرجەم ٩٣ پەڕ (ff.93) واتە ١٨٦ لاپەڕەیە. بێجگە لە دوالاپەڕە، هەموو پەڕەکانی تەواون. شێوە خەتی میرزا عینایەتوڵڵا «تەحریری شکستە»یە و لەوپەڕی ڕازاوەیی و ڕێکوپێکیدا نووسراوەتەوە. ئینشا و شێوەی دەربڕینی عەلی خان وا نیشان ئەدات کە نووسەرێکی توانا و «مونشی»یەکی خاوەن ئەزموون بووبێت. شـێوازی مـێژوونووسـینەکەی ئەخرێتە چوارچێوەی «مێژوونووسینی سـەردەمـی قاجـار» ی ئێرانەوە.

«عەلی خان» وەک مێژوونووسانی کلاسیکی ڕۆژهەڵات، لایەنگر و هەڵوێستدارە و لە بێلایەنی و دادپەروەری وەها دوور کەوتۆتەوە.

نووسەر، ڕووداوەکانی شاری ورمێی بە چاوی خۆی بینیوە و کارەساتی شنۆ و سوڵدووز و سابلاخ و میاندواو و مەراغە و بناو - ی لە سەرچاوەگەلێک بیستووە کە ناوی نەبردوون بەڵام هەردوو بەشی هەواڵەکانی بەوپەڕی ئەمانەت و ڕاستییەوە تۆمارکردوون. خوێنەر بە هاسانی ئەتوانێ ناتەبایی‌ی نێوان «هەڵویست گرتن» و «هەواڵ نووسین»ی عەلی خانی بۆ دەرکەوێ و «ڕاستەقینە» لە پشت پەردەی «ڕق و کینە»وە ببینێ.

ساڵی تەواوبوون و پێکهاتنی مێژووەکە ڕوون نییە، بەڵام یادداشتەکانی عەلی خان تا ساڵی ١٢٩٩ (=٢-١٨٨١ز) ئەگرنە بەر و بەم پێیە مێژووەکە، دوای ١٢٩٩ هاتۆتە تەواوبوون. ساڵی مردنی عەلی خانیش هەر ڕوون نییە.



لە یادداشتێکی کورتی چەند دێڕی کە «مجد السلطنه»ی ناوبراو، بە ڕووپەڕی یەکەمی دەسنووسەکەوەی نووسیوە، هەندێ زانیاریمان ئەدا بەدەستەوە:

"ئەم مێژووە بە خەتی خوالێخۆشبوو «میرزا عینایەتی لرکانی» [و] دانراوی خوالێخۆشبوو عەلی خان ئەمیر کۆنە خانی ئەفشاری ئوروومی»یە. غوڵامی دەرگانە «جەمشید کوڕی ئەردەشیری ئەفشار» ئەم نوسخەیەی داوە بۆ کێبخانەکەی خۆی بنووسنەوە....»(٤)لە دواڕستەی یادداشتەکەیا، مجد السلطنه تاریخی «سەرەتای ڕەمەزانی ساڵی ١٣١٦ی نووسیوە و مۆری «جمشید مجد السلطنه»ی لەژێر داوە.

ئەوەی مجد السلطنه، علی خان بە «خوالێخۆشبوو» ناو ئەبات، وا ئەگەیێنێ کە عەلی خان، پێش ساڵی ١٣١٦ کۆچی دوایی کردبێ، واتە کتێبەکەی دوای ساڵی ١٢٩٩ و پێش ١٣١٦ نووسیبێت (=١٨٨٢-١٨٩٩ی زایینی).

* * *

نووسەر، زانیارییەکی زۆری لەسەر ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠ خستۆتە توێی کتێبەکەیەوە:

تاریخی هاتن و گەڕانەوەی سوپای شێخ، ژمارەی لەشکری کورد، ناوی عەشیرە و سەرەکخێڵی کورد، چ ئەوانەی لەگەڵ سوپای شێخ کەوتن، چ ئەوانەی دژی وەستان، دەقی نامەی شێخ بۆ «عباس میرزای ملک ارا»، برای «ناصرالدین شا»ی قاجار و هاندانی بۆ ڕاپەڕین و بەدەستەوەگرتنی حکوومەتی ئێران، دەقی نامەی شێخ بۆ مەلایانی ورمێ و وەڵامی ئەوان بۆ شێخ. ژمارەی لەشکری عەجەم، ناوی سەرۆکانی سوپای ئێران، چۆنیەتیی سەنگەربەستنی ناو شاری ورمێ بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ سوپای شێخ، دەوری قونسولی ئینگلیز لە کارەساتەکەدا، هەڵوێستی خەلیفەی کاتۆلیکی ورمێ دژ بە سوپای کورد، خەیانەتی هەندێ سەرەک خەلیفەی کاتۆلیکی ورمێ دژ بە سوپای کورد، خەیانەتی هەندێ سەرەکخێڵی کورد بە سوپای شێخ عبدالقادری کوڕی شێخ عوبەیدیللا، وەزع و حاڵی کوردی دانیشتووی ورمێ بە دەست عەجەمەوە لە کاتی شەڕ و گیران و تاڵانکرانی ماڵیان بەناوی هاوکاری و «جاسووسیکردن»ەوە بۆ سوپای کورد، بێبەرنامەیی شێخ بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕش، فێڵبازی و کارزانیی عەجەم بۆ غافڵاندنی شێخ، ساویلکەیی و دڵسافیی ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینەکە بەرانبەر بە فڕوفێڵی لایەنەکەی تر، بێڕەحمیی هەردوو بەرە لە تاڵان و بڕۆ و کوشتتنی خەڵکی بێتاوان، بە گشتی هەر لە سەرەتای هاتنی سوپای شێخەوە تا گەڕانەوەی بۆ خاکی عوسمانی و ئاوارەیی‌ی عەشیرەی مەنگوڕ لەودیوی سنوور، کوژرانی هەمزاغای مەنگوڕ بە پیلانی «حسنعلی وزیرفواید» و دەیان باس و بابەتی تر...

بەداخەوە، یادداشتەکانی عەلی خان تەنانەت ئەگەر بە پێوانەی «مێژوونووسینی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی»ش بپێوین، لاوازییەکی گرینگی تێدایە ئەویش «زمان»ی پڕ لە جنێو و سووکایەتی کردنیەتی نەک هەر بە شێخ و سوپاکەی بەڵکوو بە هەموو کوردێک و تەنانەت هەموو سوننی مەزهەبێک. لەم ڕێڕەوەدا، عەلی خان ئەوەندە چۆتە پێشێ کە هیچ لاپەڕەیەکی مێژووەکەی نابیندرێ بێئیحتیرامی یا قسەیەکی سووکی ئاراستەی شێخ و گەلە هەژارەکەمان نەکردبێ.

بەم حاڵەش، مێژووی عەلی خان سەرچاوەیەکی بایەخداری پڕ لە زانیارییە بۆ باسی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠ و قۆناغی سەرهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستی کورد، هەر بۆیەش جێی تۆژینەوە و وردبوونەوەی تەواوە.

بەداخەوە، تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەن لەسەر هۆگەلی سەرهەڵدان و تێکشکانی ڕاپەڕینەکە بە ڕێوە نەچووە و ئەوانەی لێرە و لەوێ نووسراون، یا وەک کتێبەکەی «نادر میرزا»(٥) لایەنی سەلبیی مەسەلەکەیان بینیوە، یا وەک کارە بەپێزەکەی دوکتۆر جەلیلی جەلیل(٦) گرینگییان داوە بە لایەنەکەی تر. لەکاتێکا ڕاپەڕینەکە، شیاوی تۆژینەوەیەکی هەمەلایەنییە و ئەبێ هۆی سەرنەکەوتنەکەی بۆ گەلی کورد بە گشتی و خەباتگێڕانی ئێستا و دوارۆژمان بەتایبەت شیکرێتەوە و هیچ ڕاستییەک، پەردەی خۆشویستن یا ڕق لێبوونەوەی بە سەردا نەدرێ.

ئێمەی کورد کە ئێستاش ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی نزیک بە هەمان بارودۆخ بووینەتەوە، جێی خۆی ئەبێ ئەگەر بە دوای وەڵامی هەندێ پرسیاری سەرەکیدا

بگەڕێین و بزانین ئایا:

* ئامانجی سەرەکیی شێخ بۆ لەشکرکێشانەکەی لە خاکی ئێرانا چ بوو؟ دابینکردنی میرنشینێکی سەربەخۆییی کورد لە ئێران، وەک بەردی بناغەی سەربەخۆیی کورد؟ ئەگەر وا بێ، نیازی لەشکرناردنە سەر «تەورێز»ی وەلیعەهدنشین و نامە ناردن بۆ «عباس میرزای ملک ارا»، برای «ناصرالدین شاه» و هاندانی بۆ وەدەستگرتنی حکوومەتی ئێران ئەبێ چ بووبێت؟

*پاش گرتنی شاری سابڵاخ و دانانی حاکمی کورد لەسەر شارەکە، لقی دووهەمی سوپای شێخ بۆچی ڕووی نەکردە ناوچە کوردنشینەکانی تر وەک بۆکان و سەقز و بانە و سنە و سەردەشت، تا لەو شوێنانەش بە تەپڵ و زوڕناوە بێنە پێشوازیکردنی و هەموو ناوچەکەی بەبێ خوێنڕژان بخەنە بەردەست؟ بە پێچەوانە، بۆچی هەڵیکوتایە سەر میاندواو و مەراغە و بناوی عەجەمنشین و ڕووی کردە تەورێز؟

* لەم کارە پڕ مەترسییەدا، پشتی بە کام هێز بەستبوو؟ ئایا «دەوڵەتی عوسمانی بەنهێنی پشتگیریی ئەم هەوڵەی ئەکرد؟»(٧) یا «چەک و پیلانی بریتانیا هاندەری ئەم هەنگاوە» هەڵەیە بوو؟(٨)

* ئایا شێخ بە تەنافی هەمزاغای مەنگوڕ چووە چاڵەوە کە دەیویست تۆڵەی خوێنی سەرۆکانی بڵباس لە خەڵکی مەراغە بکاتەوە و بکەوێتە شوێن «شاهزادەی کێشکچی باشی؟»(٩)

* شێخ کە لێهاتوویی سیاسیی خۆی لە کۆنگرەی شەمزینانا نیشان دابوو، بۆچی بارودۆخی حکوومەتی قاجاری بۆ شی نەکرایەوە و هێزی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی بە پشت دەرباری شاوە نەدی، ئەو دەربارەی کە گوێ لەمستبوونی ڕووس، نەریتی کۆنیان بوو و شاکانی قاجار هەر لە سەردەمی وەلیعەهدییەوە بە نۆکەرایەتیی ڕووس گۆچ دەکران. خۆ ڕووسیش کارەساتی دوو ساڵ پێشی لەبیر نەچووبووەوە کە هێزەکانی شێخ لە شەڕی نێوان ڕووس و عوسمانیدا لایەنی عوسمانی «موسوڵمان»یان دژ بە ڕووسی «کافر» گرت.

* چ حیسابێکی هەڵە، شێخی گەیاندە ئەو بڕیارە کە گوایە دەتوانێ حوکمی قاجار هەڵوەشێنێ؟ لەکاتێکا دەرباری «ناصرالدین شاه » پێش ماوەیەکی کەم ڕاپەڕینی «سالار»ی لە «خوراسان » و بزووتنەوەی «قەشقایی»یەکانی لە «شیراز» دامرکاندبووەوە و هێشتا دەسەڵاتی ئەوتۆی بۆ مابوو کە بە زەبری سەرباز و سوارەی عەشایر و « قازاق»ی ڕووس و هەروەها بە زەبری هاندەرێکی گرینگ وەک هەستی ئایینی فەناتیکی خەڵکی شیعە، سوپای شێخێکی کوردی سوننی مەزهەب لە بەر یەک بەرێ و پێشی سەرکەوتنی بگرێ.

* شێخ چۆن کۆمەڵگای ئێرانی نەئەناسی کە لەو سەردەمە تایبەتەدا، تا بینەقاقا لە دەمارگیری ئایینی چەقیبوو و خەڵکەکە، تەنانەت بە خەونیش حکوومەتی سوننی مەزهەبێکیان بۆ هەزم نەئەکرا.

* شێخ چۆن پشتی بە «عباس میرزای مولک ئارا» برای « ناصرالدین شاه » بەست و نامەی بۆ نووسی لەکاتێکا عباس میرزا دوای ٢٧ ساڵ دوورخرانەوە لە ئێران، ماوەیەکی کەم بوو ئیجازەی گەڕانەوەی ئێرانی لەلایەن شاوە پێ درابوو و ببڕاببڕا نەیدەوێرا لەگەڵ برا تاجدارەکەیا دژایەتی بکات، وەک چۆن بێ سێ و دوو کردن، نامەکەی شێخی بردە بەردەمی و خەڵاتی لە دەست وەرگرت!

* شێخ چۆن متمانەی کارێکی وا گەورە و گرانی بەو سەرەکخێڵە کوردانە کرد کە هەر لەکاتی شەڕکردن لە بەرەی ئەوا، پەیوەندییان بە عەجەمەوە ئەگرت و هاوکاریی دەوڵەتی ئێرانیان ئەکرد؟

* لەباری عەسکەرییەوە، شێخ لەبەر چی سوپاکەی خۆی کرد بە دوو کەرتەوە و هەر بەشەی ناردە سەر ناوچەیەکی جیاواز؟ ئایا ئەگەر بە هەموو تواناوە هەوڵی گرتنی ورمێ و ناوچەکانی سەر سنووری بدایە، بەرنامەکانی هاسانتر بەڕێوە نەدەچوون؟

* شێخ کە خەیاڵی گرتنی شاری ورمێی بوو، بۆچی بە چەند نامەی مەلا و حاکمی شارەکە هەڵخەڵەتا و چەند جار مۆڵەتی بۆ تازەکردنەوە؟ ئەو مۆڵەتانەی وا بوونە هۆی گەیشتنی لەشکری کۆمەکی و قایمبوونی بەرەی دوژمن!

* شێخ عەبدولقادر لەبەر چی ئیجازەی قەتڵی عامی خەڵکی بێتاوانی میاندواوی دەرکرد؟ هەر ئەم



توندوتیژییە، بووە هۆی ترسی کۆمەڵانی خەڵکی شار و گوندی ئازەربایجان لە کورد و پاڵدانیان بە حکوومەتی ئێرانەوە. تەنانەت، ئامادەیی خەڵکی بناو و شکاندنی سوپای کورد وەک ئاکامی ئەو هەڵەیە سەیر ئەکرێ.

ئەمانە و دەیان پرسیاری تر لەمەڕ پەیوەندی شێخ و دەوڵەتی عوسمانی و بریتانیا چاوەڕوانی وەڵامن، ئەو وەڵامانەی وا ئەتوانن یارمەتیی خەباتی ئێستا و دوارۆژی گەلەکەمان بدەن و وەک ئەزموونێکی گەورە کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

* * *

یادداشتەکانی عەلی خان سەرەڕای دوژمنایەتیی بێسنوور لەگەڵ سوپای شێخ و گەلی کوردا، زۆر لایەنی تاریکی مێژووی کارەساتەکەمان بۆ ڕوون ئەکەنەوە و بەتایبەت، لاوازیی سیاسیی ڕێبەرایەتیی شۆڕش ئاشکرا ئەکەن. شۆڕشی کورد، ئەو دەمیش وەک قۆناغەکانی دواتری بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان، لەباری عەسکەرییەوە لەوپەڕی توانا و دەسەڵاتا بوو، بەڵام لە کێبەرکێی سیاسیی ناوچەکە و شیکردنەوەی بارودۆخی پەیوەندییەکانی نێوان عوسمانی و ئێران و زلهێزەکانی سەردەمی خۆیدا، داماو و کەمتوانا بوو. تەنانەت شێخ، فریوی چەند مەلای شاری ورمێ و حاکمی شارەکەی خوارد، ئەویش نەک جارێک بەڵکوو دوو جار! ئەو مۆڵەتانەی وا شێخ بە خەڵکی ورمێی دا، لەڕاستیدا مۆڵەتدان بوو بە اقبال الدولەی حاکمی شار و سوپای ئێرانی بۆ بەهێزبوون و ئامادەییی زیاتر و گەیشتنی لەشکری یارمەتیدەریان.

«عەلی خان» لە باسی مۆڵەتخواستن و دەرفەت وەرگرتنی مەلاکانی شاری ورمێدا ئەنووسێ:

«میرزا غەفوور و حوسەینقوڵی بەگی خەلەج، کاغەزی جەنابی پایەبەر میرزا حوسەینی موجتەهید و شێخ الاسلامیان برد بۆ گوندی «کلیسا» بۆ لای شێخ عوبەیدیللای لە گاور خراپتر. نامەکەیان دایە و هەندێ پەیامی نهێنییان پێ ڕاگەیاند و شێخی بێعەقڵیان فریو دا. لەوەڵامدا، [شێخ] گوتبووی ماوەی دوو ڕۆژتان دەرەتان پێ ئەدەم بەو مەرجەی ڕێگای اقبال الدولە نەدەن بگەڕێتەوە ناو شار...»

(F.24)

باسی گەڕانەوەی اقبال الدولە بۆ ناو شاری ورمێش بەم چەشنە ئەکات:

«جەنابی اقبال الدولە ئێوارەی ڕۆژی شازدەی مانگی ذیلقەعیدە، دوای ڕۆژئاوابوون، سەرباز و تۆپی بەهێمنی لە ڕێگای گوندی باڵاوەوە خستەڕێ و ویستی بێتەوە ناوشار. شێخ صدیق بە دوو هەزار کەس پیادە و سوارەی کوردەوە لە گوندی گێچین، چوونە بۆسەوە. اقبال الدولەش بەم کارەساتەی زانی و بێدەنگێک وە ڕێ کەوت... چوار سەد سەربازی سوننی داوای مەرەخەسییان کرد بۆ ئەوەی بچنەوە ماڵ و سەری ماڵ و منداڵیان بدەن... نیازی ئەو بەدبەختە دڵڕەشانە ئەوە بوو بچن شێخ صدیق لە هەواڵی کارەکە ئاگادارکەنەوە... اقبال الدولە، دوای ڕۆیشتنیان فەرمووی دەستوبرد کەن چوون هەر ئێستا ئەچن و شێخ صدیق ئاگادار ئەکەن... هەرچۆنێک بوو، شێخ صدیق لە هەواڵی ڕۆیشتنی جەنابی اقبال الدولە ئاگادار کرایەوە و سوارە و پیادەی کوردی هەڵگرت و بەخێرایی کەوتە شوێنیان، بەڵام پێیان نەگەیشت و گەڕانەوە. دوو سەعات لە شەوی حەڤدەهەمی مانگ تێپەڕ بووبوو کە اقبال الدولە و سەرباز هاتنە ناوشار و دانیشتوانی شاری ورمێ ترسیان ڕەوی و هەندێک ئارام بوونەوە.»

(F.25,26)

دەقی نامەکانی شێخ بۆ مەلایانی شاری ورمێ و اقبال الدولەش لە لاپەڕەکانی مێژووی عەلی خانا ڕەنگیان داوەتەوە.

شێخ لە سێزدەی مانگی ذیلقەعدەی ساڵی ١٢٩٧دا لە «نەهری»یەوە ئەگاتە دەوروبەری شاری ورمێ. لە چاردەی مانگدا لە کێوی «سیر»، نزیک گوندی کلیسا کە شەش کیلۆمەترێک لە ڕۆژئاوای شاری ورمێ دوورە، دائەمەزرێت. هەر لەو شوێنەوە، یەکەم نامەی خۆی ئاڕاستەی میرزا حسین ئاغای مجتهد و میر جمال الدین شێخ الاسلام، دوو گەورە مەلای شاری ورمێ ئەکات.

ئەوە دەقی نامەی شێخە بۆ شێخ الاسلام:

"بۆ جەنابی پایەبەرزی بە گەوهەر سەیید میر جمال الدین شێخ الاسلام ئەنووسرێ.

یەکەم، بزانن کە خۆشەویستیی من، ئێوە و سەرجەمی عولەما و رەعیەت و دانیشتووانی ناوچەکە ئەگرێتە بەر. دووهەم، بۆ هەمووتان ڕوون و ئاشکرایە کە خەڵکی ئێران لە دەست حاکمان و سنووردارانی و پیاوانی دەوڵەتی قاجار، لەوپەڕی دڵشکاویدان و عێل و عەشیرەی سنوورنشین هەموو پێکەوە یەکیان گرتووە و پەیمان و بەڵێنیان داوە و دەستەوداوێنی من بوون کە لە دەست زۆرداران ڕزگاریان کەم. رەسمی زەکات کە شێوەی باوباپیرانی پاکمانە رەچاو بکرێ، دینارێک زیادییان لێ وەرنەگیرێ و زوڵم و دەستدرێژی لەسەر مەخلووقی خوا لاچێ.

یەکەم، پێشی شێخ عبدالقادری کوڕی خۆم گرت نەکا لەلایەن سوپا سەرکەوتووەکەیەوە زیانێک بە دانیشتووانی ناوچەی ورمێ بگات. ئێستاش، شوکر بۆ خوا، شێخ عبدالقادر لە هەموو شوێنێک سەرکەوتنی دەست کەوتووە و نزیکی ئەوەیە کە دار السلطنەی تەورێز بگرێ و هەموو ئەو ناوچانە کەوتوونەتە ژێر دەسەلاتیەوە.

نووری چاوانم «صدیق»یشم کردۆتە مەئمووری گرتنی ورمێ و ئێستا لە گوندی نەرکی هۆردووی لێ داوە. بەپەلە و خێرایی خۆمم گەیاندێ نەوەکوو لەلایەن سوپا ئازاکەیەوە زیانێک بە خەڵکی ئەفشار بگات. من لەڕاستیدا، ورمێ بەماڵی خۆم ئەزانم و بەوپەڕی خۆشەویستییەوە لەگەڵ دانیشتووانی ورمێ ئەبزوومەوە. دوو سێ ڕۆژ میوانی خەڵکی ورمێ ئەبەم، لە مزگەوتی جامیع نوێژی جومعە لەگەڵ خەڵکی ورمێ دەکەم، هەموو کەسێک لەسەر ئەرک و کاری خۆیان دائەنێمەوە و بەرەو دار السلطنەی تەورێز ئەکەومە ڕێ.

دیارە، ئێوە متمانە ئەدەن بە خەڵکی ناوچەکە و دڵنیایان ئەکەن لەوەی ئەوپەڕی [میهرەبانی] لەلایەن منەوە ئەبینن. [بەڵام] ئەگەر بەپێچەوانە ببزوونەوە و هۆی دڵئێشان بێتە گۆڕێ، ئەوا ئەوەی بەسەر خەڵکی میاندواو هات، دێتە سەر خەڵکی ورمێ. ئیتر خۆتان ئەزانن."

(F.23)

نووسەر، لە باسی پەیوەندی نێوان سەرەکخێڵە کوردەکانی ناو سوپای شێخ عەبدولقادریشدا هەندێ ئاگاداریی تاڵمان ئەداتێ و ئەنووسێ:

"لەم ڕۆژانەدا، لە نێوان هەمزاغای مەنگوڕ و عەبدوڵڵا خانی زەرزا دوژمنایەتییەکی تەواو پێکهاتبوو. ئەویش بەهۆی ئەوەوەی کە عەبدوڵڵاخان لەنێو عەشایردا خاوەنی هۆز و تایەفەیە، پشتاوپشت حکوومەتی شنۆیان بە دەست بووە و باوباپیری هەمزاغا و هۆزەکەی نۆکەری ئەمان بوون [بەڵام] لەلایەن شێخ عوبەیدیللاوە، هەمزاغا کرابووە سەرۆکی سوپای کافرکردەوە و عەبدوڵڵاخان بەردەستی هەمزاغا بوو. زەرزا هەمووی لەم بابەتەوە دڵیان لە حەزرەتی شێخ ساردبووبووەوە. مەنگوڕ و زەرزا دوژمنایەتییان لەنێودا بوو و محمد ئاغای مامەش و هەمزاغا هەر لەکۆنەوە بە خوێنی یەک تاوونی بوون. [تەنانەت] دوو کورد نەبوو کە خەیاڵیان یەکگرتوو بێت[!] و هۆردووی عەبدولقادری کافر لە هەموو لایەکەوە بێبرەو مابووەوە. ئاغاواتی کورد لە ئاکاری خۆیان پەژیوان ببوونەوە و هەندێکیان لە خەیاڵی ئەوەدا بوون کە ئەگەر بۆیان بلوێ، شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بگرن و بیاندەن بە دەست اعتماد السلطنە و ئاغاخانی سەرتیپەوە."

(FF.64)

نووسەر، لە باسی تێکشکانی سوپای شێخ عەبدولقادر و هرووژمی لەشکری عەجەم بۆ سەر شار و گوندە کوردنشینەکان گەلێک هەواڵی تاڵمان ئەداتێ و بۆ نموونە، ئەنووسێ:

"جەنابی سوپەهسالار کە حاکمی قەزوێن بوو، بە حوکمی... شای صاحیبقڕان... کرایە سەرداری جەنگ و بە قشوونی بێهەژمارەوە لە یەک مەنزڵی شاری سابڵاخ لەگەڵ لەشکری ئازەربایجان و عیراق[ی عەجەم]دا یەکیان گرت. ئەمجا کەوتنە ڕێ و لە ڕۆژی شەشەمی ذی الحجە الحرام دا، چوونە ناو شاری سابڵاخەوە. بەڵام هەموو گوندی کوردەکان وێران و خراپ کرابوو و کوندەبوو هێلانەی تێدا کردبوون. کورد، لە ترسی لەشکر سەرکەوتوو. هەرچییەکیان هەبوو، شاردبوویانەوە و هەڵاتبوون. لەشکری ئازا، هەندێ گوندی ئەو مەلعوونانەی تاڵان کردبوو و کورد، ئەوەی لە سەرەتای کارەکە چاندبووی ئەوا ئێستا ئەیدرووەوە. کوشت



وبڕەکەی شاری میاندواو ببووە هۆی دوژمنایەتیی نێو موسوڵمانان و هەرچەندە سەرۆکانی سوپا پێشی تاڵان و بڕۆکردنیان [بە لەشکر] ئەگرت، هیچ سوودێکی نەئەبەخشی." ( FF.69,70 )

* * *

لە بواری تۆژینەوەی بابەتییانەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠، سەرچاوەی خۆماڵیی ئەوتۆمان بە دەستەوە نییە و ناچارین پەنا بەرینە بەر سەرچاوە بێگانەکان. کاری «لازارێف»(١٠) و جەلیلی جەلیل (١١) کە پشتیان بە ئارشیڤی ڕووسیاری قەیسەری بەستووە، ڕچەشکێنی ئەم ڕێگایەن.

ئارشیڤی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێرانیش بایەخێکی زۆریان هەیە. هەروەها «بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لە «پابلیک ریکۆرد ئۆفیس»ی (١٢) شاری لەندەن، کانگایەکی پڕ بایەخن بۆ ڕوونکردنەوەی گەلێ لایەنی تاریکی ڕاپەڕینەکە، بەڵام وەک دەزگای ئارشیڤی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لەسەر دڵسۆزانی گەلەکەمان داخراوە، ئەوەی بۆمان بمێنێتەوە، بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیان کە ئەبێ بایەخی پێویستیان پێ بدرێ.

بەداخەوە، فایلی پەیوەندیدار بە ساڵی ١٨٨٠ی عوسمانی کە لیستەیان لەناو کەمپیووتەر و کاتالۆگی «پابلیک ریکۆرد ئۆفیس»دا ئەبیندرێ خۆیان لەبەر دەستا نین. لە وەڵامی پرسیاری منا، کە فایلەکان چییان لێ بەسەرهاتووە، پێیان وتم: بەڵگەنامەی ئەو ساڵەی عوسمانی بەشێک بوون لەو فایلانەی وا لە کاتی گوێستنەوە بۆ بینای تازە، ون بوون و کەس بە شوێنیان نازانێ. دیارە، ئەم ونبوونی فایلانە، زیانێکی زۆری لە کاری لێکۆڵینەوەی باسەکە داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، فایلی ساڵی ١٨٨١ و هەروەها بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە ساڵانی ١٨٨٠ و ١٨٨١ی ئێران، مەعلووماتێکی زۆرمان ئەدەن بە دەستەوە.

نامەی «جۆرج گوشێن»ی باڵوێز(١٣) لە ئەستەموولەوە بۆ «ئیرڵ گرانویل»(١٤) (سێهەمی مانگی مای ١٨٨١)(١٥) هەروەها نامەی «کاپیتەن کلایتۆن»ی(١٦) قۆنسوول لە شاری وان بۆ «مەیجەر ترۆتێر»(١٧) (شەشەم و دوازدەهەمی ئاپریلی ١٨٨١)(١٨) و نامەی «هاف ویندهام»(١٩) لە «سەنت پیتەربورگ»ەوە بۆ ئێرڵ گراندیل (دەهەمی جوونی ١٨٨١)(٢٠) خاوەنی گرینگایەتیی تایبەتن. ئەم بەڵگەنامانە بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆر کەس کە ڕاپەڕینی شێخ بە فیتی ئینگلیس ئەزانن هەوڵی کاربەدەستانی سیاسیی بریتانیا ئەخەنە ڕوو بۆ بەرگری کردن لە ڕاپەڕینی دووبارەی شێخ لە ساڵی ١٨٨١!

«جۆرج گوشێن» لە نامەی سێهەمی مانگی مای ١٨٨١دا بۆ «ئێرڵ گرانویل» باسی چاوپێکەوتنێکی خۆی ئەکات لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی عوسمانی و قسەی وەزیر ئەگێڕێتەوە کە گلەیی لەو «دەستانە» کردووە، وا «شێخ عوبەیدیللا ئەپارێزن». ڕووی تەشەری وەزیر بەئاشکرا، لە «بابی عالی»یە! لە وەڵامدا، باڵوێز باسی «هەوڵی بێئەنجام»ی خۆی ئەکات کە «لە چەند مانگی رابوردوودا» داویە بۆ «تێگەیاندنی دەوڵەتی عوسمانی لەو ڕاستییە»ی کە گوایە «شێخ، عونسورێکی جێی مەترسییە و وەفای نییە» و گلەیی ئەکات کە «بابی عالی ئەم ڕاستییەی بۆ نەسەلماندووە»(٢١)

لە نامەی نۆهەمی مانگی جوونی ١٨٨١دا، «کاپیتەن ئیوێرێت»(٢٢) بە «ئیرلی دوفێرین»(٢٣) ڕائەگەیێنێ کە «کوردەکان چەک و تەقەمەنییان لە حکوومەتی عوسمانییەوە پێ گەیشتووە و بەشێکیشیان لە شەڕدا کەوتۆتە دەست. ئەم چەکانەش سەرچاوەی مەترسین و بۆ دانیشتووانی مەسیحیی ناوچەکە»(٢٤)

ئیوێرێت هەروەها ئەو چاووڕاوەی کە گوایە ئینگلیسەکان کوردیان چەکدار کردبێ بە «حیکایەت» دائەنێ و بەرپەرچی ئەداتەوە. (٢٥)

«جەنەڕاڵ ئابۆت»(٢٦) قونسوولی بریتانیا لە تەورێز، لە راپۆرتێکی گرینگ و کەموێنەدا کە ئاڕاستەی «ئێڕڵ گرانویل»ی کردووە (یازدەمەهی ئاگوستی ١٨٨١)، باسی «بەرگریکردن لە ئاژاوەنانەوەی کورد» ئەکات و «پاراستنی مەسیحییان لە مەترسیی کوردان.»(٢٧)

«ئابوت» هەر لەو حاڵەدا کە «پەیوەندی نزیک»ی خۆی لەگەڵ شێخ عوبەیدیللا ئەدرکێنێ، ئەڵێ ئەم پەیوەندییە «لە

ڕووی ناچارییەوە بووە» چون شێخ یارمەتیی داوە و سوارەی لەگەڵ خستووە بۆ ئەوەی بتوانێ بە «ناوچە ڕاپەڕیوەکان»دا بگەڕێ.(٢٨)

لە نامەکەیا «ئابوت» بە ڕێز و ئیحتیرامی زۆرەوە ناوی شێخ ئەبات و ستایشی «ڕۆشنبیری، ڕەفتاری میهرەبانانە، نەجابەت، خۆبەکەمزانی و میوانداری » یەکەی ئەکات و لەو «توانا»یە ئەدوێ کە شێخ هەیەتی بۆ قانیعکردنی ئەو کەسانەی وا وتووێژی لەگەڵ ئەکەن و ئەنووسێ:

"ئەو کاتەی وا کورد توانای ئەوە پەیدا کەن[!] کە ئیشوکاری ئۆتۆنۆمیی خۆیان بە دەستی خۆ بەڕێوەبەرن، ئەگەر شێخ عوبەیدیللا یا گەورەیەکی دیکەی وەک ئەو، ڕێبەرییان بکات، جێی خۆی ئەبێ مەسەلەکە بە شێوەیەکی جیددی سەیر بکرێ.»(٢٩) [واتە بریتانیا سەیری مەسەلەی ئۆتۆنۆمیی کوردان بکات.]

بەڵام «ئابۆت» سەرەڕای ئەو هەموو پێداهەڵگوتنەی شێخ، لە کۆتاییی نامەکەیا، دەوڵەتەکەی خۆی لە «مەترسیی ڕاپەڕینی دووبارەی کورد» ئاگادار ئەکاتەوە و ئەڵێ ڕووداوێکی وا، «ئەبێتە هۆی نزیکایەتیی زیاتری ئێران لەگەڵ ڕووسیا و دوژمنایەتیی پتری، لەگەڵ عوسمانی ئەگەر نەتوانێ ئاسایش لەسەر سنوورەکانی خۆی دابین بکات."(٣٠)

ئەم بەڵگەنامانە و هیچ بەڵگەیەکی تر کە من چاوم پێی کەوتبێ نیشانی ئەوە نادەن کە بریتانیا لە ساڵی ١٨٨١دا کوردی چەکدا کردبێ یا شێخی بۆ ڕاپەڕین هان دابێت. بەپێچەوانە، هەوڵی کاربەدەستانی بەریتانی لە ناوچەکەدا تەرخانی بەرگریکردن لە ڕاپەڕینی دووبارەی شێخ کراوە. بە بۆچوونی من، کار لە دوو حاڵ بەدەر نییە: یا ئینگلیزەکان هەر لە سەرەتاوە ڕاپەڕینی شێخیان نەسەلماندووە و ئەوەی ئەگوترێ گوایە شێخ بە فیتی ئەوان هەستابێتە سەر پێ، درۆیە، یاخود ئەگەر لە ساڵی ١٨٨٠دا بریتانیا گەرەکی بووبێ ئاژاوەیەک لەسەر سنوورەکانی ئێران بنێتەوە و سەرێشەیەک بۆ دەرباری شا دروست کات، لە ساڵی ١٨٨١دا ئەم سیاسەتەی گۆڕیوە و ئیتر درێژەی کارەکەی لە بەرژەوەندی خۆیا نەدیوە.

دوابڕیار لەسەر ئەو بۆچوونەش کاتێ ئەدرێ کە نەک بەشێکی کەم لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، بەڵکوو هەموویان سەیر بکرێن و بەراوردیان بکرێ لەگەڵ بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووس و عوسمانی و گەلێک فاکتی مێژوویی تر.

* * *

لە کۆتاییی باسەکەدا، بۆ ناساندنی بابەتییانەی مێژووەکەی عەلی خان، کورتەیەک لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٨٠ لە زمان نووسەرەکەیەوە ئەگێڕمەوە و هیوادارم لە داهاتوودا، سەرجەمی مێژووەکە بە فارسی و تەرجەمەی کوردییەوە بخەمە ژێر چاپ.

شایانی باسە کە بەشێکی یەکجار کورتی ئەم مێژووە پێشتر لەلایەن پرویز شهریار افشارەوە چاپ کراوە و وەک پاشکۆی کتێبی تاریخ افشار بڵاوکراوەتەوە کە بەهۆی کورتکرانەوەی زۆرەوە دەرەتانی بەراوردکردنی لەگەڵ دەقی دەستنووسەکەدا نییە.(٣١)

## کرۆنۆلۆجیای ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٨٠ی کورد بەپێی نووسینی «عەلی خانی ئەفشار»

١) ٧ی شەووالی ١٢٩٧ [=١٣ی سێپتەمبەری ١٨٨٠]

سوپای شێخ عەبدولقادر، کوڕە گەورەی شێخ عوبەیدیللا گەیشتە شنۆ. نورالله بەگی دەشتی، خاڵی شێخ عبدالقادر، فەقێ یۆسف سەرەکعەشیرەی ڕەوەند و سوار و پیادەی دەشت و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕی لەگەڵ بوون. حاجی وەهاب خان، عەبدوڵڵاخانی زەرزا، محمد ئاغای مامەش و مامەندئاغای سەرەکعێلی پیرانیش لەگەڵی کەوتن و ژمارەی سوپاکەی کە لە خاکی عوسمانیدا پێنج هەزار کەس بوو، گەیشتە نزیک سی هەزار کەس.

(F.7b)

* ١٢ی شەووال [١٨ی سێپتەمبەر]

دەوڵەت، سوارەی قەرەپاپاخی ناردبووە خۆراسان. جا عێلەکەیان کە توانای بەرگریکردنی شێخی نەبوو، بە ناچار لەگەڵی کەوت.

(F.8a)



هەمان ڕۆژ شازادە کێشکچیباشی - حاکمی سابڵاخ، شاری جێ هێشت و هەڵات

.(F. 8b)

* ١٦ی شەووال [٢٢ی سێپتەمبەر]

خان باباخان کوڕی مەجیدخان، قادر ئاغا و گوڵاوی ئاغا کوڕانی پاشاخانی مظفر الدوله،(٣٢) باباخان ئاغا و خەلیل ئاغای فەیزوڵڵابەگ، ئەحمەد بەگ و عباس ئاغا لەگەڵ مەلا و سادات و قاضیی شاری سابڵاغ، بە سوارە و پیادە و تەپڵ و دەهۆڵەوە چوونە پێشوازی لەشکر و شێخ عبدالقادریان هێنایە ناو شار.

(F. 9a)

* ١٧ی شەووال [٢٣ سێپتەمبەر]

شێخ عبدالقادر لە باخی قیبلە، دەرەوەی شار، خێوەتی هەڵدا.

(F. 9b)

* ٢٥ی شەووال [=٢ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٠]

سوپای شێخ عبدالقادر بەرەو شاری میاندواو کەوتە ڕێ. ژماری لەشکر گەیشتە ٤٥ هەزار کەس. سێ ڕۆژ لە دەشتی حاجی حەسەن [نێوان سابڵاغ و میاندواو] حەسانەوە.

* ١ی ذیلقەعیدەی ١٢٩٧ [٥ی ئۆکتۆبەر] لەگەڵ ئەوەشدا کە شێخ عبدالقادر، ئەماننامەی ناردبوو بۆ خەڵکی میاندواو، عەلی خانی معتمد السلطان (حاکمی مەراغە) بە هەزار کەسەوە و سەلیم خانی چوار دۆڵی بە ٢٠٠ سوار و ٥٠٠ پیادەی میاندواوییەوە، هاتنە شەڕی سوپای کورد. شێخ عبدالقادر دوای ئەوەی نووراللە بەگی خاڵی کوژرا، فەرمانی قەتڵی عامی دەرکرد و سێ هەزار کەس لە خەڵکی میاندواوی کوشت.

(FF. 11a-13b)

بە شوێن ئەم ڕووداوەدا هەموو خەڵکی ئازەربایجان هەستیان بە مەترسی کرد و بەربوونە مەتەرێز دروست کردن لە کوچە و کۆڵانی شارەکانیان.

(F. 14a)

* لەم ڕۆژانەدا بوو کە شێخ عوبەیدیللا نامەی بۆ عباس میرزاری مولک ئارا نووسی و بە دوو کوردی خەڵکی حەکاریدا ناردی بۆ تاران. عباس میرزا نامەکەی بردە خزمەت ناصرالدین شاه! و خەڵات کرا.

(F.15a)

* ناصرالدین شاه، حمزه میرزای حشمت الدولەی مامی خۆی، بە لەشکری عیراق[ی عەجەم] و ئازەربایجانەوە کردە مەئمووری سەرکوتکردنی کوردان

(F. 16b)

* فەوجێکی سوپای هەوشار کە نیوەی زیاتری سوننی مەزهەب بوون لایان دا لای شێخ و چەکەکانیشیان لەگەڵ خۆیان برد.

(F. 17a)

* فەوجی ئوتریش [= نەمسە] بە دە تۆپی ئوتریشی و تۆپچییەکانیانەوە، دوو فەوجی قەزوێن و فەوجی سێهەمی هەمەدان نێردران بۆ مەراغە، لە لایەکی ترەوە تەیموور پاشا خانی ماکۆیی بە سوارە و پیادەی خۆی و سەڵماس و ماکۆوە، بەرەو ورمێ کەوتە ڕێ.

(F. 17a)

* ٥ی ذیلقەعدە [=١٠ ئۆکتۆبەر]

شێخ عوبەیدیللا، شێخ محمد امین ی کوڕە چکۆلەی خۆی و خەلیفە سەعیدی ئامۆزای کردە مەئمووری گرتنی شاری ورمێ، سەرۆکانی عەشایر، جگە لە عەلی خانی شکاک هەمووی لەگەڵ سوپای کورد کەوتن: تیمور ئاغا کوڕی میرزا ئاغای شکاک، عومەر ئاغا کوڕی یەحیا بەگ، حەسەن کوڕی قاسمی جەللاد[!]، حەسەن بەگ و ئەبداڵ بەگ و ابراهیم خان و میرحاج ( بە دە کەس لە براکانیەوە)، سـەعید ئـاغا و نعمان ئاغا بە سوار و پیادەیانەوە هاتن.

(F. 17b)

* ٩ی ذیلقەعیدە [١٤ی ئۆکتۆبەر]

اقبال الدوله حاکمی ورمێ بە نزیکەی هەزار و چوار سەد کەس و ٢ تۆپ و دوو سەد سواری ئەفشار و کەلیبەر و موهاجیرەوە لەگەڵ سوپای ٨ هەزار کەس شێخ محەمەد ئەمین لە دەرەوەی شاری ورمێ کەوتنە شەڕ.

(F. 18b)

* ١٣و ١٤ی ذیلقەعیدە [١٨ و ١٩ی ئوکتۆبەر]

درێژەی شەڕ.

* ١٤ی ذیلقەعیدە [١٩ی ئوکتۆبەر]
هاتنی شێخ عەلی خانی سەرتیپی ماکۆیی بە فەوجی دەهەمی خۆیەوە بۆ یارمەتیی اقبال الدولە.
(F. 21b)

* ١٥ی ذیلقەعیدە [٢٠ی ئوکتۆبەر]
شێخ عوبەیدیللا، بۆ یارمەتیدانی سوپای کوڕەکەی، گەیشتە ناوچەی ورمێ.
(F. 22a)

* نامەناردنی شێخ بۆ میرزا حسین مجتهد و میر جمال الدین شێخ الاسلام، دوو پیاوی ئایینی شاری ورمێ و وەڵامی ئەوان [ بە دەقی نامەی هەردوولاوە.]
(F. 23a)

* شەوی ١٧ی ذیلقەعیدە [٢٢ی ئوکتۆبەر]
اقبال الدولە کە تا ئێستا لە دەرەوەی شاری ورمێ شەڕی شێخی دەکرد، خۆی گەیاندە ناو شار.
.(F. 25a)

* رۆژی ١٧ی ذیلقەعیدە [٢٢ی ئوکتۆبەر]
کۆنسووڵی ئینگلیز لە ورمێ بەشداری کۆبوونەوەی خەڵکی شاری کرد بۆلێدوان لەمەڕ چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کارەساتەکە. (F.27a)

* ١٩ی ذیلقەعیدە [٢٤ی ئوکتۆبەر]
شەڕ لەناو شاری ورمێ دەستی پێکرد. (F. 27a)

* ٢٠ تا ٢٧ی ذیلقەعیدە [ ٢٥ی ئوکتۆبەر تا ٢ی نوامبەری ١٨٨٠]
درێژەی شەڕی ورمێ و بەردەوامیی شێخ لە نووسینی نامە بۆ مەلایانی ورمێ و اقبال الدولە. خەلیفەی کاتۆلیکی ورمێ هەڵوێستی دژ بە شێخ ئەگرێ.
(FF. 39a-45a)

* ٢٨ی ذیلقەعیدە [=یەکەمی نوامبەر]
هاتنی تەیموور پاشا خان بە لەشکری خۆی و سەڵماسەوە بۆ یارمەتیدانی اقبال الدولە. (F. 48b)

* هەمان رۆژ
خەڵکی شاری ورمێ هەڵیانکوتایە سەر ماڵی کوردەکانی دانیشتووی شار و بە ناوی جاسووسیکردن بۆ شێخ و یارمەتیدانی سوپای کوردەوە تالانیان کردن و ماڵیان لێ رووخاندن. (F. 48b)

* یەکەمی ذیلحەجەی ١٢٩٧ [=٤ نوامبەر ١٨٨٠]
شەڕی خەڵکی گوندی عەسکەرئاباد لەگەڵ کوردەکان. تەیمووریاشا خان بە هاواری گوندەکەوە نەهات.
(F. 53a)

* ٤ی ذیلحەجەی [= ٨ ی نوامبەر]
کوردەکان لە کردەوەی خۆیان پەشیمانن، ئەمڕۆ دەسپێشخەریی شەڕیان کرد، بەڵام لەڕووی ناچارییەوە بوو. سێ سەعات پێش رۆژئاوابوون لە لەشکری تەیمووریاشاخان شکان. شێخ عوبەیدیللا و محمدامین کە خەریک بوون هەڵێن، لەبەر پەلەپەل لە ئەسپ کەوتنە خوارێ و سەری شێخ عوبەیدیللا، شکا.
(54b-56a)

* ٥ ی ذیلحەجەی [= ٩ ی نوامبەر]
لە شەڕی نێوان لەشکری شێخ و هۆردووی تەیمووریاشا خانا، شێخ بە یەجگاری شکا و بەرەو ناوچە [=نەهری] رای کرد. تەیموور پاشا خان کەوتە شوێن هەڵاتووە کوردەکان و نیو سەعات دوای بانگی شێوان گەڕایەوە. شێخ گەیشتە «ناوچە».
(F. 57a,b)

## هەواڵی هۆردووی شێخ عبدالقادر:

* ٢٤ی ذیلقەعیدە ١٢٩٧[=٢٩ی ئوکتۆبەری ١٨٨٠]
پاش ئەوەی شاری مەراغە کەوتە ئابڵووقەی لەشکری شێخەوە و سوارەی کورد هەموو گوندی مەحاڵی مەراغە و هەشتەرۆیان تالان کرد، ئاغاواتی مامەش و قەرەپاپاخ بەنهێنی پیاویان ناردە لای اعتماد السلطنە بە کاغەزی مۆرکراوەوە کە ئەگەر دوو رۆژێک هاوکاریی شێخمان کردووە لە ڕووی ناچارییەوە بووە. بە دوای ئەواندا، ئاغاواتی موکریش هەر کام پیاوی خۆیان نارد و پەشیمانییان دەربڕی. یەک لەوان باباخان کوڕی مەجید خانی موکری بوو کە شێخ عەبدولقادر کردبوویە حاکمی سابڵاخ. گوڵاوی ئاغا و قادرئاغاش کە خاوەنی عێل و عەشیرە و لەشکرن ، پیاوی خۆیان نارد.
(F. 63a)

دوژمنایەتی کەوتۆتە نێوان هەمزاغای مەنگوڕ و عەبدوڵلاخانی زەرزا. محمد ئاغای مامەش - یش هەر لە



کۆنەوە بە خوێنی هەمزاغا توونییە. بە کورتی بڵێین، دوو کوردی هاوڕەنگ بۆ پەیدا نابێ!
(F. 64a)

* ٢٧ی ذیلقەعیدە [=٣٠ی ئوکتۆبەر]
شەڕ لە نێوان سوپای شێخ عەبدولقادر و هێزی اعتماد السلطنە لەلایەک و خەڵکی شاری بناو بە ڕێبەرایەتیی ئاغا عەلی قاضی، ئیمام جومعەی بناو لە لایەکی ترەوە، بەردەوامە.
(FF. 66a-6b)

* ٦ و ٧ی ذیلحەجە [=١٠ و ١١ی نوامبەری ١٨٨٠]
ئاغاوات لەنێو خۆیاندا کۆبوونەوە و بڕیاریان دا شێخ عبدالقادر و هەمزاغا جواب کەن. هەروەها نیازیان بوو بیانگرن و بیاندەن بە دەست اعتماد السلطنەوە. بەڵام ئەوان بە هەواڵی کارەکەیان زانی و نیوەشەوی ٧ی ذیلحەجە، بە چل سوارەوە هەڵاتن. دوو سێ رۆژ لە سابڵاخ مانەوە و پاشان عبدالقادر چوو بۆ مەرگەوەڕ تا لەوێوە لەگەڵ باوکی بەرەو نەهری بێتەوە. هەمزاغاش عێلی مەنگوڕی هەڵگرت و چوو بۆ ساری قامیش کە کەوتۆتە ئەوبەری شط العربەوە[؟]. عەبلاغای زەرزا و ئاغاواتی تر، هەر کام بە لایەکدا هەڵاتن.
هەندێ ئاغاواتی موکری وەک خان بابان خان و قادر ئاغا و گوڵاوی ئاغا و ئەحمەد بەگ هاتنە هۆردووی اعتماد السلطنە.
(FF. 68 a, b)

* ٧ی ذیلحەجە [=١١ی نۆڤەمبەری ١٨٨٠]
خان باباخان کوڕی مەجید خان (حاکمی سابڵاغ) لە گوندەکەی خۆی کوژرا.
(F. 69a)

* ٨ی ذیلحجە [=١٢ نۆڤەمبەری ١٨٨٠]
حشمت الدولە حمزە میرزا مامی ناصرالدین شا و فەرماندەی ئەو سوپایەی لە تارانەوە بەرەو کوردستان کەوتبووە ڕێ، لە مەنزڵی تیکان تەپە مرد. سپهسالاری حاکمی قەزوێن کرایە سەرداری سوپاکە و ئەمڕۆ گەیشتە سابڵاغ. هەموو گوندی کوردەکان وێران کرا و بووە هێلانەی کوندەبوو. کورد، لە ترسی سوپای سپهسالار هەرچییەکیان بوو شاردیانەوە و هەڵاتن.

قشوونی سەرکەوتوو[!] هەندێ گوندی ئەم بێدینانەی وێران و تالانکرد.
(FF. 69b-70a)

* جەنابی وەزیری فەواید کرایە حاکمی سابڵاغ و لەلایەن شاهەوە حکومەتی سەردەشت و لاجان - یشی پێسپێردرا. سێ فەوجی هەمەدان کرانە مەئمووری تەمبێ کردنی هەمزاغا و عێلی مەنگوڕ بەڵام چون دەستیان نەئەگەیشتە ساری قامیش گوندەکانیان ئاگر دان و ئەو کەسانەشیان کوشت وا لە گوندەکانا بەجێ مابوون. هەندێکیشیان بە دیل گرتن و ماڵاتیان لێ تالان کردن.
(FF.69a-70a)

* ٢ی موحەڕڕەمی ١٢٩٨ [٥ی دیسامبەری ١٨٨٠]
سوپەهسالار گەیشتە سوڵدووز.
(F. 71a)

* ٢١ی موحەڕڕەم [=٢٥ی دیسامبەری ١٨٨٠]
سوپەهسالار گەیشتە ورمێ و میدالێک و دوو تمەن پووڵی دا بە مەهدی ناو، کە دوو کوردی کوشتبوو و ئاڵای کوردەکانی بەتەنیا هێنابووەوە. دوو کەسیشی ناردە خاکی عوسمانی بۆ پەیجۆیی کاری شێخ:
میرزا رضاخانی سەرتیپ بۆ «وان» ، میرزا عەلی خانی سەرتیپ بۆ «قارص» دەستووری تالانی کوردەکانیشی پێ دان
(FF. 71a-72a)

* [؟] ئێران و عوسمانی قەول و قەراریان لەسەر مەسەلەی سنوور و دەسبەسەرکردنی شێخ عوبەیدیللا...؟
(F. 75a)

* ٦ی رەمەزان [=٢ی ئاگۆستی ١٨٨١]
بە هیممەتی میرزا حەسەنعەلی وەزیری فەواید، حاکمی سابڵاغ، هەمزاغای مەنگوڕیان بەناوی لێبووردنەوە هێنایە ناو خێوەتێک لە دەرەوەی شاری سابڵاغ. یەکەم کەس کە هەمزاغای بە دەمانچە بریندار کرد، محمدخان کوڕی حەیدەرخانی ئەفشار بوو. پاشان سرور بەگی شاسەیوانی قۆجەبەگ لوو کە نەوەی «شاه پڵینگ»ە، دەستی دا تفەنگ و سوار ئاغای بریندار کرد. لە

ئەنجاما، هەمزاغا، سوار ئاغا و [illegible]
کوژران سەریان بڕین و بردیانە بەردەم حاکم. جەنازەی هەر چواریان ماوەی دوو ڕۆژ بۆ چاوترسێنی خەڵک لە مەیدان[ی شاری سابلاغ]داندرا تا خوشکی هەمزاغا هات و جەنابی وەزیری فەواید ئیجازەی ناشتنی دان.

(FF. 77b-80a)

* هەمان ڕۆژ

اقبال الدوله حاکمی ورمێ مرد.

(F. 80a)

* ٨ی ڕەمەزان[=٤ی ئاگۆستی]

سرور بەگ، سەری هەر چوار کەسەکەی هێنایە ورمێ و خستنیە بەردەمی جەنابی ئەمیرنیزام. ئەویش ناردنی بۆ تاران و لەوێ بردیانە خزمەت «اعلیحضرت شاهنشاه خلدالله ملکه.»

(F. 77b)

* ڕاپەڕینی عەلی خانی شکاک و حەسەن بەگی دەشتی لە ناوچەی ورمێ [وەک نیشانەی بەردەوام بوونی شۆڕشی گەلی کورد.]

(FF. 81a-93b)

پەراوێزەکان

١) ئەمیرتوومان جەمشیدکوڕی ئەردەشیرخانی ئەفشار (مجد السطنه)، قارەمانی شەڕی سەرحەدی کە تیایا کوردی دەشت و تەرگەوەڕی بەزاند و تا ئەودیو سنووری عوسمانی وە شوێنیان کەوت. مجد السلطنه بۆ ماوەیەک کرایە والیی ئازەربایجان و دوای شەڕی یەکەمی جیهانی چوو بۆ قەفقاز.
مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخواز و قەڵەم بە دەست بوو. سێ بەرگ کتێبی لە تفلیس چاپ کراوە و لەگەڵ میرزا عبدالرحیم طالبوف ڕۆشنبیر و نووسەری ئازەربایجانی باکووردا پەیوەندی دۆستانەیان بووە. مجد السلطنه لە کۆتاییی ژیانیا چوو بۆ تاران و هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد. وەرگیراو لە: محمود رامیان و...، بزرگان و سخن سرایان اذربایجان غربی، سال؟، چاپ؟، ص. ٣٣٧.

2) SCHOLL OF ORIENTAL AND AFRICAN STUDIES. (S.O.A.S).

3) THE KURDS.

٤) مجد السلطنه، لە درێژەی یادداشتەکەدا، چۆتە سەر نرخاندن و ڕەخنەگرتنی مێژووەکەی عەلی خان و نووسیویە: "گەرچی خوالێخۆشبووی دانەر، لە پێکهێنانی مێژووەکە و تۆمارکردنی ڕووداوەکانا زەحمەتی کێشاوە و خزمەتی کردووە، بەڵام لەبەر دەمارگیریی نەزانانە و بێ سەروبەرەیی قسەکانی، نە[یتوانیوە] بنج و بناوانی کارەساتەکە دەربێنێ و هۆی پێشکەوتنی کورد و خۆڕانەگیریی لایەنەکەی تری بۆ ڕوون نەبۆتەوە، تۆمەز، جگە لە دوژمنایەتی و نێوان ناخۆشی ناو ئۆممەتی موسوڵمان، هیچ ئامانجێکی دیکەی نەبووە. ئەگەر بە چاوی ئینسافەوە سەیرکەین، ئەبینین کە دووبەرەکیی نێوان فیرقەگەلی موسوڵمان، تا چ ڕادەیەک بۆتە هۆی وێرانی جیهانی ئیسلام."
وەک ئەبینین، مجد السلطنه ناوی میرزا عینایەت ی نوسخەهەڵگریش هەر بە خوالێخۆشبوو ئەبات و بەم پێیە، نوسخەکە ئەبێ پێش ساڵی ١٣١٦ (١٨٨٩ز)ی نووسرابێتەوە.

٥) نادر میرزا، ڕووداوی پەیوەندیدار بە شێخ عوبەیدیللای خستۆتە دوابەشی کتێبە ناسراوەکەی خۆیەوە.
بڕوانە نادر میرزا، تاریخ و جغرافی دار السلطنه تبریز، با مقدمه محمد مشیری، چاپ سوم، اقبال، تهران، ١٣٦٠هـ، صص ٣٠٤ تا ٣٧٤.
هەر ئەم بەشەی کتێبەکە، جارێکی تر بە ناوی نووسەرێکی دیکەوە بڵاوبۆتەوە. بڕوانە:
اسکندر غوریانس، قیام شیخ عبیدالله شمزینی در کردستان، باهتام عبدالله مردوخ کردستانی، دنیای دانش، تهران، چاپ اول، ٢٥٣٦ شاهنشاهی.

٦) دوکتۆر جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی ١٨٨٠، وەرگێڕاوی دوکتۆر کاوس قەفتان، چاپخانەی الزمان، بەغدا، ١٩٨٧.

٧) بڕوانە: م. س. لازاریف، کێشەی کورد (بەشی یەکەم)، وەرگێڕانی دوکتۆر کاوس قەفتان، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٩، ل.٥٥.



٨) نایب قۆنسوولی بریتانیا لە «وان»ەوە هات بۆ چاوپێکەوتنی عوبەیدیللا، پاش ئەم چاوپێکەوتنە، چەک و تەقەمەنیی بریتانیا گەیشتە دەست هێزەکانی شێخ. بڕوانە کەندال نەزان (کورد لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دا)، بەشێک لە کتێبی:
PEOPLE WITHOUT A COUNTRY,
EDITED BY GERARD CHALIAND, ZED BOOKS,
THIRD IMPRESSION, AUGUST1982

٩) لطفعلی میرزای کوڕی طهماسب میرزای موید الدوله، ناسراو بە ئاغا شاهزادە، کێشکچی وەلیعەهد بوو، بێ هیچ لێهاتوویی‌یەک، تەنیا لەبەر دڵی وەلیعەهد [مظفرالدین میرزا] و بە زەبری بەرتیلی زۆر، کرایە حاکمی سابلاخ.»
لە بیرەوەرییەکانی عباس میرزا. بڕوانە: شرح حال عباس میرزا ملک ارا برادر ناصرالدینشاه، بکوشش عبدالحسین نوائی، انتشاران بابک، تهران، ١٣٦١، ص. ١٥٣.
کێشکچی باشی، ماوەیەک پێشتر ویستبووی هەمزاغا بە دەستبەسەری بنێرێ بۆ تەورێز و ئەمە بووبووە هۆی دژایەتیما هەمزاغا و هەڵاتنی بۆ لای شێخ.

١٠) لازاریف (پێشوو.)

١١) دوکتۆر جەلیلی جەلیل (پێشوو.)

12) PUBLIC RECORD OFFICE, LONDON.

ئەم ناوەندە، شوێنی پاراستنی بەڵگەنامەی نەتەوایەتیی بریتانیایە و فایلەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیاش بەشێک لە بەڵگەنامەی ئەم ناوەندە پێک دێنن.

13) GEORGE J. GOSHEN.

14) EARL GRANVILLE.

15) F.O. 248 376 XC 2572, (NO. 8),
CONSTANTIPOLE, MAy. 3,1881,.

16) CAPTAIN EMILIUS CLAYTON

17) MAJOR TROTTER.

18) F. O. 248 376, XC 2572, ?,
VAN, APRIL,1981,6
AND FO. 248 376, XC2572
(INCLOSURE 1 AND2 IN NO. 7),
VAN, APRIL,1881,12.

19) MR. HUGH WYNDHAM.NO,6.

20) FO. 248 376 XC2572, NO.
ST. PETERSBURGH, JUNE,1881,10.

٢١) بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١٥.

22) CAPTAIN W. EVERETT.

23) EARL OF DUFFERIN.

24) FO. 248 376 XC2572
(INCLOSURE NO. 2),
ERZEROUM, JUNE,1881,9

٢٥) هەمان سەرچاوە.

26) GENERAL G. ABBOTT.

27) FO. 248 376 XC2572 (NO. 1).
TABREEZ, AUGUST1881,11

٣٠،٢٩،٢٨) هەمان بەڵگەنامە.

٣١) بڕوانە: تاریخ افشار، بقلم میرزا رشید ادیب الشعرا، بکوشش محمود رامیان و پرویز شهریار افشار، تبریز، ١٣٤٥، صص. ٥٢٧ تا ٥٨٧. کورتکراوەی مێژووەکەی عەلی خان کە وەک پاشکۆی تاریخ افشار لە دوابەشی کتێبەکەدا لە چاپ دراوە، ناوی «رسالەی شورش شیخ عبیداللە»یە و ناوی نووسەرەکەی «علی افشار»ە. پاشکۆی ناوبراو، هەندێ نیگاری دەستکێشی تێدایە کە شاخ و کێو و گوندی ناوچەی ورمێ نیشان ئەدەن. دەقی ئەم چاپە، هەندێ جیاوازیی لەگەڵ دەستنووسەکە تێدا بەدی ئەکرێ.

٣٢) پاشاخانی مظفر الدوله، نەوەی عەزیزخانی سەردار موکریبوو.

# شیوەنی برا


ژ. گەرمیانی



بۆ کۆچی (نەبەرد جاف) ی جوانەمەرگ

هۆ هۆ برا ، گڕپەی ئاگری دڵم
وەکوو گڕپەی گەرمای گەرمیان
دار و درەخت دەسووتێنێت .
لافاوی خوێناوی دڵم
دیواری سەنگ دەڕمێنێت .
بە هەڵەبجە و بارانی مەرگ
سوێندت دەدەم
مەڕۆ برا
مەمانکە یەکجار ڕەنجەڕۆ .
دەڵێی خوشکێ بۆچی ئاوا پەرێشانی ؟
دەڵێم گڕی ئاگرە وا دەمسووتێنێ .
سەرم سوڕ ماوە چۆن هەتا ئێستا ماوم ..
تۆ یاخی بوویت ، تۆ ماندوو بوویت ،
تۆ ئاوارەی خێڵ بوویت ، ئاوارەی وڵات بوویت ..
بە یاخی بوون و تێکۆشان
سوێند دەخۆم و ڕێگات دەگرم ،
درەختی ئارەزۆکانی تۆ دەڕوێنم ،
بەری دارانت بە مژدە بۆ دەهێنم ..
کە دێمەوە ،
بەرەو گەرمیانی خۆشەویست ..
کە دێم بەرەو مەرگستانی سەیید خەلیل
لە ناو دڵیا
لانەی گیانێکی نەبەردە ،
دەڵێ ئێستا لە کوردستانی ئازادا
بە ئاهەنگی گڕپەگڕپی باوەگوڕگوڕ
ئارام ئارام
وا سەر دەنێمەوە و ئیدی دەحەسێمەوە ،
دەڵێ خوشکێ ئێوەش مەگرین
بۆ گیانێکی نەبەرد مەگرین .





# سێ سەربازی نەناسراو لە جیهانی ڕۆژنامەگەریی منداڵاندا

ئامادەکردنی: کاکەباس


ماوەیەکە لە بەشێکی ئازادکراوی کوردستاندا، لەژێر درەوشانەوەی ڕەنج و قوربانیی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بەرووی زۆرداری و داگیرکردن و چەوسانەوەدا، گەلەکەمان کەوتۆتەوە سەرپێ و چەند سەربازێکی نەناسراو لەگەڵ هەڵهاتنی گزنگی ئازادی و سەربەخۆیی، سەرباری گەلێ ناهەمواری و دژواریی گوزەرانی ژیان و هەموو جۆرە بەربەستێک، جوامێرانە، لەخۆبوردووانە کەوتوونەتە جووڵانەوە بۆ خزمەتکردنی منداڵانی کورد لەرووی فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەرییەوە. ئەمڕۆ ئەم بوارە لەناو گەلانی پێشکەوتوودا ئەگەر بایەخپێدان و لەباوەشگرتنی بارتەقای بوارەکانی دیکەی ژیان نەبێ، ئەوە هیچی لەوان کەمتر نییە. بەڵێ، هیممەت و پێشدەستیی ئەم سێ سەربازە، دەرکردن و بەردەوامبوونی گۆڤاری منداڵانە.

لەباوەشگرتن و بەتەنگەوەهاتنی تێرکردنی خواستە گیانییەکانی منداڵان لەسەر سەکۆی ڕۆشنبیری و پێگەیاندنی پەروەردەیی بیر و هۆشی منداڵ، مایەی بەرچاوڕوونییە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا.

بۆیە ئێمە بە پێویستی دەزانین، ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان، لەنزیکەوە ئەو سەربازانە بناسن، هەریەکەمان لە ئاستی خۆیەوە، دەستی یارمەتی و پشتگیریکردنیان بۆ درێژ بکەین، تا بتوانن، سەرکەوتووانەتر ئامانجی پیرۆزی خزمەتکردن بە زارۆکی کوردەواری بەئەنجام بگەیەنن. بەتایبەت کە ئێمە لە بواری ڕۆژنامەگەریی منداڵاندا بێبەش و کەمئەزموونین.



- هەڵگورد عبدالوهاب
- ١٩٦٦ ناوپردان
- بەکالۆریۆسی هونەری شێوەکاری (زانکۆی بەغدا)
- سەرپەرشتکاری هونەریی پەریستان و پەڕەسێلکە.




پ: تۆ وەکوو هونەرمەندێک کە سەرپەرشتیی هونەریی گۆڤاری پەڕەسێلکە و پەریستان دەکەیت، گیروگرفتە هونەرییەکان چین و چۆن چارەسەر دەکرێن؟

هەڵگورد: گیروگرفتەکان زۆرن لەوانەش:-

(١) نەبوونی کادری پسپۆڕ و ئەکادیمی لە بواری ئەدەب و هونەری منداڵان.

(٢) تێنەگەیشتنی هەندێ لە ئەدیب و هونەرمەندان لە جیهانی منداڵ کە ئەمەش وای کردووە منداڵانیش لە بەرهەمی ئەوان نەگەن.

(٣) نەبوونی ئامێری جیاکردنەوەی ڕەنگەکان لە چاپخانەکانی کوردستان، ئێستا ڕەنگەکان بە ڕێگەیەکی کۆنی لە مۆنتاژ، بە دەست جیا دەکرێنەوە.

(٤) جەنجاڵیی چاپخانەکانی کوردستان بە چاپدانی ئەو هەموو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە زۆرانەی کە ئێستا لە کوردستاندا دەردەچن وای کردووە کە پەڕەسێلکە و پەریستان و هەنگ بە چۆنیەتی‌یەکی هونەریی بەرز دەرنەچن.

پ: هونەرمەندانی کورد زۆر کەمیان لا لە هونەری منداڵان دەکەنەوە، هۆیەکانی ئەمە لە چیدا دەبینی؟

و: ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ:

(١) ئامرازەکانی دەربڕین لە هونەر و ئەدەبی منداڵان جیاوازە لەگەڵ هی گەوران، جا لەوانەیە بە هەموو هونەرمەندێک یان ئەدیبێک نەکرێت بەئاسانی بچێتە ناو ناخ و دەروونی منداڵ و دەرگای جیهانە تایبەتەکەی بکاتەوە.

(٢) زۆر لە هونەرمەند و ئەدیبان بواری ئەدەب و هونەری منداڵان بە کەم یان (عەیب) دەزانن و خۆی لێ نادەن و لەوە دەترسن کە لە پلە و پایەی ئەدەبی و هونەرییان کەم کاتەوە.

(٣) لە کۆمەڵگاکەمان منداڵ خراوەتە پەراوێز و پشتگوێ خراوە، جا زۆر ئاسایی‌یە کە هونەرمەندانیشمان دەوریان هەبێت لەم پشتگوێ خستنەدا.

(٤) زۆر لە ئەدیب و هونەرمەندان تامەزرۆی (زەخمی مەعنەوی و ماددی و ئیعلامین) کە لە بواری منداڵان کەمتر پێی دەگەن.


پ: ترس و فانتازیا و (تشویق) لە ئەدەبی منداڵان چۆن دەبینی؟

و: باوەڕم بەوە هەیە کە پێویستە منداڵ لەڕێی ئەدەب و هونەری منداڵان ڕووبەڕووی ترس و فانتازیا و (تشویق) بکرێتەوە، چونکە هەریەک لەو ئامرازانە هزری منداڵ پاراوتر دەکەن و ئاسۆی بیرکردنەوەشیان فراوانتر دەکات و هیچ زیانێکی دەروونی یان ئەخلاقی بە منداڵ ناگەیەنێ ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی (دیراسە) کراو بەکاربهێنرێت، ئەزموونەکانیش سوواوی و شکستی ئەدەبی کلاسیکی (محافظ)ی سەلماندووە و منداڵانیش دەمێکە لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی ئەوان وەڕەزبوون و گوێیان لێ ناگرن.

لەکۆتاییدا، دەڵێم ئێمە چیرۆکە میللیەکانمان پڕن لە ئامرازی ترس و فانتازیا، جا ئێمە کە کەلتوورەکەمان (کە ڕۆحی میللەتە) ئاوا بێت بۆچ ترسمان لەو ئامرازانە هەبێت، بەپێچەوانەوە پێویستە تا زووە هەوڵدەین ئەو چیرۆکانە سەرلەنوێ بە دەنگ وهەناسەیەکی مۆدێرن و هاوچەرخ بژێنینەوە.

مەولوود ئیبراهیم حەسەن

لەدایکبووی هەولێر ساڵی ١٩٥٣.
دەرچووی زانکۆی بەغدا، کۆلێژی ئاداب، بەشی فارسی ١٩٨٦.
ئێستا سکرتێری نووسینی گۆڤاری پەریستانە.



پ: وەک نووسەرێک دەمانەوێ بەراوردێکی خێرای ئەزموونی خۆتمان بۆ بکەی لەگەڵ کاروانی ڕۆژنامەگەریی منداڵان؟

(١) سەرەتا دەبێ بۆ ئەوە بگەڕێینەوە، کە داگیرکەران لە هەموو کوردستان و لە هەموو کاتێک و لە هەموو پارچەکاندا، بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان بەوە نەداوە، کە ڕۆژنامەگەریی منداڵانی کورد سەرهەڵبدا و پێ بگا، ئەگەر لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی جارجارە لێرەو لەوێ گۆڤارێکی منداڵان، چاوی کردبێتەوە، هەر زوو داگیرکەران، دەستیان لە هەوکی ناوە و خنکاندوویانە، هەر بەهۆی ئەم ڕێگەنەدانەی داگیرکەران، ئێمەی کورد هیچ تاقیکردنەوەیەک و ئەزموونێکمان لەم ڕووەوە نییە.
هەر ئەمەشە وای کردووە، کە نووسەر و هونەرمەند و کادری هونەریی ڕۆژنامەی منداڵان دروست نەبێ و پێنەگا. ئەوە بووە هۆی ئەوەی پاش ڕاپەڕین، لە باشووری کوردستان هیچ دەزگایەک و بنکەیەک و کۆمەڵەیەک نەبێ بۆ ئەوە بتوانن لەسەر ئاستێکی بەرز و تەکنیکی سەردەم، بێنە مەیدانی ڕۆژنامەگەریی منداڵان، ئێمە کە دەستمان پێ کرد، لە عەردێکی وشک و بە دەستێکی بەتاڵ دەستمان پێ کرد!! کارەکە ئاسان نەبوو، ئێستا پاش دوو ساڵ بەردەوامی، هاتوومەتە سەر ئەم باوەڕە، کە ئێمە بەرد دەکوشین!! ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕۆژنامەگەریی منداڵان بەتایبەت، پێویستی بە سەرمایەیەکی زۆر هەیە، جگە لەوەش پێویستی بە چاپخانە و تەکنیکی هاوچەرخ هەیە، بەداخەوە، ئەمانەش جگە لەوەی لە کوردستان بە دەست ناکەون، پەیداکردنیشیان ئاسان نییە!

جگە لەم گرفتانە، بە هەند هەڵنەگرتن و لەپەراوێزدا بینینی ڕۆژنامەگەریی منداڵان لە لایەن لێپرسراو و حزب و هەتا ڕۆشنبیر و هونەرمەند و نووسەرانیشەوە، ئەمەش بۆ خۆی گرفتێکی کەم نییە! زۆر کەس بە چاوێکی کەم سەیری هونەر و ئەدەبی منداڵان دەکەن و پێیان وایە کارێکە ئاسانە و بە هەموو کەس دەکرێ و نووسەر و هونەرمەندی منداڵانیش لە خوارەوەی نووسەر و هونەرمەندی گەورانن، لەکاتێکدا ئەگەر نەڵێم: تەواو پێچەوانەیە، ئەوا، بێشک، هیچی لە هی گەوران کەمتر نییە! بەتایبەت بۆ ئەمڕۆی کورد، دەبێ زۆر گرنگتر و لەپێشتر بێ.
جگە لەوەی بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی منداڵانی جیهان ڕۆژنامەگەریی منداڵانی کوردستان زۆر لە پاشە و لە خانەی نەبووندایە، ئەوا بۆ سڕینەوەی کاریگەریی داگیرکەرانیش لەسەر مرۆڤی کورد دەبێ، بە کوردانە و زانستییانە لە منداڵەوە دەست پێ بکەین.
لە ڕووی چالاکیی ڕۆژنامەگەریی منداڵان، ئێستا لە کوردستان، دەتوانم بڵێم کە سێ گۆڤار بۆ منداڵان بڵاو دەکرێنەوە.


یەکەم: گۆڤاری -پەڕەسێلکە-. ئەم گۆڤارە لە مانگی ١٩٩١/٦ دروست بوو و تا ئێستا (٣) ژمارەی لێ چاپ کراوە. پەڕەسێلکە گۆڤارێکی وەرزیی سەربەخۆیە، لە ڕووی دارایییەوە پشت بە یارمەتیی دڵسۆزان دەبەستێ.
دووەم: گۆڤاری -پەریستان-. گۆڤارێکی مانگانەیە، ئەوە پاش ئەوەی بۆ ماوەی ساڵێک بە شێوەی لاپەڕە هەشت و یان پاشکۆی کوردستانی نوێ هەموو هەفتەیەک دەکەوتە دەست منداڵە خۆشەویستەکان، بە بۆنەی سووڕانەوەی ساڵێک بەسەر دەرچوونیا، بوو بە گۆڤار، تا ئێستا (٣) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.
سێیەم: گۆڤاری -هەنگ-. ئەم گۆڤارە، وەزارەتی ڕۆشنبیری لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوی دەکاتەوە، ئەویش تا ئێستا (٢) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەش لەبیر نەکەین، ڕۆژنامەی -برایەتی- لاپەڕە هەشتی ڕۆژانی هەینیی بۆ منداڵان، تەرخان کردووە، ئەگەر گرفتی چاپخانە نەبێ، ئەم گۆڤارانە دەتوانن، لە کاتی خۆیاندا بڵاو بکرێنەوە.

(٢) ڕۆژنامەگەریی منداڵان بە ڕووە ئەدەبی و هونەرییەکەیەوە، ئەمڕۆ لە جیهان شوێنێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە و زۆر پێشکەتووە، بەڵام، بەداخەوە لەنێو کورد بەگشتی زۆر بە لاوەکی سەیر دەکرێ. ئەوە نەک هەر خەڵکە هەژار و برسی و ڕەشۆکییەکە، بەڵکە زۆر لێپرسراو و کاربەدەست و نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیر و دایک و باوک و مامۆستاش، بوونی ڕۆژنامەگەریی منداڵان بە زێدەمەسرەف دەزانن!! ئێمە ڕۆژانە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە ڕووبەڕوو دەبین، کە بە چاوی کەم سەیری نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی منداڵان دەکەن، بۆیێ ئەو کەسەی ئەمڕۆ بیەوێ لەم مەیدانەدا، واتە دنیای ڕۆژنامەگەریی منداڵانی کورد، کار بکا، با وا نەزانێ، کە بە چەپکەگوڵ پێشوازیی لێ دەکرێ.

ئیدریس لاوە

لەدایکبووی شاری هەولێر ساڵی ١٩٦٧.
دەرچووی زانکۆی بەغدا ،کۆلێژی زانیاری، بەشی فیزیک ساڵی ١٩٩١.
ئێستا نووسەر و پەیامنێری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێیە.



پ: پاش ئەوەی ئێوە دوو ساڵە لە بواری ڕۆژنامەگەریی منداڵاندا کار دەکەن، پێشوازیی منداڵان و خەڵک بەگشتی و ڕۆشنبیران بەتایبەتی چۆن دەبینن؟
- دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١، گۆڤاری پەڕەسێلکە یەکەم گۆڤاری منداڵان بوو کە کەوتە ژێر چاپ و دڵ و دیدەی منداڵانی پێ ڕۆشن بۆوە، ئەم هەوڵەش بە کارێکی پیرۆز دادەندرێ، چونکە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا تا ئێستا دوو سێ گۆڤاری منداڵان بە ژمارە و تیراژێکی کەمەوە دەرچووە، بۆیە پەڕەسێلکە دوای دابڕانێکی زۆر، منداڵی کوردی بەسەرکردەوە و منداڵیش بەشەوقەوە گۆڤارەکەیان وەرگرت و پێخۆشحاڵ بوون، بەڵام بەداخەوە لەبەر کەمیی ژمارەکانی نەیتوانی باڵ لێکدا و لە باوەشی هەموو منداڵێکی کوردا بنیشتێەوە.
دوای ئەوە گۆڤاری پەڕەسێلکە دوو دەستەخوشکی تریشی (پەریستان و هەنگ) بۆ هاتنە نێو دونیای ڕۆژنامەگەری و وایان لە منداڵی کورد کرد کە زیاتر ئاشنایی لەگەڵ گۆڤاری تایبەت بە خۆیان پەیدا بکەن و

ڕۆژانەش چ بە نامە یان بە سەردان پەیوەندیمان لەگەڵدا دەکەن و هەمیشە گلەیی ئەوە دەکەن کە گۆڤارەکان دوا دەکەون یا تیراژیان کەمە، چاککردنی ئەم دیاردەیەش دیارە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە و بۆ کۆسپ و تەگەرەکانی چاپەمەنی دەگەڕێتەوە.

بۆ پێشوازیی خەڵکەکەش بەرامبەر گۆڤارەکەمان، دەکرێ بڵێین کە هۆشیاریی کەسی کورد تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە وەکوو پێویست ڕۆشنبیریی منداڵەکەی پەروەردە بکات، چونکە باوک ، یان بەڕێوەبەری ماڵ، ئەو لایەنەی فەرامۆش کردووە و لاوەکیانە بیری لێ دەکاتەوە، بۆ نموونە زۆر کەمن ئەوانەی کە لەگەڵ دەستی خۆیان گۆڤارێک یا کتێبێکی کوردیی منداڵانە بباتە ماڵەوە. هەروەها هەندێ کەسی تر هەن گۆڤاری عەرەبی بۆ منداڵەکەی دەکڕێ بەوەش ڕۆشنبیریی منداڵەکەی بەرەو ئاقارێکی تر دەبات.

ڕەنگە هەندێ کەس ئەو بایەخ پێ نەدانە بخاتە ئەستۆی بارە ئابوورییەکە، کەچی من دەڵێم لەگەڵ ئەوەی کە بارودۆخی ئابووریی کوردستان نالەبارە، بەڵام لە ماوەی مانگێکدا کڕینی یەک دوو گۆڤار و کتێبێک بۆ منداڵان بە هیچ شێوەیەک لە دەرامەتی خێزان کەم ناکاتەوە، چونکە نرخی گۆڤارێک زۆر کەمترە لەو پارەیەی کە منداڵێک ڕۆژانە سەرفی دەکات، ئەوە لە ڕووی خێزانەوە، بەڵام لە ڕووی دەوڵەتەوە، حکوومەتی هەرێم ئەگەرچی لە سەرەتای دامەزراندنیدایە و گرفتی ئابووریی هەیە، بەڵام هێشتا گرنگییەکی ئەوتۆی بە دونیای منداڵ نەداوە، بۆیە پێویستە شێلگیرانە بیر لە دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە منداڵان بکاتەوە، بۆ ئەوەی بە مافی منداڵی کورد بپێچێتەوە، جا چ لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بێت یا کۆمەڵایەتی، هەروەها پارتە سیاسییەکانی کوردستانیش بە چاوێکی بایەخدارەوە سەیری بوونی منداڵی کوردیان نەکردووە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە لە کاتی هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستان هیچ کامێکیان لە یەکێ لە پەرەگرافی بەرنامەکانیاندا ئاماژەیان بۆ مافی منداڵی کورد نەکردبوو، دیارە لەبیریان نەبووە کە ئەو منداڵە تیشک و دەروونپاکە لە سەردەمی ڕژێم بە هەموو شێوەیەکی ڕاگەیاندن تەنانەت لە قوتابخانەکانیش بیر و ڕەفتاریان ژەهراوی دەکرا.

ڕۆشنبیرەکانیشمان لەو بوارەدا وەکوو پێویست نەهاتوونەتە مەیدان و بەشێکی زۆر کەمیان بەرهەم بۆ گۆڤاری منداڵان دەنێرن، خۆ ئەگەر ڕەوانەشیان کردبێ، ئەوا داوایان کردووە کە لەژێر ناوێکی خوازراوەوە بەرهەمەکەیان بڵاو بکرێتەوە. ئەوەش نەوەک لە ترسی ڕژێم بەڵکوو بە بڕوای ئەو ئەدەبی منداڵان شایانی ئەوە نییە کە ناوەکەی هەڵگرێت. هەروەها تا ئێستا یەکێک لە ڕۆشنبیرەکان نەهاتووە گۆڤارەکەمان کە بۆ منداڵان بڵاو دەکرێتەوە هەڵسەنگێنێ و لایەنی باش و خراپی لێ تاوتوێ بکات.

پ: کاری نووسین لە ڕۆژنامەگەریی منداڵان چۆن دەبینن؟

– بە بڕوای من نووسین بۆ منداڵان زۆر گرانە، چونکە لە گەوران زیاتر پێویستی بە ماندووبوون و هەست و سۆزی ناسک و ڕەوشتی بەرز و دیدی فراوان هەیە، هەروەها نووسەری ئەدەبی منداڵان تا زمانێک دەدۆزێتەوە بۆ تێگەیشتن لە نووسینەکانی پێویستە لە دونیای منداڵ نزیک بێتەوە و بە بەردەوامی لەگەڵیاندا بژیت و ڕەچاوی ئەوەش بکات کە چێژ و زەوقی منداڵ بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە. هەروەها پێویستە شارەزایی لە دەروونناسی و فۆلکلۆر و ڕێزمان و جوگرافیا و مێژوو و ئەدەبی جیهانیی منداڵان و زۆر شتی تر هەبێت، بۆ ئەوەی نووسینەکانی هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە و هەموو بابەتێکی تێدا ڕەنگ بداتەوە نەک وەکوو نووسەرەکانی لای خۆمان بە تەنیا شیعر و چیرۆک بۆ گۆڤاری منداڵان دەنێرن، بۆ ئەو مەبەستە جارێکیان دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی منداڵان ڕیفراندۆمێکی سەبارەت بەو بابەتانە کرد کە منداڵ پێویستە بیخوێنێتەوە، لە ئەنجامدا سەرجەمی ئەو پێشنیارانەی کە لە لایەن منداڵانەوە بۆیان هاتبوو خۆی لە دوو وشەی (هەموو شتێک)دا بینیوە. واتە منداڵ پێویستە لە هەموو لایەکەوە ڕۆشنبیر بکرێت.



# نیشانەیەک بۆ مامۆستای کورد

لە ژمارە ١٦ ی ئەم گۆڤارەدا وێنەی چەند نیشانەیەکمان بڵاو کردەوە کە هونەرمەندان و دۆستانی گۆڤاری مامۆستای کورد ئامادەیان کردبوو. لەم ژمارەیەشدا وێنەی پێنج نیشانەی دیکە بڵاو دەکەینەوە بێناو هێنانی ئەو هونەرمەندانەی دروشمەکانیان ناردووە.















# بانگەوازێ لە گۆڤاری
# ( دیموکراسی )یەوە

بۆ هەموو کوردێکی شەرەفمەند لەهەندەران

خوشک و برایانی خۆشەویست لە هەندەران ! ئەی ئەوانەی کە بارودۆخی نائاسایی لە نیشتمانی خۆتانی دوور خستووەتەوە بەڵام ئەم گەل و نیشتمانەتان هەر لە دڵدایە !

پێتانی ڕادەگەیەنین کە گۆڤاری ( دیموکراسی ) لە ئەیلوولی ١٩٩٣ دا دوو ساڵ لە تەمەنی خۆی تەواو دەکات و پێ دەنێتە ساڵی سێیەم. ئەم گۆڤارە بەرهەمێکی گچکەی ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی بەهاری ١٩٩١ە، هەر لە یەکەم ژمارەیەوە تا ئێستە وەکوو گۆڤارێکی بێلایەن و سەربەخۆ دەرچووە ، وابەستەی هیچ حیزب و ڕێکخراوێ نەبووە .. ئاڵای بەرگریی لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ بەرز هەڵگرتووە ، تەنیا لایەنگری ڕاستی بووە و بۆ سەرکەوتنی ڕاستی نووسیویەتی .. دەنگێکی زوڵاڵی جەماوەر بووە و دژی زوڵم و زۆر و دزی و شرەخۆری و پاشاگەردانی.. کتێبخانەی کوردیی بە بڵاوکراوەی بە کەڵک دەوڵەمەند کردووە و هتد ....

ئەگەر بەم قسانەی ئێمەش باوەڕ ناکەن ، ئەی خوشک و برایانی بەڕێز ، فەرموون ژمارەکانی دوو ساڵی ڕابردووی بخوێننەوە و ئەوسا خۆتان حەکەم بن .

گۆڤاری دیموکراسی نەیتوانیوە بە قەبارەیەکی باش و لە شێوازێکی جواندا دەرچێ، چونکە لە سایەی گرانیی کاغەز و چاپەمەنیدا تەنیا پشتی بە خۆی بەستووە ، نە دەوڵەت و نە هیچ حیزبێ یارمەتیی نەداوە ، مەگەر چەند هاووڵاتییەکی خێرخوا کەمێ یارمەتییان دابێ . زێتر لە جارێ بانگەوازمان ئاراستەی براو خوشکانی هەندەرانیش کرد ، بەڵام بەداخەوە بێسوود بوو.

هەڤاڵان و دۆستانی بەڕێز !

لیژنەی سەرپەرشتیی گۆڤاری دیموکراسی ڕوو لە ئێوە دەکات ، داوای یارمەتیتان دەکات بۆ ئەم گۆڤارە ، هەتا بەردەوام بێ و لە قەبارەیەکی باشتریشدا دەرچێ .. داواتان لێ دەکات کە :

١ـ لیژنەی پشتگیری لە گۆڤاری دیموکراسی لە نێو خۆتاندا دروست کەن .

٢ـ دەنگ و باس و وتار و ڕەخنە و پێشنیازی بۆ بنێرن .

٣ـ هەر کەس بە پێی توانا یارمەتیی ماددیی بۆ بنێرن یان بیخەنە حیسابی بانکی دیاریکراو. چاوەڕوانی پشتگیریتانین بۆ گۆڤاری دیموکراسی ، بە هیوای بەختەوەریی ئێوە و سەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستاندا .

لە ئەندامانی لیژنەی سەرپەرشتیی گۆڤاری دیموکراسی: بەهادین نووری . قادر میرزا کەریم . دڵشاد ڕەشید . بەکر حەسەن . برایمی خەیات . شازاد ئەنوەر.

کوردستانی عێراق
کۆتایی ئابی ١٩٩٣





# مردنێكی باش

# ( پیاوێک ، تفەنگێک )

گلیبەرت گراوس، مارتی ١٩٨٥
وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە :
ئامانج شاکەلی

حەمید دەیڕوانییە ئەو چراخانە درەوشاوە زەبەلاحەی کە بەسەر سەربانە تاریکەکاندا جۆلانەی دەکرد . هەڵا و زەنای چاخانە و ژاوەژاوی سەماگاکان ، هۆڕن و فڕەی ئۆتۆمبیل ، تەقەتەقی یەک نەواو لە ناکاوی شەمەندەفەرێکی باری کە بەسەر پردە بەرزەکەدا تێدەپەڕی ، ئاوێتەی یەکتر دەبوون و لە پەنجەرە نیوە کراوەکەوە دەهاتنە ژوورێ . کزەبای سارد ڕوومەتە سوور هەڵگەڕاو و پفڵەکەی حەمیدی دەسمی ، لە تاواندا نێوچەوانی پێکدا دا. لەدوورەوە دەنگی شووتی ئۆتۆمبیلێکی پۆلیس دەهات. شووشەی چاوێلکەکەی بۆ ساتێک هاڵاو گرتنی و بەرچاوی تاریک بوو.

« ناگریم » لە دڵی خۆیدا گوتی « ئەز نامەوێ بگریم »

« ئەمە یانی چی ؟ » دەنگێکی ناساز لە پشتیەوە زریکاندی « خێرا ئەو پەنجەرەیە پێوەدە ! » . سستەری ئێشکگر هاتبووە ژوورێ . حەمید ڕاچەڵەکا، ئاگای لە هاتنەژوورەوەی سستەرەکە نەبوو، زۆری ڕق لێ دەبۆوە ، لە دڵی خۆیدا گوتی « دەعەجان ! بە خۆو سەرپێیی‌یە شرەکانیەوە لە جرت و فرت ناکەوێ ، پووش لە کا دەردەکات ! » فرە لە چاوە تووڕەو مۆڕەکانی دەترسا ،

چاوی چەپی شووشە بوو ، سارد و سڕ و بێبەزەیی‌یانە نیگای چەقاندبووە نێوچەوانی حەمید و بە چاوە ساغەکەشی ژوورەکەی پایماڵ دەکرد . « ئەو پەنجەرەیەت بۆ کردبۆوە؟ » حەمید بێ ئیرادە پەردەکانی دادایەوە ، « ئەو گوتی » و لەهەمان کاتدا چاوی بڕییە قاپی میزتێکردنی دەستی سستەرەکە ، لە ژێر نیگا تیژەکەیدا شڵەژابوو. کرمێکی چەوری ، ئاوساوی لینج لەژێر پارچە شووشەیەکدا .

– کێ گوتی ؟

– باپیرم !

چاوی حەمید بەسەر جەستە گرمۆڵە بووەکەی سەر تەختەکە مۆلەق بوو، جەستەکە تەنها سەری بەدەرەوە بوو ، سۆندەیەکی باریکی ڕوون لە کونەلووتیەوە هاتبووە دەرێ و ئەوسەرەکەی بە شووشەیەکی پڕ لە زەرداوی لینجەوە بەسترابوو . باسکی چەپی سرومی خوێنپێدانی پێوە بەسترا بوو و ئەوی ڕاستیشی شین هەڵگەڕاو و ئاوساو و بە لەفاف پێچرا بوو.

« باشترە لە جیاتی درۆکردن تۆزێ یارمەتیم بدەیت ، دەبێت دەستووری بکەم » پیرەمێردەکە ئەو کاتە لەسەر تەختەکەی کەوتبووە خوارێ و دەرزیی سرومەکەی لە خوێنبەر ترازابوو و سستەری سەرلێشێواو بە ئاسانی خوێنبەرەکەی بۆ نەدەدۆزرایەوە و پەڵەیەک خوێن لەژێر باسکی پیرە مێردەکەدا بڵاو ببۆوە.

سستەرەکە بە ڕقەوە گوتی : « بە تۆمە درۆزن ! خۆ ئەو قسەی پێ ناکرێ ، تەنانەت ناشتناسێتەوە. »

حەمید چاوقایمانە وەڵامی دایەوە .

« چۆن نامناسێتەوە؟ ! باوەڵێی خۆمە ! » ئەمجا سەبرۆکە دەستی وە بن باڵی پیرەمێردەکە ناو لەسەر پشت ڕایکشاند . لەو کاتەدا کراسی پیرەمێردەکە تا سەرسنگی هەڵکشا، حەمید لە چاو تروکاندنێکدا جەستەیەکی لاوازی شینهەڵگەڕاوی چاو پێ کەوت، ورگی وەک هەمبانە ئاوساو بوو و لەژێر ناوکێوە دوومەڵێک هەڵتۆقیبوو ، خوارتریش جووتە گونی ساف و تووک هەڵوەریوی چرچ و لۆچ ، حەمید گورجێ ڕووی وەرگێڕا .

جەستەی پیرەمێردەکە وەک ماسی لووس بوو و چەرچەفەکەش شێدار. پیرەمێردەکە تەقەلای دەکرد دەست و پێی ڕابوەشێنێ ، حەمید بەدەم هەناسەیەکی قووڵەوە گوتی « ئەز پێم ڕاگیر ناکرێ ». سستەرەکە لەو کاتەدا کووڕ بووبووەوە و سواری سنگی پیرەمێردەکە بووبوو. حەمید بە ترسەوە ڕامابووە برینە قووڵ و هەوکردووەکانی سەر سمتی باپیری . سستەرەکە دەرزیی سرومەکەی چەقاندەوە باسکی پیرەمێردەکەدا ، پیرەمێردەکە پڕبەدەم ناڵاندی. سستەرەکە قیژاندی

« توند ڕایگرە » ، پیرەمێردەکە بێ نێوبڕ دەیناڵاند ، هەناسەی سوار و چاوەکانی ئەبڵەق و ددانەکانی لێک دەقرساندن.

سستەرەکە بە دەنگێکی ماندوو گوتی :

« چیی دەوێ ؟»

« کڵاوەکەی دەوێ »

« دە بۆی بهێنە ، خێرا! »

حەمید چاوی لێی بوو لینجاوێکی زەرد لە نێوان سمتەکانی باپیرەوە داچۆڕا، پڵتەیەک هات ، حەمید شڵەژا ، بەڵام پڵتەکە لە زاری پیرەمێردەکەوە هات ، بەسەر سنگ و بەرۆکی خۆیدا ڕشایەوە .

سستەرەکە بە ڕق و بێزەوە هاواری کرد :

« توند ڕایگرە، شەیتان بە لەعنەت بێ ، توند ڕایگرە »

پیرەمێردەکە هەرچی لە هەناودا بوو بەسەر دۆشەکی خەستەخانەکەدا هەڵهێنایەوە. حەمید

لە هەژمەتان گەرم داهات ، قیڕاندی :

« لێی گەڕێ !» و گوتیەوە « لە باپیرەم گەڕێ » سستەرەکە پالێکی پێوە ناو بە سەریدا قیژانـــدی

« جەنابت بۆ دەرەوە دەی ! کاتی سەردان دەمێکە بەسەر چووە !».

[ ئەپارتمانەکەمان پشکنی تفاق و مۆبیلەی کەمی تێدا بوو لە دۆلابێکی جل و بەرگی نێو ڕاڕاوەکەوە بۆگەنێکی شیرینی لە بۆنی گوڵەباخی گەنیوچوو دەهات کیسەیەکی لاستیکینی پڕ لە لەتەگۆشتی گەنیوی تێدا بوو من دەست و مەچەکی ژنێکم تیا دۆزییەوە چونکە بازنە و موستیلەی زۆری پێوە بوو هەروا پارچەیەک ئێسقانی ڕان بەڵام سەرەکەی دیار نەبوو گوتم ئەدی سەرەکەی کوا پیرەمێردەکە بەرەو مۆبەقەکەی بردم سەرقاپی مەنجەڵێکی لادا گوتی چەند ڕۆژان لەسەر یەک ئاگری وەژێر داوە بۆ ئەوەی بکوڵێت و بۆ خۆشی لەگەڵ سەگەکەیدا چووبوو بۆ پیاسە چونکە سەرەکە بەو ئاسانییە نەدەکوڵا ژنەکەم فرە ڕقی لە سەگەکەم دەبۆوە بڕوا فەرموو سەگەکەم تا بڵێی سەگێکی ژیر و گوێڕایەڵە بەڵام لەگەڵ ژنەکەمدا نەدەگونجا پیرەمێردەکە بۆی گێڕامەوە کە چەندی زەحمەت لەگەڵ تاقەت کردنی گۆشتی لەشی ژنەکەیدا کێشاوە سەرەتا ویستبووی لەتە گۆشتەکان وەدەم ئاودەستەکەوە بدات بەڵام لە ئاوەڕۆی خانۆکەدا گیر مابوون و دراوسێکانیش کردبوویان بە بۆڵە بۆڵ گۆشتەکەی فرە جیڕ و ڕەق بوو زۆر بە گرانی بۆی لەت کرابوو بە پەنا دیوارەکەدا لاشەکەی ڕاگرتبوو پارچەپارچە گۆشتی لێ کردبۆوە ].

دایکی حەمید سەرپۆش بەسەر لەسەر نوێنەکەی ڕاکشابوو و بە دەم ناڵەناڵەوە لاقی خۆی دەشێلا ، لاقی هێندە سارغی تێوە پێچرا بوو وەک لاقی فیل قەڵەو و زل دەردەکەوت . « قوڕی کوێ بەسەردا بکەم ! » ناڵاندی ، حەمید بە ڕوویدا هەڵشاخا « کەم بە تورکی قسان بکە!» دایکی دەستی پێ کردەوە « کەی لەکۆڵ دەبێتەوە و هەڵدەترۆپێ ! چەندێکە لەو خەستەخانەیە کەوتووە! دەزانی، دوو مانگ ! جا من ئەو گشتە پارەیەم لە کوێ بوو ؟ ئێمە کرێی خانووەکەمان پێ نادرێ ، سەری ئەم مانگە ئەگەر کرێی خانوو نەدەین شرۆشیتاڵمان داوێنە سەر شەقام ».

حەمید بێبەزەیی‌یانە تەماشای ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاو و ئاوساوی دایکی دەکرد ، ئەو تەنها جارێک بۆ سەردانی باپیرە چووبوو بۆ خەستەخانە و ماوەیەک لەوێ مابۆوە ، بە درێژایی ئەو ماوەیەش دەستەسڕێکی بە لووتەوە گرتبوو ، کاتێکیش لەپڕ دەستی وەبەر چەرچەفەکان کەوتبوو خێرا چووبووە دەرێ و دەستی شوشتبوو ! « ئەگەر باوکت لێرە دەبوو » سەر لە نوێ هەڵی دایێ « جا بەچاوی خۆی ماڵ و گوزەرانەکەمانی دەدیت . بێویژدانە ئێمەی لێرە بە جێ هێڵاوەو بۆ خۆشی کەس نازانێ لە کوێ ملی شکاندووە».

حەمید دەیویست سیمای باوکی بهێنێتەوە یاد . بەڵام سیماکە ساڵ لەدوای ساڵ کاڵتر دەبۆوە. ئەو تەنها بۆنی تووتن و ئارەقەی باوکی دەهاتەوە یاد ، هەروا دەنگە قرخن و بڵمەکەی کە دەیگوت « کەم بووەڕە زلحیز ». حەمید شەڵاڵی ئارەقە بووبوو، دڵۆپەی ئارەقە لە ڕوومەتیەوە دادەچۆڕایە سەر لێواری ئاودەستەکە ، ژووری ئاودەستەکە گەرم و شێدار ، برسی بوو ، لە گیرفانەکانیدا بۆ شتێک دەگەڕا بیخوات ، بەڵام گیرفانەکانی بەتاڵ بوون ، دوو سێ سەعات پێشتر بابۆڵەکەی خواردبوو. قورس و گران لەسەر ئاودەسەکە دانیشت ، لە هەژمەتان سکی دێشا ، لە داڵانەکەوە دەنگی پێی سستەری ئێشکگر دەهات . لە دڵی خۆیدا گوتی « نەخۆش نەکەوی هەتیو ، بە



تایبەت لەم کاتەدا نەخۆش نەکەوی !». نینۆکبڕەکەی لە گیرفانی چاکەتەکەی دەرهێناو نووکی بڕبەندەکەی توندتوند ژەندە ورگە بەسەر قایشی پانتۆڵ داچۆڕاوەکەیدا . « زلحیز » بەڕقەوە گوتیەوە « زلحیزی بۆگەن » لەو دەمەدا پێی وابوو کە باوکی ڕێک لە تەنیشتی ڕاوەستاوە.

[ ئێمە جەستەکەمان خستە سەر دار تەرمەکە هەلاهەلا کرابوو بەجگەرە سەرسنگ و سکی سووتێنرابوو باسکێکیشی شکێندرابوو هەر دەیان پێکەوە لە فارگۆنی میترۆکەدا بوون کاتێک گەیشتبوونە وێستگەی باشوور کەس گوێی نەدابوونێ جگە لە حەسحەسێکی خانەنشین نەبێ ئەو گێڕایەوە کە کچەکە خۆی لە کوڕگەلەکە هەڵدەسوو و گەمەو گاڵتەی لەگەڵ دەکردن لەپڕ ئەوان پەلاماریان داو توند گرتیان یەکێکیان چەقۆیەکی پێ بوو دەستی کچەکەی بادا و لەسەر گازی پشت ڕایخست هەتیوێکی دیکەشیان دەرپێکەی لە پێ داکەند کابرای خانەنشین گوتی من پێم وایە چەتیوە بۆ خۆیشی کەیفی لێ بوو چونکە کوڕگەلەکە خەریکی بوون هیچ نەیقیژاند و پەلی نەهاوێشت ئەگەر بڵێم هەرچی ژن هەیە قەحپەن دەمکەن بە کێودا بەڵام ئەلهەقی ئەوان هەمیشە دەیانخورێ ].

پیرەمێردەکە بە پڵتەپڵت گوتی « هیزە خەوت لێ نەکەوێ ، ئەگەر منیش خەوم لێ کەوت تۆ دەبێ یەکسەر وە ئاگام بهێنیتەوە » حەمید ڕامابووە ڕوومەتی لاواز و ڕەق هەڵاتوو و چاوی درشت و دەرپۆقیوی باپیری. چاوێکی تانەی بەسەرەوە بوو، لە کونەلووتیەوە بڵقە چڵمێک هەڵتۆقیبوو . پیرەمێردەکە پرسی « ڕوومەتم چییەتی ؟ دەڵێی نیوەی ڕوومەتم مردووە » تووک مانا بەلەشیەوە نەمابوو ، تەنانەت برۆ و موژەکانیشی هەڵوەریبوون . لەسەر دۆشەکێکی تایبەتیی سپرینگدار ڕاکشابوو ، چەند سەرینێکی لاستیکیان وە ژێر ئەژنۆ و پاژنەی پێی نابوو. چەرچەفەکەشی بە ئەڵقەو قولاپ بە بەرزەوە بەسەر جەستەیدا ڕایەڵ کرابوو. بەڵام پاش دوو مانگ ئیدی بەتەواوی لە پەل و پۆ کەوتبوو.

هاواری کرد « سووتام ، ئاگرم تێ بەر بوو » دە دەقیقە بێوچان ناڵاندی تا دەرزیی مۆرفینەکە کاری خۆی کرد ئەوجا خاو بۆوە . ئەو دە دەقیقەیە بە لای حەمیدەوە بە چەند سەعاتێک چوون . خوێنبەرەکانی پیرەمێردەکە ئاوسابوون و ڕەق هەڵاتبوون و بە زەحمەت خوێنی ناو سرومەکەیان بۆ ڕادەکێشرا ، بۆیە گەڕی خوێنەکە هێندەی دی ئازاراوی بوو. سستەرەکە شاتاندی « ئەمە شێتە، شێتی پەتەڕی، وا خەریکە لە تەختەکە دابەزێ و بچێتە دەرێ . هەر منجەمنجێتی ، دەڵێ چی ؟ من لێی تێ ناگەم حەمید چاکی لێ تێدەگەیشت « بەرمدە . خێرت دەگاتێ ، تفەنگەکەم وێدە » . بەڵام ئێدی لەم وڵاتە تفەنگ دەست ناکەوێ ، ئەوان حەوت ساڵان پێشتر تفەنگەکانیان لە کوردستان بە جێ هێڵا بوو ، لێرە کەس تفەنگی نییە.

قیت لەسەر کورسییە سووکەڵەکەی تەنیشت تەختەکە دانیشتبوو و بۆ تاوێکیش چاوی لە لووتی زل و قوڵنگیی باپیرەی هەڵنەدەبڕی ، ئەوە تەنها بەشێکی جەستەی باپیرەی بوو کە لە تاریکییەکەدا فەرقی پێ دەکرد. زاری ئاوەڵا بوو ، مشەمشی لووتی تەنها نیشانەی زیندوویی جەستەکە بوو . ژوورەکە کپ و کڕ، لە ڕاڕەوەکەوە دەنگی کزی گسکێکی کارەبایی دەهات . حەمید لە دەنگی تەقەی تفەنگێکی ڕاوی ڕاچڵەکی . ئەودەم حەوت ساڵان بوو ، بەرانە کێوییەکە لە ئاقاری دارستانەکەدا وەستابوو ، ئەمان زۆر بە چاکی دەیانبینی ، هاڵاوی دەمی تێکەڵ بە هەوای سارد و سازگار دەبوو. باپیرە هێشتا هەناسەبڕکێی پاش سەرکەوتنی هەورازە بچووکەکەی لە کۆڵ

نەکەوتبوو، بە کاوەخۆ قونداغە زیوینەکەی ڕاوییە دوو لوولەکەی لە شان توند کرد و لەگەڵ دەستی پێدا هێنا بەرانە کێوییەکە وەک کەرتەشاخ کەوتە سەر بەفرەکە و بەبێ جووڵە و لنگەفرتێ لە جێی خۆی خپ بوو. حەمید و باپیرە چەند لقەدار بەڕوویەکیان بڕی و خشخشۆکەیەکیان لێ دروووست کرد ، ئەگەرنا کەلەشی قورسی بەرانە کێوییەکیان بۆ نەدەبرایەوە. پاشان لەوسەرەوە بە بێ دەنگی ، بە دەم نان خواردنەوە تەماشای دیمەنی زەریاچەکەیان کرد ، وەک ئاوێنەیەکی شینی بریسکاوە دیاربوو ، لێرەو لەوێ کەرتە سەهۆڵ خۆیان بە کەنارەکانیدا دەدا. هاژەی بەفراو و ڕەشایی لاشانی کێوەکان و پەڵەپەڵەی سەوزەگیا مژدەی بەهاریان دەدا. حەمید لەژێر داربەڕوویەکدا سمۆرەیەکی چاو پێ کەوت .

باپیرە گوتی « ئادەی پێوەی نێ !» . حەمید لەمێژ بوو خەونی بەوەوە دەبینی . بەگرانی تفەنگە قورسەکەی هەڵبڕی و لەگەڵ ناڵەکەیدا بۆخۆشی لەسەر گازی پشت کەوتە سەر بەفرەکە ، باپیرە دایە هاڕەی پێکەنین ، حەمیدیش پاش تاوێ لە حەپەسانەکەی ڕەخسا و دەستی بە پێکەنین کرد تا فرمێسک زایە چاوانی .

باپیرە چاوی بڕییە نشێوەکە و گوتی « خۆزگە کاتی مردنم هەر لێرە بارگەم تێوە پێچابا، وەک باوکم ، ڕۆژێکیان باوکم لەپڕ گوتی دەمەوێ وەسەر ترۆپکی چیاکە کەوم . جا پاڵتۆ ڕەشە درێژەکەی لەبەر کرد ، من و براکانیشم بە کورسیەکەیەوە هەڵمانگرت و بە چیاکەدا هەڵگەڕاین تا گەیشتینە ئێرە، باوکم بە کەیفەوە لەسەر کورسییەکەی دانیشت و ڕامایە گوندەکەمان . ڕۆژێکی خۆرەتاو بوو، ئێمەش گۆشتی سیخورەمان دەبرژاند ، کە لێ بووینەوە زەینمان دایە وا لە جێی خۆی وەک خەوی لێ کەوتبێ لێ بۆتەوە ». بەتڵێکی شەو بەسەر چووبوو ، بەڵام حەمید هێشتا بێدار بوو ، برسیشی نەبوو . لە کەلێنی دەرگاکەوە چاوی لە سستەرەکە بوو لە ڕاڕەوەکەدا ڕاوێچکەی دەکرد . ورتە لە هیچ لایەکەوە نەدەهات ، تەنانەت شەقامەکانیش چۆڵ و هۆڵ. هەستی بە تەنهایی‌یەکی بێئامان کرد ، دەیزانی ئێستا دایکی لە ماڵەوە بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەم دەکات . لەوەتەی باوکی گەڕاوەتەوە تورکیا و ئەمانی لێرە بە بێدەرامەت بە جێ هێڵاوە ، ئیتر دایکی ئاگر دەکاتەوە و قسەی لەگەڵ ناکرێ .

« ئەمە چ بەزمێکە لە کەللەی داوی ؟ هەر تۆم مابووی فەرموو تۆش برۆ ، بێکەس و پەنا لەم غەریبایەتییە بە جێم بهێڵە توتکە سەگی گڕوێ ».

حەمید گوێی نەدایە قسەکانی دایکی ، زایەفەیەکی ئەقڵ لە داوێن چی دەزانێ ؟ ئەمە کاری پیاوانە و تەنها هەر خۆی دەیتوانێ، باپیرە وای دەوێ ، هەرچەند تفەنگی نەبوو ، بەڵام پیاو بوو و دەشچووە سەر ترۆپکی چیاکە .

[برینی چەقۆ گۆشتی لینج و سوور وەک گۆتی ئاژەڵ من ئیتر بێز لە هیچ ناکەمەوە پیاوەکە لە ئۆتۆمبیلەکەیدا دانیشتبوو هێشتا نەکوژابۆوە کەسێک دەرگاکەی کردبۆوە داوای پارەی کردبوو پێنج چەقۆی لە ورگی پیاوەکە دابوو تۆ بڵێی وا ڕووی دابێ هیچ شوێنەوارێکی تاوانکارەکەمان پێ نەدۆزرایەوە جووتێ کاڵەی شیری ژمارە ٣٦ نەبێ تۆزێ ئەولاتر لە گۆشەیەکی شەقامەکەدا بە جێ مابوون تۆ بڵێی لە کاتی هەڵاتنیدا بە جێی هێڵابن بەڵام ژمارە ٣٦ و پێی کەسێکی شەڕانییان نەگوتووە دیسان شتێکی سەیر کێری پیاوەکە لە کونی زنجیری پانتۆڵەکەیەوە شۆڕ ببۆوە و بەدەم گیان دانەوە تۆماوەکەی وە ژێر خۆی کردبوو هەندێ کەس دەڵێن زۆر کەس دەستپەڕیان لە



گانی ژن پێ خۆشترە لە دڵی خۆمدا لێکم دایەوە پێی دەچێ بۆ خۆ حەواندنەوەی پیاوی ڕەبەن خراپ نەبێ ].

تیشکێکی چڵکنی لە داچۆڕانی زەردێنەی هێلکە چوو، بەسەر سەربانەکەدا دەکشا . بەیانییەکی سارد و خەمناک بوو. حەمید لەبەر پەنجەرە وەتاک کراوەکەدا هەڵدەلەرزی. لە خوارەوە بەسەر شەقامەکەدا تاکسییەک بەدەم زریکەی پێچکەکانیەوە ئاژوای و بە دەوری تانکیەکی پڕ لە زبڵ و زوێڵی ناوەندی چوار ڕیانەکەدا خولایەوە. لە دوورەوە مڕەو میاوەمیاوی شەڕە پشیلەیەک دەهات. حەمید بەدەم باوێشکەوە بەرەو تەختەکە چوو . گورجێ دەرزیی سورمی خوێنەکەی لە باسک و سۆندەکەی لە لووتی پیرەمێردەکە بەزەحمەت دەرێنا ، لووتی باپیرە خوێنی لێ هات. حەمید چپاندی « هێدی باپیرە » و تەوێڵە بە ئارەقە تەڕبووەکەی بە دەسماڵێکی تەڕ دەهەندوو ، باپیرە گلماندی « تینوومە ، شتێکم بدەرێ بیخۆمەوە » . ئێستا زۆر بە خێرایی دەبوو بە ڕۆژ. حەمید لە هەموو لایەکەوە گوێی لە جریوەی مەلان بوو، دەیزانی کاتی کەم بەدەستەوە ماوە ، چووە بن باڵی باپیری و لە تەختەکەی هێنایە خوار، چاوەکانی زاق و وەهەناسەبڕکێ کەوتبوو. جەستەی پیرەمێردەکە باوەشێک ئێسک و پروسک بوو کەچی تا گەیاندییە کەنار پەنجەرەکە هەناسەی سوار بوو ، باسکی زریکەی هاتێ و پیرەمێردەکەی لە باوەش کەوتە سەر زەوییەکە و پڕ بەدەم زریکاندی . حەمید دەستی نایە سەر زاری و لێ نەگەڕا دەنگی دەربچێ. چاوێلکەکەی لەچاو کەوتبوو و بەچوار دەوری خۆیدا پەلی دەکوتا ، ئاخر حەمید بەبێ چاویلکە هیچی نەدەدیت . بە پاڕانەوەوە گوتی « بێدەنگ باپیرە ، بێدەنگ » چاوەکانی پیرەمێردەکە میزراح ئاسا دەخولانەوە ، دەیویست شتێ بڵێ، بەڵام دەنگی هێندە کز بوو کە حەمید بە ئاستەم لێی تێدەگەیشت

« سندووقەکە » پیرەمێردەکە گلماندی.

« کام سنووقە ؟ »

« دەیانەوێ لە سندووقێکم باوێن ، ئەز ناخوازم بخرێمە ناو سندووقەوە »

حەمید ددانەکانی لێک قرساند و گوتی « لێ ناگەڕێم باپیرە ! » و بە پاڵێک پیرەمێردەکەی ڕاست لە کەناری پەنجەرەکەدا ڕاگرت ، با پەردەکانی بە توندی دەشەکاندەوە ، حەمید چاوەکانی داخست و تا سێی ژمارد .

[دەستو لاقەکانی لێرەو لەوێ بەسەر شەقامەکەدا بڵاو ببوونەوە بەرزایی دوانزە قات گاڵتە نییە لە ژوورەکەدا کوڕێژگەیەکی تورکی قەڵەومان بینی تەمەنی ئاوا چواردە ساڵان دەبوو تۆقابوو چەندی کردمان و کڕاندمان قسەی پێ نەکرا تا حەزکەی برسی بوو دوو سێو و لەتە کولیچەیەکم داپێی بە پەلە هەڵیلووشین کاتێکیش هاندریکسی هاوکارم بە کیسەیەکی پڕ لە خواردەمەنییەوە هاتە ژوورێ کوڕە ئەوانیشی ئاودیو کرد پاشان باسی هەندێ شتی وەک چیاوبەفری کرد و گوتی من پیاوم منیش شەقێکم لە گوندێنی هەڵداو گوتم دیارە ئێمەش هەر وا مامەڵەت لەگەڵ دەکەین ئەو لەسەر زەوییەکە گرمۆڵە بوو گوتم چاوت لێیە هێشتا فرەت ماوە ببی بە پیاو زلحیز ئەو دەم وەک سەگ دەستی بە گریان کرد ].

* تێکستی ناو کەوانەکان یادداشتی پۆلیسن ، نووسەر بۆ ئەوەی بە بێ هەست و گیان دەریان بڕێ ، بێخاڵ و نیشانە نووسیونی و جگە لەوەش بە ئەنقەست لە بارەی ڕێزمان و ڕێنووسەوە هەڵەیان تێدایە . بە پێی توانا هەوڵم داوە مەبەستی نووسەر لە وەرگێڕانەکەدا بهێنمە دی

( وەرگێڕ )

## گیلبەرت گراوس

Gilbert Grauws

لە ساڵی ١٩٥٣ لە برۆکسل بەلچیکا لە دایک بووە . دوکتۆری فەلسەفەیەو ئێستا وەک ڕۆژنامەنووس لە بەشی وەرزشی ڕۆژنامەی هۆڵەندی زمانی بەلچیکی ستاندارد کار دەکات.

گراوس لەنەتەوەی فلامی یە و بە زمانی هۆڵەندی « دەچ » دەنووسێ. ساڵی ١٩٨٨ یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بە ناونیشانی جۆلانەی تووتی بڵاو کردەوە، پاش سێ هەفتە خەڵاتی NCR ی پێ بڕا. ئەو خەڵاتە لە لایەن کۆمپانیایەکی کۆمپیوتەرەوە دەدرێ و لە ڕووی نرخەوە بە بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی لە سنووری زمانی هۆڵەندی لە بەلچیکا لە قەڵەم دەدرێ. دەستەی داوەرانی خەڵاتەکە کتێبەکەی گراوسیان لە ناو ٧٤ کتێبدا هەڵبژارد.

گراوس دەڵێ :

« چیرۆکەکانم سادە و بێپەردەن ، چونکە ئەز دیاردە زەق و ناقۆڵاکانی ژیان هەڵدەبژێرم. ناونیشانی کتێبەکەم خەیاڵپڵاوی کابرایەکی شێتۆکەیە . خەڵات کار ناکاتە سەر ڕەوت و شێوازی نووسینم . ژیانی ئەدەبی لە ئاست تەماعدا نابینایە. لەڕاستیشدا زۆریش حەز لە نووسین ناکەم ».

هەر لە هەمان کاتدا کتێبەکەی گراوس خەڵاتی « کۆمەڵەی نرخاندنی کتێبی فلامی » ی پێ بڕا. ڕۆژنامەی ستاندارد لە ژمارەی ڕۆژی ١٢/ ١٢/١٩٨٨ دا نووسیویەتی ؛ « گراوس بە بڵاو کردنەوەی یەکەم بەرهەمی ئەدەبی بە ئاسانی جێگای خۆی لە کۆڕ و کۆمەڵی ئەدیباندا گرت و خۆی بە جیهانی ئەدیبان ناساند ».

دووەم بەرهەمی گراوس ڕۆمانێکە بە ناوی « خەونی خنکاو . کەناری لە دەست چوو » کە ساڵی ١٩٩١ بڵاو بۆتەوە.